WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (343)   دووشەممە 2015/1/19   29ی بەفرانباری 2714   (750) دینار

## گۆڕی 400 "سەحابی" لە هەولێرن

**رووداو- هەولێر**

لیژنەی فەتوای کوردستان لە وەڵامی نامەیەکی (رووداو)دا دەڵێت "گۆڕستانەکانی شاری هەولێر، گۆڕی زیاتر لە 400 سەحابەی شەهیدی تێدایە کە لەسەردەمی فەتحی قەڵای هەولێر شەهید بوون ئەوکاتەی لەژێر دەستی رۆمەکاندا بووە". لیژنەکە رازی نین ئەو گۆڕانە دەستکاری بکرێن کە هەندێکیان کەوتوونەتە ناوجەرگەی بازاڕی هەولێر و لەسەر شۆستەی شەقامەکان و ناو قەیسەرین.



خەڵکی هەولێر بەوانە دەڵێن گۆڕی "پیاوچاکان". پێشنوێژ و گوتاربێژی یەکێک لە مزگەوتەکان دەڵێ "خۆم ئاگادار بووم کە چەند جارێک شۆفڵ لەو گۆڕانەی داوە و شۆفڵەکان شکاون"، بەڵام دکتۆر بەشیر حەداد، وتاربێژ و پێشنوێژی مزگەوتی جەلیل خەیات، باوەڕی بەوە نییە و دەڵێت "بەردی رەشی کەعبەی پیرۆز دزراوە و شکێنراوە، چەندین مزگەوت تەقێندراونەتەوە، بەڵام نەمانبینی کەس دەستی بشکێ".

شارەزایەکی شوێنەواریش دەڵێت "خەڵکی هەولێر بەرگرییان لە خاکی خۆیان کردووە و ئەوانەیان لەشەڕی بەرگریدا کوشتوون".

16 »

### لە کانتۆنی جزیرێ سیمکارتی تورکی متمانەی زیاترە لە سیمکارتی کوردی

9

سەعدی پیرە:

### یەکێتی 13 هەزار پێشمەرگەی لە دەڤەری شنگال هەیە

5

### پێشمەرگە دوو سۆماڵی دەکوژن

18

بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئێزدییەکان لە شنگال:

# PKK و یەکێتی پشتگیریمان دەکەن



« 3

نازانرێت پارەکە چی لێهاتووە

## عەبادی 2.6 ملیار دینار بۆ چەکدارانی ئێزدی خەرج دەکات



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

## عەمیدێکی پێشمەرگە بێسەروشوێن دەبێت



**ڕووداو- دهۆک**

عەمیدێکی پێشمەرگە لە ڕۆژی شەممەی ڕابردووەوە بێسەروشوێنە و پۆلیسی دهۆکیش هیچ زانیارییەکی نییە. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دهۆک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "عەمیدێکی پێشمەرگە بەنێوی عەمید ژاڕۆ دهۆکی لە ڕۆژی شەممەوە لە ناو سەنتەری شار بزربووە و پۆلیسیش نازانێت لە کوێیە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی لە گەڕەکێکی سەنتەری شار بینراوە و چەکەکەشی تێدا جێماوە". عەمید ژاڕۆ دهۆکی کە بەرپرسی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی فەرماندەی دهۆکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. دوای دیارنەمانی ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر شەقامی (بارزان) لە نزیک گەڕەکی (گەڤەڕکێ) و بەنزینخانەی (بناڤی) بینراوە.

# "نرخی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت دەبێتە 600 دینار و بۆ تاکسیش 500 دینار"



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە ئەم هەفتەیە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە نرخی بەنزیندا بچێتەوە و سەرچاوەیەکیش لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت "نرخی لیترێک بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت دەبێتە 600 دینار و بۆ تاکسیش 500 دینار".

دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، بە مەبەستی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کاتی نرخی یەک لیتر بەنزینی لە 500 دینارەوە بەرز کردەوە بۆ 900 دینار، بەڵام دوای ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر، ئێستا وەزارەتی ناوبراو دەیەوێ جارێکی دیکە بەنرخی بەنزیندا بچێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم هەفتەیە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و بڕیار لەسەر نرخێکی تازە بۆ بەنزین دەدات". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "وەزارەت 500 دیناری داناوە بۆ لیترێک بەنزین بۆ پاس و تاکسی، هەروەها بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەتیش 600 دیناری داناوە، بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گاز بڕیار لەسەر نرخەکە دەدرێت، ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان وەکو ئەوەی پێشنیاز کراوە پەسەند بکرێت".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 140 هەزار بەرمیل نەوت بۆ پێداویستی ناوخۆ (بەنزین، گازوایل، نەوتی سپی) بەکاردێنێت، هەر بەرمیلێکیش بەپێی ستانداردی جیهانی 159 لیترە و لە کاتی پاڵاوتندا 5 — 6 لیتری دەبێت بە هەڵم و 154 لیتر دەمێنێتەوە.

دڵشاد شەعبان جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان باسی نرخی تێچوونی هەر لیترێک بەنزین دەکات و دەڵێت "عێراق لە ساڵی 2013 و 2014 هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێمی کە بۆ مەبەستی ناوخۆ بەکاری هێناوە بە نزیکەی 100 دۆلار لەسەر هەرێمی کوردستان بە داهاتی ناوخۆ حیساب کردووە، هەروەها هەرێمی کوردستانیش بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێک 17 دۆلای داوە بە پاڵاوگەکان، 3 دۆلاریشی داوە بە گواستنەوە، نزیکەی 20 دۆلاریش تێچووی دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت بووە".

بەم پێیە تێچووی یەک لیتر بەنزین لەسەر حکومەت بەو شێوەیە بووە: ( 100$ + 17$ + 3$ + 20$) ÷ 154 لیتر بۆ هەر بەرمیلێک = 0.91 سەنت X 1200 دینار = 1090 دینار.

بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا نرخی بەرمیلێک نەوت دابەزیوە بۆ 40 — 45 دۆلار، تێچووی پاڵاوتنی لیترێک بەنزین کەمتر لەسەر حکومەت دەوەستێ، دڵشاد شەعبان دەڵێت ئێستا تێچووی لیترێک بەنزین لەسەر حکومەت بەو جۆرەیە: ( 17$+45$+3$ + 20$) ÷ 154 لیتر بۆ هەر بەرمیلێک = 0،55 سەنت X 1200 دینار = 663 دینار.

## پارێزگاری دهۆک:
# بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دهۆک دەگۆڕین

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دەنگۆی گۆڕینی ژمارەیەک بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی سنووری پارێزگای دهۆک بڵاوە و پارێزگاری دهۆکیش دەڵێت "لە مێژە بەنیازی گۆڕانکاری بووین، بەڵام داعش نەیهێشت".

فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن پلانێکمان هەبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەش پێویستە هەندێک بەڕێوەبەر بگۆڕین".

ئێستا دەنگۆی گۆڕینی بەڕێوەبەری 20 فەرمانگەی دهۆک هەیە. فەرهاد ئەتروشی گوتی "وەک ژمارە هیچ شتێکی دیاریکراو نییە، بەڵام ئەگەر لەبەر ڕەوشی ئێستا نەبووایە، لەمێژبوو ئەو گۆڕانکاریانەمان دەکرد".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "چەند ڕۆژێکە خەڵک دەچنە لێژنە محەلییەکانی پارتی و لقەکان بۆ ئەوەی کاندیدیان بکەن بۆ پۆستە حکومییەکان و پێشتر وا زانراوە کە هەر کەسێک ڕەزامەندی لقی لەسەر نەبێت زەحمەتە پارێزگار دایبنێ"، بەڵام پارێزگاری دهۆک دەڵێت "پێشتر بەڕێوەبەرێکمان گۆڕیوە و لقی یەک هیچ تەدەخولی نەکردووە، دواتریش ئێستا ئەنجوومەنێکی کارامان هەیە، پێویستە دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان ڕەزامەندی ئەوانی لەسەربێت، دانانی بەڕێوەبەرەکانی دیکەش لەدەسەڵاتی یاسایی و ئیداریی مندایە وەکو پارێزگار".

سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ بەشداریکردنی حیزبەکانی دیکە لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک ئەو هەنگاوەی دواخستووە، پارێزگاری دهۆک گوتی "بەڵێ ئەویش هۆکارێک بوو، بەڵام ئێمە چاوەڕێی سلێمانی ناکەین تاوەکو بزانین چی بە پارتی دەدرێت، ئینجا ئێمە پۆست بە لایەنەکانی دیکە بدەین، بەڵام گۆڕان و یەکێتی زیاتر لە ئێمە چاوەڕێی یەکلاکردنەوەی پۆستەکانن لە پارێزگاکانی دیکە".

یەکێک لەو دروشمانەی پارێزگاری دهۆک لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەرزی کردبووەوە بریتی بوو لە "پشتەڤانی گەنجان، خزمەتکاریٰ هەموویان) ئێستا دەگوترێ پارێزگار قەرزی ئەو گەنجانە دەداتەوە. فەرهاد ئەتروشی گوتی "بەڵێ، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ کەسانی بە تەمەن، بەڵام هەندێک بەڕێوەبەری ئێستا بە کەڵکی کاری داهاتوومان نایەن".

تا ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێکی گشتی و قایمقامێکی ژن لە سنووری پارێزگای دهۆکدا نییە. پارێزگاری دهۆک بە نیازە لەو بارەوەش گۆڕانکاری بکات و دەڵێت "مەعقول نییە یەک بەڕێوەبەری گشتی ژن لە دهۆک نەبێت، یان لە پۆستێکی دیکە، بۆیە ئێستا بە نیازین ژنی شایستە بۆ هەندێک پۆستی حکومی بدۆزینەوە".

پارێزگاری دهۆک لەگەڵ ئەوەی ڕەتیدەکاتەوە گەندەڵی لەسەر هیچ بەڕێوەبەرێکی ئاشکرابووبێت، بەڵام گوتی "گومانمان لە شێوازی تەرخانکردنی پارە بۆ هەندێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکان هەیە، بەڕاستی شارەزابوونە لەوەی چۆن سوودمەندبن لە پڕۆژەکان، هەرچەندە بۆ مێژوو دەڵێم دهۆک لە ڕووی شەفافیەتی خەرجکردن لە هەموو کوردستان باشترە".



# وەزارەتی دارایی 70 ملیۆن دۆلاری بۆ شەڕی داعش تەرخانکردووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەماوەی دەستپێکردنی شەڕی داعش لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 70 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو شەڕە تەرخانکردووە و داهاتی مانگانەش لە 200 ملیارەوە بووەتە نزیکەی 99 ملیار دینار.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی تاوتوێکردنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری کۆبوونەوە و بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو کۆبوونەوەکە، وەزیری دارایی ئاشکرای کردووە کە هەتا ئێستا حکومەت بڕی 70 ملیۆن دۆلاری بۆ شەڕی دژی داعش تەرخانکردووە.

### داهاتی حکومەت دابەزیوە

پێش دەستپێکردنی شەڕی داعش ئاڵوگۆڕێکی باشی بازرگانی لەڕێگەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو کە بووە هۆی زیادبوونی داهاتی مانگانە. بەگوتەی وەزیری دارایی، مانگانە نزیکەی 200 ملیار دینار داهات هەبووە لەکاتێکدا بەهۆی ئەو شەڕەوە دابەزیوە بۆ نزیکەی 99 ملیار.

لە دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان 500 ملیۆن دۆلاری بۆ چارەسەری قەیرانەکە لە حکومەتی تورکیا قەرز کردووە، بەڵام وەزیری دارایی لەکۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ فراکسیۆنەکەی ئاماژەی بەوە کردووە کە بیرۆکەیەک هەیە بۆ قەرزکردنی بڕی 500 ملیۆن دۆلاری دیکە لە حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، بەڵام بڕیاری کۆتایی هێڵدراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازی کوردستان.

دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت بۆ خوار پەنجا دۆلار لەبازاڕەکانی جیهاندا بووەتە هۆی دروستبوونی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕێباز حەملان وەزیری دارایی ئاشکرای کردووە کە ئێستا عێراق تەنیا خاوەنی ملیارێک و 300 ملیۆن دۆلارە.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە زانیاری وردم نییە لەبارەی وردەکاریی پارەکە، بەڵام ئەو 70 ملیۆن دۆلارە ڕاستە و لەوانەیە زیاتریش بێت، چونکە هاتنی ئەو هەموو پێداویستییە سەربازییە بەخۆڕایی نییە".

ئەو پەرلەمانتارە زانیارییەکی دیکەشی پشتڕاستکردەوە سەبارەت بەکەمبوونەوەی داهاتی ناوخۆ و گوتی "ئەگەر ئێستا مانگانە داهاتمان 100 ملیاریش بێت هەر باشە".

لەکۆتایی ساڵی ڕابردوودا حکومەت پڕۆژە یاسایەکی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی بتوانێت لە بانکی دەرەوە قەرز وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، بەڵام هەتا ئێستا پەرلەمان پڕۆژەکەی پەسەند نەکردووە.

دڵشاد شەعبان لەگەڵ بیرۆکەی وەرگرتنی قەرزێکی دیکەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، بۆیە داوای لە پەرلەمانتاران کرد بەجددی لەسەر ئەو پڕۆژەیە قسە بکەن و پەسەندی بکەن بۆئەوەی حکومەت قەرزێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت.

(ڕووداو) پەیوەندی بە چەند پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕانەوە کرد کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کۆبوونەوەکە حیزبی بووە، ئامادە نەبوون لێدوان بدەن.

# کرێکارێک لەبەر نەهاتنی مووچەکەی گیانی دەرچوو



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

دوای ئەوەی هاوڕێکانی باسی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ دەکەن، کرێکارێکی شارەوانی قەڵادزێ فشاری خوێنی بەرز دەبێتەوە و جەڵتە لێیدەدات، بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

عوسمان عەلی ئیسماعیل، 40 ساڵ، ڕۆژی 2015/1/14 لە کاتی دەوامدا جەڵتە لێیدەدات و گیان لەدەست دەدات، هاوڕێکانیشی دەڵێن بەهۆی دواکەوتنی مووچەوە فشاری خوێنی بەرزبووەتەوە و بەوهۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

حوسێن پیرۆت، کرێکاری شارەوانی کە لەو کاتەدا لەگەڵ عوسمان بووە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەندێک لە کرێکارەکان کۆببووینەوەو باسمان لە قەیرانی دواکەوتنی مووچە و پێنەدانی مووچە دەکرد، پێمانوایە لەو کاتەدا لە خەفەتان دڵی وەستابێت، ئەو بەردەوام دەیگوت مووچە نەهات و قەرزدارم و ڕۆژانە چەند جارێک ئەم قسانەی دووبارە دەکردەوە، بەرلەوەی دەست بەکار بکەین، گوتیان مووچە دوادەکەوێت، یەکسەر باری تەندروستی تێکچوو".

کەسوکاری ئەو کرێکارە هۆکاری مردنەکەیان لەلا ڕوون نییە، بەڵام بەدووریشی نازانن کە عوسمان بەهۆی هەواڵی دواکەوتنی مووچە خەفەتی خواردبێت و بەو هۆیەشەوە جەڵتە لێی دابێت و مردبێت.

ئیسماعیل عەلی، برای کرێکارە مردووەکە لە پرسەی براکەیدا گوتی "نزیکەی 11 ساڵە لە شارەوانی قەڵادزێ وەکو کرێکار دامەزراوە، زۆر دڵی بەکارەکەی خۆشبوو، بەڵام ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرت بەداخەوە بەشی ئەوەی نەدەکرد خەرجیەکانی ڕۆژانەی پێ دابین بکات، چونکە هاوسەرەکەی شێرپەنجەی هەیە و منداڵە سێ ساڵیەکەشی نەخۆشە و بۆخۆشی نەخۆشیی بەرزبوونەوەی فشاری خوێنی هەبوو".

سەبارەت بە هۆکاری مردنی براکەشی، ئیسماعیل عوسمان گوتی "هۆکاری مردنی براکەم بۆ بنەماڵەکەشمان ڕوون نییە، بۆیە لەسەر مردنەکەی داوامان لەسەر کەس نییە، هەرچەندە لە خەڵکەوە بیستوومانە لەبەر دواکەوتنی مووچەکەی فشاری بەرز بووەتەوە و بە زەویدا کەوتووە، بەڵام کەوابێت مردنەکەی بە قەزاو قەدەر دەزانین".

لەبارەی بەخێوکردنی هاوسەر و منداڵەکەی ئەو برایەی عوسمان دەڵێت "ئێمە ئەرکی چاودێریکردن و بەخێوکردنیان دەگرینە ئەستۆی خۆمان و ناهێڵین لە هیچ شتێکیان کەمبێت".

هەر لەبارەی ئەو کرێکارە دلێر ئەحمەد بەڕێوەبەری بەشی ئامێرەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزە گوتی "ئەو ڕۆژە دەمەوبەیانی لەسەرکار باسی هاتن و نەهاتنی مووچەیان کردبوو کە بێ هیوا ببوو لە نەهاتنی مووچە و زۆر دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران، فشاری خوێنی بەرزبووەتەوە، بەڵام نەگەیشتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا".

گوتیشی "زۆر بە پەرۆش بووین، چونکە خەبەری ئەوەمان هەبوو کە باری ئابووریی خراپ بوو، بیستبوومان سێ مانگ بوو نەیتوانیبوو قەرزی دوکانی میوەفرۆش و خواردن و خەرجی دەرمان بداتەوە، چونکە لە ماڵەکەیدا سێ نەخۆشیان هەبوو".

سەبارەت بە یارمەتیدانیشی دلێر ئەحمەد گوتی "زۆرجار لە شارەوانی هاوکاری بۆ کۆدەکرایەوە، بەڵام ئەوەش ژیانی ئەوی نەگۆڕی، دواتر کە بیستمان لەبەر نەبوونی لەسەر کارەکەی گیانی لەدەستداوە، سەرۆکی شارەوانی خەرجی پرسەکەی گرتە ئەستۆ. لە دوای تەواوبوونی پرسەکەشی وەک خانەنشینی هەمیشەیی مامەڵە یاساییەکانی بۆ تەواو دەکەین".

**رووداو- هەولێر**

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە شنگال و دروستکردنی کانتۆن لەو ناوچەیە راگەیێندراوێک بڵاودەکاتەوەو تێیدا هاتووە "تاقمێک بە سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوکارەکانی بە زۆرەملێ خۆیان بەسەر ئێزیدیاندا دەسەپێنن و لە رێی ئەنجوومەنێکی کارتۆنییەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی کانتۆنی خۆبەڕێوەبەریدا شنگال لە هەرێمی کوردستان داببڕن". هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە "کوردانی ئێزدی بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق، پێویستیان بە کانتۆن و ئەنجوومەنی کارتۆنی نییە کە تەنیا خزمەتی پیلانی نەگریسی نەیارانی کورد دەکات".

راپۆرت
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

### سەعید حوسێن، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئێزدییەکان لە شنگال:

# PKK و یەکێتی پشتگیریمان دەکەن

**ئیعتیراف بە قایمقام و ئەنجوومەنەکانی پێش ئێستای شنگال ناکەین**

**چەند لایەنێکی سیاسی بە پارەی کاش پشتگیریی ئێمەیان کردووە**

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

یەکێک لەو پێنج کەسەی دانراوە بۆ بەڕێوەبردنی "کانتۆنی شنگال"، باسی ئامانجی دروستکردنی ئەنجوومەنەکەیان دەکات و ئاشکرای دەکات کە PKKو یەکێتی بەفەرمی پشتگیرییان دەکەن. هەروەها لایەنی دەرەکیش، بەڵام دەڵێت "جارێ ناوی لایەنی دەرەکی ئاشکرا ناکەین".

سەعید حوسێن دوای راگەیاندنی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی ئێزدییەکان لە شنگال کە بە "کانتۆنی شنگال" ناوی دەهێنرێت، لە یەکەم لێدوانیدا بە (رووداو)ی گوت "پێش راگەیاندنی ئەنجوومەنەکە بە دوو هەفتە سەردانی هەموو پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییە سەربەخۆ و بەنێوبانگەکانی ئێزدییەکانمان کردووە، تەنانەت سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشمان کردووە، ئینجا ئەو ئەنجوومەنەمان راگەیاند".

رۆژی چوارشەممەی رابردوو بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی پەکەکە و یەپەگە و نوێنەری چەند حیزبێکی باشووری کوردستان، لە هۆڵی بارزان لە ناحیەی سنونێ، ئەنجوومەنی ئێزدییەکانی شنگال راگەیێندرا.

لەو ئەنجوومەنەدا نزیکەی 200 کوردی ئێزدی لە ژن و پیاو بەشداربوون، سەعید دەڵێت "نوێنەری سەرجەم ناوچەکان، بگرە ئەوانەی لە کەمپەکانی رۆژئاوادانە و ئەوانەی لە چیای شنگالن و لەگەڵ بەشێک لەوانەی کە ئاوارەی کوردستان بوونە، بەشدارییان کردووە، دواتر دەرگای خۆ پاڵاوتن کرایەوە، 78 کەس خۆیان پاڵاوت و لەو ژمارەیە 27 کەس بە دەنگدان بوونە ئەندامی ئەنجوومەنەکە".

سیستەمی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجوومەنە کراوە بوو، سەعید دەڵێت "هەریەک لەو بەشداربووانە مافی هەبوو دەنگ بداتە 27 کەس، لە کۆتاییدا 27 کەس لە ژن و پیاو دەنگیان هێنا، ئەوان دابەشکراون لەسەر 5 کۆمیتە، هەریەک لە کۆمیتەکانی پاراستن، ئابووری، ژن و گەنج، پەیوەندی و رێکخستن".

بەپێی قسەی سەعید، لەو 27 ئەندامە لایەنگری هەموو پارتەکانی تێدایە، لەوانەش: یەپەگە، یەپەژە، یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگال، تەڤدەما دیموکراتیا ئازادیا ئێزدیان، برازا چاکسازیا ئێزدیان. تەنانەت بە قسەی سەعید یەکێک لەو 27 کەسەی هەڵبژێردراوە "چەکی لە پارتی وەرگرتووە و لەوانەیە تاوەکو ئێستاش بەفەرمی سەر بە پارتی بێت".

بەگوێرەی پەیڕەوی ئەنجوومەنەکە "حەوت کەس بەڕێوەبەری ئەو ئەنجوومەنە دەبن و پێنج کەسیش دەستنیشانکران بۆ سەرۆکی لیژنەکان، ئەندامێکیش بووەتە گوتەبێژی ئەنجوومەنەکە و هەرسێ مانگ جارێکیش گوتەبێژەکە دەگۆڕدرێ".

PKK دەڵێ ئەوەی لە شنگال پێکهاتووە کانتۆن نییە، بەڵکو ئەنجوومەنێکە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە، سەعید حوسێنیش رەتیدەکاتەوە ئەنجوومەنەکەی ئەوان کانتۆن بێت و دەڵێت "ئامانجی ئێمە خزمەتکرنی ئێزدیەکانە، ئێمە دژی کورد و کوردستان نین، وەکو کانتۆن باسی کانتۆنمان نەکردووە". گوتیشی "دوای هاتنی داعش کارەساتێکی گەورە بەسەر ئێمەدا هاتووە، هەر لە کۆنەوە و تاوەکو ئێستا هەموو شتێک کراوە بۆ ئەوەی دینی ئێزیییەکان تێکبدرێ، ئەوە ئەو رۆژە هات کە ئیدی ئێزدییەکان لەمەودوا نەبنە ئامانجی دوژمنەکان، ئەم ئەنجوومەنە بەرگری لە دین و کەلتووری ئێزدییەکان دەکات".

PKK بەفەرمی ئامانجی دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنەی لەڕێگەی بەیاننامەیەک کە لەقەندیلەوە دەرچووە راگەیاند، بەڵام سەعید دەڵێ "ئەنجوومەنەکەی ئێمە سەر بە PKK نییە، بەڵکو PKKو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەنیا پشتگیریمان دەکەن و لەکاتی راگەیاندنی ئەو ئەنجوومەنە گوتاریان پێشکەش کرد و پشتگیریی خۆیان بۆ ئێمە راگەیاند".

جگە لەلایەنی نێوخۆیی، لایەنی بیانیش هەن کە پشتگیری لەو ئەنجوومەنە دەکەن، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنەکە دەڵێ "نەک تەنیا لایەنەکان و پارتەکانی کوردستان پشتگیری ئێمە دەکەن، بەڵکو لایەنی دەرەوەش هەن پشتگیری ئێمە دەکەن، بەڵام نامانەوێ ئێستا ناوی ئەوان بڵێین".

سەعید حوسێن ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پشتگیریکردنی ئەنجوومەنەکە تەنیا بە گوتاری سیاسی نەبووە، بەڵکو بە پارەش کراوە "تاوەکو ئێستا چەندین کەسی دەوڵەمەند و چەند لایەنێکی سیاسی بە پارەی کاش پشتگیریی ئێمەیان کردووە بۆ راگەیاندنی ئەو ئەنجوومەنە، ئێستاش چاوەڕێین لایەنەکانی دیکە هاوکاری ماددی ئێمە بکەن".

سەبارەت بە کاری ئەنجوومەنەکە دوای رزگارکردنی شنگال، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنەکە دەڵێ "نوێنەرایەتی خۆمان لە هەموو شارۆچکەیەک دادەنێین، قایمقام و ئەنجوومەنەکانی پێش ئێستا کە لە شنگال هەبوون، لەمەودوا ئیعتیرافیان پێ ناکەین، بەڵکو قایمقام و بەڕێوەبەرەکانی دیکەی ئیداری لەڕێگەی ئێمەوە و بەهەڵبژاردن دادەنرێن".

سەعید حوسێن کە خۆی سەرۆکی حیزبی تەڤدەما دیموکراتیا ئازادیا ئێزدیانە، دەڵێ حیزبەکەی فەرمییە و مۆڵەتی هەیە "مۆڵەتی دامەزراندنی حیزبەکەمان لە بەغدا وەرگرتووە، لە یاسا و سیستەمی عێراقدا هیچ بەندێک نییە دژایەتی ئەنجوومەنەکەی ئێمە بکات، چونکە ئێمە ئیدارەیەکی هەڵبژێردراوین".



### مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم

حوسێن دەرمان، جێگری مەڵبەندی مووسڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە نوێنەرایەتی یەکێتی بەشداری یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکەی کردووە گوتی "دوو رۆژ پێش کۆبوونەوەکە بەتەلەفۆن ئاگادارکرامەوە کە کۆبوونەوەیەکی حیزبەکان لەسەر ژیانی ئێزدییەکانی شنگال هەیە، منیش کە بەشداربووم، بینیم کۆنفرانسێکە، من هیچ قسەیەکم نەکرد، کەچی ئەو هەرایەیان لەسەر من دروستکرد".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە حیزبەکەشی رەخنەی لێگرتووە "نازانم راگەیاندن ئەو هەرایەی بۆ دروستکرد، کانتۆنی شنگالی چی؟ نەمدەزانی وای لێدێت، مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم، مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەموویان رەخنەم لێدەگرن".

### 70%ی لە رۆژئاواوە هاتوون

قاسم سمۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای شنگال دەڵێت "70%ی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە لە رۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون، زۆربەیان نەخوێندەوارن، ئەوانی دیکەش دەرچووی سەرەتایین".

گوتیشی "بەشێک لە ئەندامەکانی ئەوان هاتوونە لای ئێمە و داوای لێبووردنیان کردووە، چونکە ئەوان دەڵێن ئێمە بۆ نانخواردن چووبووین، کردیانین بە ئەندامی ئەنجوومەنەکە".

### شوانێک دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەن

ئەندامێکی ئەنجوومەن کە لە کۆمیتەی پاراستنە دەڵێت "من شوانی پەزم، بانگیان کردم بۆ ئەو کۆنفرانسە، کە چوومە ئەوێ گوتیان تۆش خۆت هەڵبژێرە، منیش خۆم هەڵبژارد و 30 دەنگم هێنا، دەرچووم".

ئەو ئەندامە کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "من کەسێکی شوانم، نەخوێندەوارم، هیچ نازانم، بەس دەتوانم شەڕ بکەم".

### کەس نازانێت پارەکە چی لێهاتووە

# عەبادی 2.6 ملیار دینار بۆ چەکدارانی ئێزدی خەرج دەکات

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

بە نووسراوێکی نووسینگەی حەیدەر عەبادی، نزیکەی سێ ملیار دینار بۆ هێزی ئێزدییەکان خەرج دەکرێت، کەسێک کە ناوی لەو نووسراوەدا هاتووە، ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە پارەکەی وەرگرتووە، بەڵام دەڵێت ئاگادار نییە پارەکە دراوەتە ئەو هێزە یان نا.

بەپێی بەڵگەنامەیەک، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دەستەی حەشدی شەعبی بڕی 2 ملیار و 625 ملیۆن دیناری وەک مووچە بۆ خۆبەخشەکانی ئێزدی خەرجکردووە.


جەمیل غانم کە یەکێکە لەو کەسانەی ناوی لەو نووسراوەکەدا هاتووە و پارەکەی وەرگرتووە، بە (رووداو)ی گوت، راستە ئەو پێش مانگێک لە بەغدابوو، کەسێک بەناوی (م.ش) پێیگوتووە رەزامەندی وەرگرتنی پارەی بۆ هێزەکانی چەکدارانی ئێزدی وەرگرتووە، بەڵام لە کاتی وەرگرتنیدا دەبێ دوو کەسی دیکە ئامادە بن "بۆیە من و عەبدولکەریم یوسف کە باش نایناسم چووین بۆ بانکی رافیدەین".

جەمیل غانم زیاتر دەڵێت "(م) پارەکەی وەرگرت و ئاگاداری خەرجکردنەکەشی نیم، بەڵام ئەوەی من بیزانم هەندێک لەو پارەیە یەکسەر تەحویلی بەنکەکانی دهۆک کرا".

کەسێکی نزیک لە (م. ش) بە (رووداو)ی راگەیاند، (م) رۆژی 2015/1/6 پێیگوتووە کە ئەو پارەیەی وەرگرتووە بۆ هێزەکانی پاراستنی شنگال، بەڵام دواتر پرسیارمان کرد هیچ کەسێکی ئەو هێزە ئەو پارەیەی وەرنەگرتبوو".

ئەو کەسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ (م. ش) تێکنەچێ، گوتی "دەنگم ریکۆرد بکەن، ئامادەم ئەوەی گوێم لێبووە بیڵێم، خەڵکانێک لە چیای شنگال خۆیان دا بەکوشت دژی داعش، بەڵام کەسێکی وەک (م) ئەو پارەیە ببات و کەس نەزانێت چی بەسەرهات، بەڕاستی ئەوە کارەساتە".

ئەو کەسە باسی پەیوەندی نێوان دەستەی حەشدی شەعبی و (م.ش) دەکات و دەڵێت "کەسێک بەناوی (مهدی المهندس) ئاسانکاری بۆ (م) کرد تاوەکو ئەو پارەیە وەربگرێت و بردیە نووسینگەی عەبادی، دواتر هادی عامرییان بینی و پارەکەشی بۆ تەرخانکرا".


جمهورية العراق
رئاسة الوزراء
هيئة الحشد الشعبي
مديرية الادارة
قوة الايزيديين
العدد / ٨
التاريخ / / ٢٠١٤
قوة الايزيديين

الى / هيئة الحشد الشعبي / المالية
الموضوع / تخويل

تم تخويل الذوات المدرجة اسماءهم ادناه لاستلام رواتب متطوعي تشكيلنا قوة الايزيديين والبالغة(٢،٦٢٥،٠٠٠،٠٠٠) مليارين و ستمائة و خمس و عشرون مليون دينار والمرفق طيا نسخة من هامش الحاج ابو مهدي ، وخولنا السيد مراد شرو سليمان باستلام الصك وصرفه واستلام مستحقاته. للتفضل بالعلم مع التقدير

الاسماء
مراد شرو سليمان
جميل غانم جومر
عبدالكريم يوسف حنا

هيئة الحشد الشعبي
قوة الايزيديين
مراد شرو سليمان الشيخ كالو
المسؤول الاداري لقوة الايزيديين
٢٠١٤/١٢/٦

**ئەو پارەیە بۆ کێ بوو؟**

ئێستا هێزێک لە چیای شنگال خۆیان وەکو هێزی پاراستنی شنگال دەناسێنن و حەیدەر شەشۆ، سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات، داود جندی کە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵە لە فراکسیۆنی یەکێتی، دەڵێت من جێگری فەرماندەی (یەپەشە)م.

داود جندی کە ئامۆزای (م. ش)ە بە (رووداو)ی راگەیاند هەر کەس و لایەنێک بەڵگەیەکی لەسەر ئەو بابەتە هەیە با بڵاوی بکاتەوە.

جەمیل غانم نەیشاردەوە کە پارەکە بە پاساوی بوونی هێزێکی چەکداری هەزار کەسی بە ناوی هێزی پاراستنی شنگال وەرگیراوە. کەسە نزیکەکەی (م)یش دەڵێت "ئەو گوژمەیە وەک مووچەی سێ مانگی خۆبەخشەکانی چیای شنگال وەرگیراوە کە مووچەی هەر کەسێکیان 500 هەزار دینار بوو، لەگەڵ 250 هەزار وەک دەرماڵەی مەترسی، 75 هەزاریش دەرماڵەی خواردن، بێجگە لەوەش (م) 100 ملیۆن دیناری وەکو نەسریە وەرگرتووە، هەزار چەکیشیان پێداوە لەگەڵ چەندین ئۆتۆمبێل".

# 3 یەکێتییەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دژی "کانتۆن" نین

**سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا:**
## ئەندامێکی یەکێتی بووەتە جێگری هێزێکی سەر بە PKK

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

لە کۆی 31 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا تەنیا سێ ئەندامەکەی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئامادە نەبوون دژی دروستکردنی "کانتۆنی شنگال" دەنگ بدەن. ئەندامێکی یەکێتیش هۆیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەو یاداشتەدا ئەنجوومەن ئامادەنەبوون ناوی شەڤانان و هێزی پاراستنی شنگال بهێنن، سەرۆکی ئەنجوومەنەکەش دەڵێت: ئەو ئەندامە گوتی "من پێشمەرگە نیم".

ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەسەر راگەیاندنی "کانتۆنی شنگال" لەلایەن PKKوە کە بەناوی (ئەنجوومەنی ئێزدیەکانی شنگاڵ) دەناسرێ، لە ناحیەی ئەلقووشی سەر بە پارێزگای نەینەوا سازکرد.

جگە لە سێ ئەندامەکەی یەکێتی لە ئەنجوومەنەکە، هەموویان بە "نەخێر" دەنگیان بۆ دروستکردنی بەناو کانتۆنی شنگال دا.

داود جندی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە سەر بە یەکێتییە، هۆکاری دەنگنەدانی خۆیانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "لە خاڵێکدا سوپاسی پێشمەرگە و عەشایری عەرەبیان کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی ژێر دەستی داعش، ئێمەش لەبەر ناونەهێنانی شەڤانانی یەپەگە و هێزی پاراستنی شنگال دەنگمان بەو بەیاننامەیە نەدا کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرکرا".

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا دەنگ لەسەر سێ خاڵ درا. یەکەم: رەتکردنەوەی پێکهێنان یان هەوڵدان بۆ هەر کانتۆنێک لە شنگال. دووەم: هەر بڕیارێک بۆ داهاتووی شنگال بدرێ، دەبێت ئەنجوومەنی قەزاکە کە دامەزراوەیەکی شەرعی و ئیدارییە بیدات. سێیەم: ئەنجوومەنی پارێزگا وەکو باڵاترین دەسەڵاتی دەڤەرەکە، هەر هەوڵێک بۆ ئەنجوومەنێک بدرێت، بەفەرمی لەلایەن دادگاوە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا رەتیکردەوە کە ئەو سێ ئەندامەی یەکێتی بەو پاساوەی باسی دەکەن دەنگیان بە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە نەدابێت و گوتی "کۆنووسی بەیاننامەکە خوێندرایە و خرایە دەنگدان، بەڵام تەنیا سێ ئەندامەکەی یەکێتی دەنگیان نەدا".

بەشار کیکی دەڵێت کە داود جندی لە کۆبوونەوەکەدا گوتی "من پێشمەرگە نیم، بەڵکو جێگری فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگالم و کەوتە پەسنی عەبدوڵلا ئۆجەلان (رێبەری زیندانیکراوی PKK)، بۆیە ئەسڵەن ئامادە نەبوو دەنگ بۆ سوپاسکردنی پێشمەرگەش بدات".

داود جندی قسەکانی کیکی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "راستە گوتوومە پێشمەرگە نیم و ئێستاش هەر وا دەڵێم، من جێگری فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگالم".

### "چەک و ئۆتۆمبێلی بۆ PKK وەرگرتووە"

بەگوێرەی زانیارییەکانی نێو کۆبوونەوەکە کە دەست (رووداو) کەوتوون، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بە داود جندی گوتووە "ناکرێت ئەندامی ئەنجوومەن بیت و لەهەمانکاتدا سەردانی بەغدا بکەی و بە ملیارەها دینار و هەزار پارچە چەک و 10 ئۆتۆمبێل وەربگری".

سەرۆکی ئەنجوومەن دەڵێ "داوامان لەو ئەندامە کرد لەبارەی سەردانەکەی بۆ بەغدا و وەرگرتنی هەندێ شت بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەن راپۆرتێک پێشکەش بکات، چونکە دواتر تووشی لێپرسینەوە دەبێ و بگرە متمانەی لێوەردەگرینەوە".

بەڵام داود جندی ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە و داوا دەکات بەڵگە بخەنەڕوو کە پارە و چەکی لە بەغدا وەرگرتووە "راستە بەشار کیکی ئەو قسانەی بەمن گوت، بەڵام ناکرێ کەسێک لە پۆستێکی وەهادا بەبێ بەڵگە قسە بکات. من ئامادەم بۆ هەر لێپرسینەوەیەک و هەرچی بەڵگەشیان هەیە با بیخەنەڕوو".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

## قوباد تاڵەبانی بەرگری لە وەزارەتێکی گۆڕان دەکات

**رووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرگری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەکات کە بە دەست گۆڕانەوەیە. قوباد تاڵەبانی دەڵێت "ماوەیەکە هەندێک پەرلەمانتاری بەڕێزو دەزگاکانی راگەیاندن دەستیان کردوە بەهەڵمەتی یەکتر تۆمەتبارکردن و یەکتر شکاندن، لێدوان و بابەتە رۆژنامەنووسییەکان لە گۆشەنیگای پرس و بابەت و قەیرانە هەنوکەییەکان وەک سیاسەت و راگەیاندنێکی دژ بەیەکتر بەکاری دێن". هەروەها دەڵێت "تەرکیزکردن لەسەر یەک یان دوو وەزارەت وەک ئەو رەخنانەی لە وەزارەتی دارایی دەگیرێت نارەوان"



# گۆڕان داوای لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکات بۆ بودجەی 2013ی سلێمانی

## "سلێمانی تەنیا %52ی بودجەکەی خەرجکردووە"

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، سکاڵا لە دژی ستافی پێشووی پارێزگای سلێمانی تۆماردەکات بەتۆمەتی ئەوەی 48%ی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانیان خەرج نەکردووە و دیاریش نییە ئەو پارەیە چی لێکراوە. سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ ئەوان بەهیچ شێوەیەک بەدواداچوون ناکەن بۆ هەر پارەیەک پەیوەندی بە خولی پێشووەوە هەبێت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیش دەڵێ "بەدواداچوون دەکەین، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەنجامەکانی هەڵناگرین".

### عەلی حەمە ساڵح: بەڵگەم هەیە

هەرچەندە هۆبەی بەدواداچوونی پارێزگای سلێمانی بە نووسینێکی درێژ وەڵامی ئەو پەرلەمانتارەی بزووتنەوەی گۆڕانیان داوەتەوە و دەڵێن "زانیارییەکانی سەرلەبەری هەڵەیە"، دەشپرسن "نازانین ئەو داتا و زانیارییانەی لەکوێ هێناوە؟".

لە راگەیێندراوەکەدا هەروەها دەڵێن "بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان بۆ سلێمانی لە ساڵی 2013 بریتی بووە لە 363 پڕۆژە کە 323 ملیار و 542 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام لە پارێزگا دوای بەکارهێنانی وەفرەکان توانراوە 568 پڕۆژەی پێ جێبەجێ بکرێت، واتە 205 پڕۆژەی دیکە کە لەپلانەکەدا نەبووە و لەسەری جێبەجێ کراوە".

هەروەها لەبارەی ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە و عەلی حەمەساڵح دەڵێ نازانرێ بۆ کوێ براوە و چۆن خەرجکراوە، وەڵامەکەی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "لای بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی 3ی سلێمانی ئەو وردەکارییە پارێزراوە". بەڵام عەلی حەمە ساڵح کە بۆ (رووداو) قسەی کرد، گوتی "بەڵگەکانم پشتی بەستووە بە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی و هەموو شتەکانم بە روونی ناردووە بۆ دەستەی نەزاهە".

عەلی حەمە ساڵح، لای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان سکاڵای تۆمارکردووە و بەپێی سکاڵاکەی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، بۆ ساڵی 2013 نادیاری تێدایە. وەک لە وردەکاریی سکاڵاکەی ئەو پەرلەمانتارەدا هاتووە "بۆ ساڵی 2013 هەولێر و دهۆک زیاتر لە پارەکەی خۆیان خەرجکردووە و دەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ کە ئاخۆ ئەو پارە زیادەیان لەکوێ هێناوە، پارێزگای سلێمانیش تەنیا 52%ی بودجەکەی خەرجکردووە".

### کاوە عەبدوڵڵا: ئێمە دەستمان لێداشۆردبوو

سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ ئەوان لەدوای 2010ەوە کاتێک کاک دانا ئەحمەد مەجید لادرا، بڕیاریاندا بەهیچ شێوەیەک هاوکاری بەهرۆز محەممەد ساڵح نەکەن "چونکە سەپاندبوویان بەسەرماندا". هەروەها دەڵێ "لەوە بەدوا ئاگامان لە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نەماوە و پارێزگاریش ئەندامانی ئەنجوومەنی لە لیژنەکان دانەدەنا، ئێمە بەهەموو شێوەیەک دابڕێنرابووین لە کارەکان و دەستمان لەو پارەیە و چۆنێتی خەرجکردنی داشۆردبوو، هیچ بەرپرسیارێتییەک لەسەر ئێمە نییە".

ماوەی چەند ساڵێک سلێمانی، بووبووە گۆێ ئاگردانی کێشەی نێوان پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگاکەی. ئەنجوومەنەکە بڕیاریاندابوو کار لەگەڵ ئەو پارێزگارەدا نەکەن.

دانا عەبدولکەریم، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ ئەو پارانە هەمووی دراوە بە پارێزگار "دوور و نزیک ئاگامان لە خەرجکردنی نییە". بەبڕوای ئەو دەبوو سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی ئەو پارەیە نەدەنە پارێزگار "دیوانی چاودێری دارایی دەتوانێ بزانێ چۆن خەرجکراوە".

### مەهدی مەحموود: بەدوای ئەو پارەیەدا ناچین

سەرۆکی لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رەتیدەکاتەوە خولی نوێی ئەنجوومەن خۆی بە لاپەڕەی کۆنەوە سەرقاڵ بکات و دەڵێ خولی پێشوو زۆرینەی ئەندامەکانی گۆڕان بوون و با کاک عەلی بە ئەندامەکانی خۆیان بڵێ ئەو پارەیە چی لێهاتووە "لە سەردەمی خۆمانەوە دەستپێدەکەین و لەوانەی پێشوو بەرپرس نین و بەدواشیدا ناچین، چونکە ئەوە کاری ئێمە نییە".

مەهدی مەحموود، گوتیشی لەوەبەدوا ئەوان بە وردی چاودێری پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەکەن "بەڵام بەدوای یەک دیناردا ناچین لە خوولی پێشوو خەرج کرابێت".

ئەنوەر تاهیر، سەرۆک فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگا بە هەمانشێوەی مەهدی مەحموود باس لە سەردەمی نوێی کارکردن دەکات و دەڵێ ئەو بابەتە پەیوەندی بە داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی و دادگای لێکۆڵینەوە هەیە "دەبێ دادگای لێکۆڵینەوە بێتە سەرخەت بۆ ساخکردنەوەی ئەو پارەیە و دەبێ لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ دروستبکرێ". بەڵام ڕێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنەکە پێیوایە ئەنجوومەنەکەیان دەتوانێ بە دواداچوون بۆ ئەو پارەیە بکات "بەڵام لە ئەنجامەکەی بەرپرس نابین".

ئەنوەر تاهیر، کە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەن لەگەڵ پارێزگاری نوێی سلێمانی هاتبووە دەرەوە و بە ئەرێنی باسی کۆبوونەوەکەی دەکرد گوتیشی "ئێمە لەگەڵ پارێزگار لاپەڕەیەکی نوێمان هەڵداوەتەوە".

### "دۆسێکانی ئەنجوومەن دیار نین"

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت، باسی کۆدەنگییەک دەکات لە نێو ئەنجوومەنەکەیاندا "وامان داناوە مەلەفە کۆنەکان هەڵنەدەینەوە".

بەڵام فەیسەڵ ئیبراهیم، بەلایەوە سەیرە کاتێک ئەوان دەستبەکار بوون و ژوورەکانیان وەرگرتووە، یەک فایلی خولی پێشووی تێدا نەبووە و نازانێ لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەنجوومەنەکە چی کردووە "ئارشیفی ئەنجوومەن هیچی دیار نییە و ناشزانین لەکوێیە و لای کێیە". هەروەها دەڵێ "لانیکەم دەبوو چەند پڕۆژەیەکی تەواو نەکراویان هەبووایە بمانزانیایە چین و لەکوێن".

ئەنوەر تاهیر، قسەکانی فەیسەڵ ئیبراهیم پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ ئەنجوومەنەکە لەساڵی 2009وە سڕکراوە و رەنگە ئەوە هۆکارەکە بێت کە هیچیان دیار نییە "تەنانەت ژووری وا هەبوو کە وەرمانگرت ماوەی 2 ساڵی تەواو بوو داخرابوو، ژوورەکە هەمووی تۆزی لێ نیشتبوو، نەکرابووەوە تاوەکو ئەوکاتەی وەرمانگرت".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# گۆڕان تاوەکو کۆتایی 2015 چاوەڕێی حکومەت دەکات

**یەکگرتوو:** بەڵێنی %10ی پۆستەکانی حکومەتمان پێدراوە

**کۆمەڵ:** زووە بۆ ئەوەی قسە لەسەر کشانەوە لە حکومەت بکەین

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی ئەمدواییەی سلێمانی کە ماوەی هەفتەیەک فەرمانبەرانی لە فەرمانگەکانیان هێنایە دەرەوە، دواتر بووە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی راگەیاندنی گەرمی نێوان یەکێتی و گۆڕان. هەر ئەوەش وایکرد ئەو ئاراستەیەی نێو بزووتنەوەی گۆڕان کە بەردەوام پێویستیی کشانەوە لە حکومەتیان باسدەکرد، بە ئاشکرا لەو بارەیەوە قسە بکەن، چونکە دەڵێن هەستیان بە سێبەری یەکێتی دەکرد لە پشت مانگرتووانەوە.

یەکێک لە سەرکردە دانیشتووەکانی گۆڕان، پێیوایە "گۆڕان ناتوانێ وەک یەکێتی و پارتی خۆی لەبەردەم رەخنەدا رابگرێ، چونکە خۆی 4 ساڵ رابەرایەتی خۆپیشاندەرانی کردووە و بەڵێنی زۆری داوە". ئەو سەرکردەیەی پێشووی بزووتنەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوکرێتەوە، دەڵێت "ئەو هەموو بەڵێنەی گۆڕان لە بارەی خۆشگوزەرانییەوە بەخەڵکی داون لەم وڵاتەدا جێبەجێ ناکرێن، ئەگەر دەستیشی بکرێتەوە".

بەڵام بۆ لەم کاتەدا 3 لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکەی پێشوو بەو شێوەیە بە رەشبینی لەبارەی بەشداربوونیان لە حکومەت قسەدەکەن؟ ئایا بزووتنەوەی گۆڕان جدییە لەوەی بیر لە جێهێشتنی حکومەت بکاتەوە؟

رابوون مەعرووف، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان نەیشاردەوە کە ئاراستەیەک هەیە لەناو بزووتنەوەکەیاندا پێیوایە "بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی هەشتەم کاریگەری نییە". بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە گوتی "تاوەکو ئێستا کەمینەیەکی ناو بزووتنەوەکە بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە".

شاخەوان رەئوف، باسی دروستکردنی ژووری چاودێری وەزیر و پەرلەمانتارانی گۆڕان دەکات لە کوردستان و بەغدا و دەڵێ "هێشتا ئەو ژوورە خەریکی چاودێریکردنیانە و دەبێ بزانرێ ئەو ژوورە رای چی دەبێت لەسەریان". ئەو ژوورە لەلایەن جەلال جەوهەر، سەرپەرشتی دەکرێت و لەو رۆژانەش بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە. بەڵام شاخەوان رەئوف گوتی "هێشتا رایەک دروست نەبووە لەناو گۆڕان کە قسەی جددی لەسەر ئەوە بکات ئایا گۆڕان لەناو حکومەت بمێنێتەوە یان نا".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە پێیوایە گۆڕان رای لەسەر وەزیرەکان خراپ نییە "بەڵام گلەیی لەوە هەیە کە ستافی خوارەوەی وەزیرەکان هێشتا بەدەست یەکێتی و پارتیەوەن و دەبێ گۆڕان پشکی راستەقینەی خۆی وەربگرێ لەناو حکومەت". بەڵام هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێ "گۆڕان تاوەکو کۆتایی 2015 لەناو حکومەت دەمێنێتەوە و چاوەڕێ دەکات بزانێ ئاخۆ دەتوانێ گۆڕانکاری بکات یان نا، ئەگەر پێینەکرا، بە دڵنیاییەوە ئەوکات قسەی جددی بۆ کشانەوە دەبێ".

### یەکگرتوو: لاریان لە %10ی ئێمە نییە

هەرچەندە وشەی "کارەبا" لەسەر زۆربەی لافیتەی ناڕەزایەتییەکانی ئەمدواییە نووسراوە و وەزیرەکەش یەکگرتووە، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی هێشتا فایلی کشانەوە لە حکومەتی نەخستووەتە سەرمێزی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و چاوەڕێ دەکات پارتی بەڵێنەکانی بۆ ئەو حیزبە بباتەسەر.

ئەو حیزبە بە 2 وەزیر بەشداری لەم کابینەیەدا کردووە کە یەکێکیان وەزیری بێ وەزارەتە. بەڵام لەو رۆژانە کارەبا خەریکە رۆشنایی ئومێد لەنێومالّی یەکگرتووش نەهێڵێ.

مەولود باوەموراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و پەرلەمان، دەڵێ رۆژانە کاری خۆم دەکەم لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و هیچ کێشەیەکم نییە "بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە من وەزارەتم نییە".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

باوەموراد، لەبارەی دڵگرانیی یەکگرتوو لە حکومەت گوتی هێشتا هیوایان هەیە بە وەرگرتنی پۆستەکانی دیکە "بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکارانەی بڕیارە بماندەنێ، هیچی بەتاڵ نییە و دەبێ بۆمان چۆڵبکرێ، ئێ دەبێ حکومەت ئیشی دیکە بۆ ئەو خەڵکانە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شوێنەکانیان بداتە ئێمە، خۆناکرێ بیانێرێتەوە بۆ ماڵەوە".

مەولود باوەموراد، گرفتەکە لەوەدا دەبینێ، کە وەزیری دارایی راپۆرتێکی ئامادە کردووە و بەپێی راپۆرتەکە ژمارەیەکی زۆر راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی هەن و قورسایی زۆریان لەسەر بودجە دروستکردووە "وا ئێمە و گۆڕان و کۆمەڵیش داوای پۆستی دیکە دەکەین لە بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار کە مافی خۆمانە، ئێستا حکومەت لەو بارەیەوە خەریکی ئیجرائاتی ئیدارییە و لارییان نییە لەوەی 10%ی پۆستەکانی خۆمان بدەنێ، بەڵام کاتی دەوێ و لە هەمانکاتیشدا رۆتین دوای خستووە".

### کۆمەڵ: زووە بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەت

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، رەتیدەکاتەوە هێشتا لەنێو حیزبەکەیاندا داخوازی کشانەوە لە حکومەت دروست بووبێت "زووە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ حکومەت و ئەدا و توانای وەزیرەکان و کاری کابینەی هەشتەم بکرێت".

تۆفیق کەریم، باسی کێشە بەدوای یەکدا هاتووەکانی ناوچەکە دەکات، شەڕی رووبەڕووبوونەوەی داعش و قەیرانی دارایی، لەخۆگرتنی هەزاران ئاوارەی ناوچەکانی قوڵایی شەڕ "ئەوە وایکردووە حکومەت نەتوانێ لەو ماوەیە بەپێی پێویست کاری خۆی بکات، بۆیە دەبێ جارێ چاوەڕێ بین".

کۆمەڵی ئیسلامی، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرۆکایەتی دەستەی مینی پێدراوە لەگەڵ راوێژکارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ دەڵێ هێشتا سەرۆکی دەستەکەیان وەرنەگرتووە و بۆ راوێژکارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش چاوەڕێن "بەڵام بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی کشتوکاڵمان وەرگرتووە".

تۆفیق کەریم، رەتیکردەوە وەک سەردەمی 4 ساڵی ئۆپۆزیسیۆنی، ئەو سێ لایەنە بەیەکەوە بڕیاربدەن لەسەر ئەوەی لە حکومەت دەکشێنەوە یان نا، لە بارەی ناڕەزایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بۆ مانەوە لەناو حکومەت دەڵێ "ئەوان رای خۆیانە چۆن گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە".

ڕووداو
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# PKK ناتوانێ شەریک بێ لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان

خۆی ئامادە دەکرد بۆ گەشتێک بۆ شاری میلانۆی ئیتاڵیا بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسێکدا بکات لەسەر پرسی کورد و عێراق. سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یەکسەر بە کانتۆنی شنگال دەستیپێکرد کە چەند ڕۆژێکە لەلایەن PKKوە ڕاگەیێندراوە و دەڵێ "موزایەدە لەکەس قبووڵ ناکەین و ئەو کانتۆنە لەلایەن یەکێتییەوە قبووڵ ناکرێ". ئەو دەربارەی پەیوەندییەکانی حیزبەکەی و پارتی دەڵێ "پەیوەندییان وەکو زەواجی کاسۆلیکی وایە تەلاقی تێدا نییە". دەربارەی بەشداریی قاسم سلێمانی، نوێنەری خامنەیی بۆ کاروباری سەربازی دەرەوەی ئێران لە شەڕی دژی داعش، سەعدی پیرە پێیوایە "قاسم سلێمانی دۆستت بێ باشترە لەوەی دوژمنت بێ، چونکە ئەگەر دوژمنت بێ زەرەرێکی زۆر دەکەی".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد



### پەیوەندی پارتی و یەکێتی وەکو زەواجی کاسۆلیکی وایە تەلاقی تێدا نییە

### دەمێکە مەسەلەی کانتۆنەکان دەستیپێکردووە بەڵام بەجددیمان وەرنەگرتووە

**ڕووداو: هەفتەی ڕابردوو لە گوندی کەرسێ لە دامێنی چیای شەنگال دروستکردنی ئەنجوومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی شنگال وەکو کانتۆنێک ڕاگەیێندرا، ئایا هەرێمی کوردستان ئەوەندە بێ دەسەڵاتە لەدەرەوەی ئەم هەرێمە خەڵک بێت و لە جیاتی ئەو بڕیار بدات؟**

**سەعدی پیرە:** دەمێکە حیکایەتی کانتۆنی شنگال و کانتۆنی قەندیل و ئەوانە دەستی پێکردووە، ئێمەش خۆمان لە هەرێمی کوردستان لەوە ناچێ زۆر جددی بین لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەم دەنگۆیە. کارێکی خراپە ئەم بابەتە بکەینە بابەتی ڕاگەیاندن و بیانووی چەقۆ تیژکردن و سەنگەر لە یەکدی گرتن. شەڕڤان و گەریلا و پێشمەرگە لە یەک سەنگەردابوون بۆ شەڕی داعش، بەڵام ئێستا هەوڵێک هەیە بۆ تێکدانی ئەو یەکڕیزییە، هەوڵەکەش فرە لایەنە. سەرۆکی حکومەت و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی و یەکێتی دەتوانن داوا لە PKK بکەن هەیئەتێکیان بێت و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەوەی شنگال بدەن، بۆ ئەوەی بزانن ڕاست و ناڕاستی

### بارزانی دەتوانێ دوو ئۆتۆمبێل بۆ PKKبنێرێ و بێن ڕوونکردنەوە بدەن

### یەکێتی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کانتۆندا نییە بۆ شنگال

### یەکێتی لەناوچەکانی خۆی بەبێ ئەمریکا شەڕی کردووە

### بە هەزار کۆڵانی شنگالدا بگەڕێی پارتییەک نادۆزیتەوە

ئەو بابەتە چییە. هەرێمی کوردستان ئیدارەیەکی بەهێزی هەیە و لە مەیدانەوە شەڕێکی بەهێزی داعش دەکات و خاوەن سەروەریی خۆیەتی. لەهەمووش گرنگتر ئیدارەی ملیۆن و نیوێک ئاوارە دەکات کە هیچ وڵاتێک نییە لە دنیا بتوانێ لە ماوەی یەک هەفتەدا ئەوەندە ئاوارە وەربگرێ، ئەمە لەکاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەکو پێویست هاوکاری هەرێمی کوردستانی نەکردووە، بۆیە بەپێویستی نازانم یەکێکی دیکە بێت و موزایەدە لەسەر ئێمە بکات، گوایە ئێمە ناتوانین ئیدارەی دۆخی هەرێمی کوردستان بدەین، ئێمە لە دۆخی شەڕداین.

**ڕووداو: کێ موزایەدەی کردووە؟**

**سەعدی پیرە:** ڕۆژنامەکان بەناوی PKK یان PKK بەخۆی، دەمانەوێ ئەوە ساغ ببێتەوە. لە ڕووی جوگرافییەوە شنگال کەوتووەتە ناوچەیەکی زۆر سەقەت، جیاوازیی هەیە لەگەڵ باشیک و تلکێف و مەخموور و حەمدانییە. شنگال کەوتووەتە ناوچەیەک کە عەرەب و پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق دەورەیان داوە، دەستگەیشتن بە شنگال ئاسان نییە. مادام وەستا دەناسین و بەرپرسی فیکرە دەناسین، بۆ ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ناکەین، بۆ خۆمان خەریکی ئەم و ئەو بکەین؟

**ڕووداو: دەڵێی دەبێ لەگەڵ PKK دابنیشن کە بۆ کانتۆنی شنگال دروستدەکەن، بەڵام کێ ئەو دەسەڵاتەی بە PKK داوە ئەو بڕیارە بدات؟**

**سەعدی پیرە:** دەبێ بانگی PKK بکەین و داوای ڕوونکردنەوەی لێبکەین، بۆ داوای لێ نەکرێ؟ چونکە ئەگەر بڵێ کانتۆن ڕادەگەیێنین لە شنگال ئەوا لێیان قبوڵ ناکرێ، چونکە بابەتەکە جددییە، شوێنی PKK دیارە لە شەڕێ قەندیلە و لە ئاشتیشدا بێ هەر لە قەندیلە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێ دوو ئۆتۆمبێلیان بەدوادا بنێرێ و بێن ڕوونکردنەوە بدەن، پەیوەندیمان لەگەڵ PKK خۆشە و کێشەمان نییە.

**ڕووداو: یەکێتی لەگەڵ ئەوەیە ئیدارەیەکی تایبەت یاخود کانتۆنێک بۆ شنگال دروست بکرێ؟**

**سەعدی پیرە:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کانتۆن نییە بۆ شنگال، چونکە یەکێتی خۆی لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەشدارە، ئەوەتا جێگری سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشتر سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی بوون. یەکێتی پێیوایە ئەو ئیدارەی ئێستا هەیە دەتوانێ ئیدارەی هەموو هەرێمی کوردستان بکات، بۆیە پێویست ناکات کەسی دیکە خۆی بە ئێمەوە خەریک بکات، ئەوان وەزیفەی دیکەیان هەیە کە پەیوەندی بە پێگەی جوگرافی دیکەوە هەیە لە دەرەوەی باشووری کوردستان. بەگوێرەی دەستووریش تاوەکو ئێستا ئەو سنوورانە سنووری عێراقن و ئەگەر ئێمەش لێی بێدەنگ بین ئەوا عێراق لێی بێدەنگ نابێ. چونکە PKK ناتوانێ شەریک بێ لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان، نە حیزبێکی فەرمییە و نە مۆڵەتییان هەیە و نە بەشداربوونە لە هەڵبژاردنەکان، چۆن دەبێ شەریک بن!. لە دەرەوەی سیاقاتی دەستووری ناتوانن شەریک بن، بەڵکو دەتوانن پشتیوان بن بۆ باشووری کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام نوێنەری یەکێتی لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەو کانتۆنە بەشدار بوو، کە جێگری بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتییە؟**

**سەعدی پیرە:** نەخێر یەکێتی بەشدار نەبووە، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی کاری چییە و یەکێتی بەفەرمی گوتی ئەگەر کۆبوونەوەیەکیش کرابێ ئێمە لەئەسڵدا لەگەڵی نین. کەس ناتوانێ یەکێتی بخاتە گۆشەیەک کە یەکێتی دژی هەرێمی کوردستانە، ڕاگەیاندنەکان بە ئێوەشەوە کە دەچنە ناوچەی شنگال بەهەزار کۆڵاندا دەگەڕێن تاوەکو پارتییەک دەدۆزنەوە و قسەیەکتان بۆ بکات. بەڵام لە باشیک تاوەکو شنگال 13 هەزار پێشمەرگەی یەکێتی لێیە.

**ڕووداو: 13 هەزار پێشمەرگەی یەکێتی لەو ناوچەیەدا هەیە؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ، یەکێک لەو ئامر فەوجانەی لە شنگال بریندار بووە برازای منە.

**ڕووداو: شەڕی داعش دژی کورد چەند دەخایەنێت؟**

**سەعدی پیرە:** تەسەورم دەکرد شەڕی داعش زووتر تەواوببێ، بەڵام شەڕی داعش ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە وردە وردە خەریکە کۆتایی دێ، ئەگەر گرێ و گاڵێک مابێ لە شنگال و دەوروبەری موسڵ و باشووری کەرکووک ماوە. بڕواناکەم شەڕی مووسڵ وا ئاسان بێ، چونکە خەڵکی مووسڵ هاوکارییان هەبووە لەگەڵ داعش، نەک داعش بوون بەڵکو لە ڕقی سیاسەتی تائیفی لەبەغدا و حکومەتی عێراق ئەو هەماهەنگییەیان هەبووە. دوو بابەت هەیە گرنگە باسی بکەین، یەکەم بابەتی سوننەیە کە خۆیان ناتوانن کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن. دووەم: کێشەی ئاوارە سوننەکان کە لەهەرێمی کوردستانن و ئەمە کێشەیەکی کۆنە، چونکە هەموو لەسەردەمی داعش ئاوارە نەبوونە. ئینجا یان عومەر عەلی دەرکردووە یان عەلی عومەری دەرکردووە.

**ڕووداو: ئەم شەڕەی داعش چەندی دیکە دەخایەنێ؟**

**سەعدی پیرە:** ڕەنگە تاوەکو مانگی شەش و حەوتی ئەمساڵیش درێژەی هەبێ. کورد بێ منەتانە بەشداری شەڕی داعشی کردووە و یەکلاکەرەوە بووە لەو شەڕە، چونکە بەرەی شەڕی داعش ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبوو شکا، هاوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەگەڵ کورد زۆرباش بووە.

**ڕووداو: دەگوترێت ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا زیاتر هاوکاری ئەو بەرەی شەڕی پێشمەرگە دەکەن لەگەڵ داعش کە پارتی سەرپەرشتی دەکات، بگرە هەر زۆر کەم و هەندێجاریش هەر بەشداری ناکەن لە بەرەکانی یەکێتی، وایە؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ وایە.

**ڕووداو: بۆ؟**

**سەعدی پیرە:** ڕەنگە پێویستی بە ئەمریکا نەکردبێ، بەبێ ئەمریکاش ئەرکەکانی خۆیان بەجێگەیاندووەو شەڕیان کردووە، بەپێچەوانەوە لەهەموو دیالە کە باسی خانەقین و جەلەولا

### یەکێتی 13 هەزار پێشمەرگەی لە دەڤەری شنگال هەیە

سەعدیە دەکەین داعشی تێدا نەماوە و لە کەرکووکیش کاریگەرییان نەماوە. مەسەلەکە ئەوەیە کەرکووک نەکەوتە دەست داعش، بەڵام مووسڵ کەوتە دەست داعش، خانەقین نەگیرا، بەڵام شنگال و زوممار گیران.

**ڕووداو: چەند ڕۆژ لەمەوبەر پەرلەمانتارێکی یەکێتی گوتی هاوپەیمانی یەکێتی لەشەڕی داعش جیاوازە لە هاوپەیمانی پارتی لەو شەڕەدا، هاوپەیمانی یەکێتی ئێرانە و تۆپخانەکانی خۆی هێنایە ناوچەکانی یەکێتی، بەڵام جاری وا هەیە بە پێنج ڕۆژ ئەمریکا قەسفێک بۆ پارتی ناکات؟**

**سەعدی پیرە:** ئێران لە هەموو جێگایەک هەیە، PKKش بەشداربووە لە مەخموور و شنگال، بەڵام هەموو شەڕڤانانی PKK لەو شەڕەدا ناگەنە 500 کەس.

**ڕووداو: پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ قاسم سلێمانی چۆنە؟**

**سەعدی پیرە:** قاسم سلێمانی پیاوێکە نوێنەری خامنەئییە بۆ کاروباری سەربازی لە دەرەوەی وڵات و پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ کورد و یەکێتی، پارتی، ئیسلامییەکان، پیاوێکە خاوەنی نفوزێکی زۆرە. قاسم سلێمانی پیاوێکی زۆر مورەتەبە و زۆر ڕێزی مام جەلال و کاک مەسعود دەگرێ و زۆر حیساب بۆ قسەکانیان دەکات. پێموانییە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕای خۆی بسەپێنێ بەڵکو هەمیشە ڕا دەگۆڕێتەوە و عەقڵێکی باشی هەیە، پیاو دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ. قاسم سلێمانی دۆستت بێ باشترە لەوەی ناحەزت بێ.

**ڕووداو: واتە ئەگەر ناحەزت بێ، خراپە؟**

**سەعدی پیرە:** (بەسەر لەقاندنەوە) بەڵێ.

**ڕووداو: دەگوترێ کە کێشە لەنێو یەکێتی دروست دەبێ حەز دەکەی لە ئیجازەدا بیت؟**

**سەعدی پیرە:** بۆ؟

**ڕووداو: ئێستا یەکێتی بەسەر دوو بەرەدا دابەشبووە، بەشێک کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح و بەشێکیش هێرۆخان سەرپەرشتی دەکات خۆت لەکام بەرەدای؟**

**سەعدی پیرە:** بەپێکەنینەوە... خۆم لەنێو یەکێتیدا دەبینمەوە. ئەمە گفتوگۆیەکی بێ هودەیە، مام جەلال کە پیاوێکی گرنگە بە حوکمی نەخۆشییەکەی غائیبە و ئەو بۆشاییەشمان پڕنەکردووتەوە. کە ئەو بۆشاییەمان پێ پڕنەکرێتەوەو ئێستا خەریکی یەکدی بین نازانم

### شەڕی داعش لەگەڵ کورد سەرەتای کۆتایی داعشە

دەبێ چی بە کێ بڵێین؟ هەر کەسەو وەزیفەی خۆی هەیە و شتێک نەگۆڕاوە. بۆیە بەڕێشی خۆمی ڕەوا نابینم بەشبم لەو کێشانەی ئێستا لەنێو یەکێتیدا هەیە. کاک بەرهەم جێگری سکرتێری گشتی یەکێتییە کە نامە دەنووسێ نازانین بۆ کێی دەنووسێ؟ ئەو بەرزترین و باڵاترین پۆستی هەیە لەنێو یەکێتیدا، دەبێ خەڵک نامە بۆ ئەو بنووسێ نەک ئەو نامە بنووسێ، بۆیە ئەو بابەتانە پێویستی بە هەڵوەستە هەیە و جددیتریش بڵێم ڕەنگە ئەو ناکۆکییانەی لەنێو یەکێتیدا هەیە لەنێو حیزبەکانی دیکەشدا هەبن، بەڵام لەنێو یەکێتی خەڵک دەوێرێ باسی بکات.

**ڕووداو: وەرەقە چاکسازییەکەی کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم چی بەسەرهات؟**

**سەعدی پیرە:** ئەو وەرەقەیە پێموانییە شتێکی نوێی تێدابێ، کۆنە، هەر لەسەردەمی مام جەلالەوە هەیە و هۆکارەکە وەرەقەکە و چاکسازی نییە، چونکە هەموومان دەڵێین با چاکسازی هەبێ و دۆخی دارایی و پێشمەرگە چاکبکرێتەوە و کارەکە دابەشبکرێ و شەفافیەت هەبێ، بەڵام ئایا ئەوە ئەسڵی بابەتەکەیە؟

**ڕووداو: لەسەر ئەو نامەیە بڕیاردرا چەند لێژنەیەک دروستبکرێ، کاری ئەو لێژنانەی گەیشتە کوێ؟**

**سەعدی پیرە:** من لەو لێژنانەدا نیم و ئاگاشم لێ نییە خۆ بە زۆر نییە. ناشبینم ئەو بابەتانەی باسیان لێوەکردووە پێویستیان بە لێژنە بێت، چونکە هەر کەسە و کاری خۆی هەیە. دەرەقەتی کارەکانی خۆیان دێن و ئەگەر خراپیش بوون دەتوانین لایبدەین و ئەگەر باشیش بوون ئەوا دەیهێڵینەوە.

**ڕووداو: چۆن شوێنی تاڵەبانی پڕ دەکەنەوە؟**

**سەعدی پیرە:** ئەوە کۆنگرە پڕی دەکاتەوە.

**ڕووداو: کەی کۆنگرە دەبەستن؟**

**سەعدی پیرە:** کەی کێشەی داعشمان تەواوکرد و کەی داعش لە حوکمی تفەنگ لە باشووری کوردستان دوورکەوتەوە ئەوا کێشەی بەستنی کۆنگرەمان نابێ، باوەڕیش ناکەم جارێکی دیکە داعش بەرەو کوردستان بێتەوە. چونکە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە و خۆشیان دەزانن هەڵەی گەورەیان کردووە، چونکە شەڕیان لەگەڵ کورد سەرەتای کۆتایی داعشە.

**ڕووداو: دوور لە موجامەلە پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی چۆنە؟**

**سەعدی پیرە:** پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی وەکو زەواجی کاسولیکی وایە، تەڵاقی تێدا نییە، دەبێ بۆشاییەکی تەندروست بدۆزینەوە کە هەم یەکدی قبووڵ بکەین و هەمیش پێکەوە کاربکەین.

### وەرەقەکەی کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح شتێکی نوێی تێدا نییە

**ڕووداو: باڵی کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح، داوایان لە مەسعود بارزانی کردووە کێشەکانی یەکێتی چارەسەر بکات، وەڵامی بارزانی چی بووە؟**

**سەعدی پیرە:** بە پێکەنینەوە... یەکێتی بۆ بە کاک مەسعود بڵێ وەرە کێشەکانی ئێمە چارەسەر بکە. پێموایە یەکێتی خۆی دەتوانێ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، کاک مەسعود سەرقاڵە بەو شەڕە و کاری زۆرە دەبێ سوپاسی بکەین و خۆمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین. کاک مەسعود سەرەتای ئەو کێشانە هاتووە و قسەی خۆی کردووەو ڕایەکانی موحتەرەمە.

**ڕووداو: ڕایەکانی بارزانی بۆ کێشەکانی یەکێتی چین؟**

**سەعدی پیرە:** ڕایەکانی ئەوەن کە لێنەگەڕێن بۆشایی مام جەلال بمێنێتەوە و دەبێ وەکو جاران کاری خۆمان بکەین تاوەکو بگەین بە کۆنگرە و زۆر لەو مەسەلانەی کە لەسەری ناکۆکین، بیخەینە بەردەم کۆنگرە و کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدات. دەزانێ لە تێکچوونی دۆخی نێوخۆی یەکێتی، پارتیش قازانج ناکات. کاک مەسعود وەکو سەرۆکی پارتی و وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی پەیوەندییەکی هاوسەنگ بێ.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

## گەنجێکی رۆژهەڵات لە ریزەکانی داعشدا دەکوژرێت

**رووداو- مهاباد**

گەنجێکی کوردی دانیشتووەی مهاباد لە ریزەکانی داعشدا کوژرا و چەند گەنجێکی سەقزیش بە خێزانەوە چوونەتە نێو داعش. بەپێی هەواڵێکی کوردپا، لاوێکی تەمەن 22 ساڵی خەڵکی مەهاباد بەناوی رەحیم بایەزیدی کە بە مەبەستی جیهادکردن چووەتە نێو داعش، دوو هەفتە لەمەوبەر لەکاتی رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا کوژراوە.

لەلایەکی دیکەوە چەند رۆژ پێش ئێستا دوو کەس بەناوی فەرزاد محەمەدی و یەعقووب کە دانیشتووی شاری سەقزن. روویان لە ریزەکانی داعش کردووە و فەرزاد ژنەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە.



# گەندەڵییەکی گەورە لە سنە ئاشکرا دەکرێ



**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی شاری سنە قۆڵی شەفافیەتی هەڵماڵیوە و بەو هۆیەشەوە گەندەڵییەکی زۆری لە پرۆژەکانی شاردا ئاشکرا کردووە کە بایی چەندین ملیار تمەن دەبێت، ئێستاش چەندین دۆسیە لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت. ئەنجوومەنەکە پارێزگاری سنە بە "کەمتەرخەم" دەزانن بەرامبەر بە "گەندەڵکاران".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی شاری سنە دەڵێت لەم خولەدا کۆمیسیونی چاودێریی ئەنجوومەنەکەیان چالاک کردووە. ئەم کۆمیسیۆنەش لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت بوارەکانی دارایی، شارسازی، موڵک و ماڵی شارەوانی لێکۆڵینەوە دەکات.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی شاری سنە کە بەو مەرجە قسەی بۆ (رووداو) کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "لە هەموو بوارەکاندا لەلایەن بەڕێوەبەران و بەرپرسانی پێشوو و هەندێ لە بەرپرسانی ئێستای شارەوانییەوە گەندەڵی گەورە کراوە. هەندێ لەو بەرپرسانە دەستبەسەر کران، بەڵام بە کەفالەت ئازاد کراون".

جێگری شارسازیی شارەوانی، بەڕێوەبەری دارایی شارەوانی، پێنج کەس لە بەڕێوەبەرانی ناوچە جیاوازەکان و رێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شارەوانی، بەڕێوەبەری بەڵگەنامەکانی شارەوانی و ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسان لەسەر کارەکانیان لادراون و ژمارەیەکیشیان دادگایی کراون.

گەورەترین گەندەڵی بەرپرسانی شارەوانی سنە لە بواری داراییدا بووە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێ "هێشتا بڕی راست و دروستی سەرپێچییەکە دیار نییە، بەڵام زیاتر لە سێ ملیار تمەنە. دۆسیەی گەندەڵی تۆمەتبارەکانی دیکەش ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ".

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی شاری سنە هەروەها ئاشکرای کرد "لەبواری موڵک و ماڵیشدا ئەنجوومەنی شار خەریکە لێکۆڵینەوە لە راگواستنی خاوەندارێتی زەوی و موڵکی شارەوانی و ئیفرازکردنی زەوی دەکات کە لە چەند حاڵەتێکدا گەندەڵی زۆر و چەند ملیار تمەنی کراوە".

لە هەموو ئیفرازکردنێکی زەویدا، دەبێت ئیدارەی خانووبەرە و شارسازی 10%ی هەر پارچە زەوییەک بدەنە شارەوانی، بەڵام لە هەموو ئەو زەوییانەدا کە ئیفراز کراون، بەشی شارەوانی نەدراوە. بەم پێیەش ئیدارەی خانووبەرە و شارسازی زیاتر لە 10 ملیار تمەنی شارەوانی قەرزدارە. هەموو ئەو خانووانەی لە گەڕەکەکانی بەهاران، زیباشار و چەند گەڕەکێکی دیکەدا دروستکراون، ئیدارەی خانووبەرە و شارسازی زەوییەکانی دابەشکردووە و بەخەڵکی داوە، بەڵام بەشە زەوی شارەوانی نەدراوە.

گەندەڵییەکی دیکە پەیوەندی بە تاوەرێکەوە هەیە کە لە فولکەی هەورازی شاری سنەدا دروستکراوە. لەو تاوەرەدا بەهاوکاریی ئەندامێکی ئەنجوومەنی شاری سنە نزیکەی 972 ملیۆن تمەن گەندەڵی کراوە. لەو تاوەرەدا دەبووایە لە پێناو درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتی دروستکردنی تاوەرەکە پارە بدرێ، بەڵام داشکاندنی بۆ کراوە. ئەندامەکەی ئەنجوومەنی شاری سنە، پارێزگاری سنەش بەوە تۆمەتبار دەکات کە کەمتەرخەمە بەرامبەر گەندەڵکاران. بەگوتەی ئەو لە سەردەمی سەرۆکایەتی مەحموود ئەحمەدی نەژاددا زەرەری زۆر گەورەی بە شاری سنە گەیاندووە.

ئەو دەڵێ "بە پشتیوانی پارێزگار دیسان یەکێک لە بەڕێوەبەرانی سەردەمی حکومەتی ئەحمەدی نەژاد لەسەر پۆستەکەی خۆی دانرایەوە، کە وەک پێشوو درێژە بە سەرپێچی و گەندەڵکارییەکانی خۆی دەدات".

ئەو نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ "لە پرۆژەی خانووبەرەی مێهردا گەندەڵی کراوە، هیچ شوێنێک بۆ سەوزایی، پەروەردە و پارک لەبەرچاو نەگیراوە".

پرۆژەی خانووبەرەی مێهر، لە سەردەمی سەرۆکایەتی مەحموود ئەحمەدی نەژاددا بۆ کەمدەرامەتان دروستکرا، هەر یەکێک لەوانە 30 تاوەکو 50 ملیۆن تمەنیان لێوەرگیرا، کەچی هێشتا هەموویان یەکەی نیشتەجێبوونیان وەرنەگرتووە و لە شارەوانی دەستی دەستیان پێدەکرێت.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی شاری سنە دەڵێ "جێگرەکەی پارێزگار بەرتیل لە خەڵک وەردەگرێ و کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێک یاسا مۆڵەتی دروستکردنی خانوویەکی چوار نهۆمی دابێت، دەبێت بۆ نهۆمی پێنجەم دیسان مۆڵەت وەربگیرێ کە ئەمەیان زیاتر بە بەرتیل دەکرێت".

# وێنەیەک کێشە بۆ حیزبێکی رۆژهەڵات دروستدەکات

## حوسێن یەزدانپەنا: وێنەکە فۆتۆشۆپە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو - سلێمانی**

چەند ماڵپەڕێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە جێگری سەرۆکی حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەداتە دادگا بە تۆمەتی ئەوەی بێڕێزی بە تەرمێکی داعش کردووە، بەڵام ئەو بەرپرسە رۆژهەڵاتییە رەتیدەکاتەوە کارێکی لەو شێوەیەی کردبێت و بڵاوکردنەوەی وێنەکە بە "ئامانجدار" دەزانێ و دەڵێت "وێنەکە فۆتۆشۆپە".

ماوەیەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەیەکی حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) بڵاودەکرێتەوە. لە وێنەکەدا وا دەردەکەوێت کە یەزدانپەنا قاچی خستبێتە سەر سنگی چەکدارێکی کوژراوی داعش. چەند ماڵپەڕێکی رۆژهەڵاتی، لەوانەش (رۆژهەڵات تایمز و زاگرۆس) بڵاویان کردەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر داوای عەلی کەریمی، چالاکڤانێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر حوسێن یەزانپەنا گرتووەتەبەر.

وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵە لەگەڵ دیل و بریندارانی جەنگ دەکات و رێگە بە پێشمەرگەکانی نادات تەرمی چەکدارانی داعش بشێوێنن یان سووکایەتی پێبکەن. بۆیە دوای ئەو وێنەیە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵحوسێن یەزدانپەنا کرابێت.

پارتی ئازادیی کوردستان، پارتێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لەلایەن عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەدەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتەکەیە. پارتی ئازادیی کوردستان لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی داعش لە باشووری کوردستان، هاوشانی هێزی پێشمەرگە، بەشدارییەکی بەردەوامی هەیە لە رووبەڕووبوونەوەی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک.

حوسێن یەزدانپەنا، لەبارەی ئەو وێنەیەی بڵاوکراوەتەوە، رەتیکردەوە ئەمە لە ئەخلاق و رەفتاری ئەو بوەشێتەوە و بەو جۆرە قاچ بخاتە سەر تەرمی چەکدارێکی داعش.

حوسێن یەزدانپەنا بە (رووداو)ی گوت "ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا پێشکەوتووە و دەتوانێت زۆر تۆمەت بخاتە پاڵ کەسێک، بۆیە ئەو وێنەیە بەفۆتۆشۆپ دەستکاریی کراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە کوالێتییەکەی زۆر نزمە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا "هەرچەندە من لەڕووی مەعنەوییەوە بڕوام وایە کە دەبێت پێشمەرگە قاچ لەسەر سەری داعشە بەزیوەکان دابنێن، بەڵام نەک خۆم ئەو کارە ناکەم، بەڵکو نەشمهێشتووە رقی پێشمەرگە وا بکات کارێکی لەو شێوەیە بکەن".

عەلی کەریمی رەتیکردەوە کە ئەو هیچ سکاڵایەکی لەسەر یەزدانپەنا تۆمار کردبێت و گوتی "من لە پەیجی خۆم لە فەیسبووک پەیامێکم ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە کردووە و گوتوومە ئاگاداری پێشمەرگە بن کە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دیلی جەنگدا بکەن".

### وەزیری پێشمەرگە لێیان دەپرسێت

جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان، رەتیکردەوە لەسەر ئەو وێنەیە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرابێت و گوتی "ئەو دەنگۆیەش دوورە لەڕاستییەوە، چونکە لەڕۆژانی رابردوودا بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە، دەنگۆی وێنەکەی رەتکردەوە و لەم رۆژانەشدا وەزیری پێشمەرگە وەفدێکی نارده لامان بۆ زانینی پێداویستی پێشمەرگەکانمان". یەزدانپەنا بۆ سەلماندنی قسەکانی گوتیشی "ئێستا کە قسە لەگەڵئێوە دەکەم، لەبەرەکانی شەڕدام".

هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری رۆشنبیری و راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "ئێمەش شتێکی لەو بابەتەمان بیستووە، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە هیچ سکاڵایەکی یاسایی لەسەر بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا تۆمار نەکردووە".

## دووانیان بە کودەتا دەسەڵاتیان وەرگرتووە

# لە مێژووی سووریادا 4 کورد بوونەتە سەرۆک کۆمار

**خالید جەمیل محەممەد**
**رووداو — هەولێر**

زۆر کەسایەتی ناوداری کورد لە مێژووی سیاسی سووریادا جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و پلەی باڵایان هەبووە لە دەوڵەتدا، لەوانەش چوار کەسایەتی کورد بوونەتە سەرۆک کۆماری سووریا و دووانیان بە کودەتا بووە. بەڵام ئەوانە هیچیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان نەکردووە و تەنانەت هەندێک لەوانە نەیانزانیوە بە کوردیش قسە بکەن.

سەرجەم ئەو کەسایەتیانە رۆژێک لە رۆژان نەیانگوتووە ئەوان کوردن و خۆیان بە هاووڵاتی سووری ناسیوە، هەروەها مێژوونووسان مێژووی ئەوانیان بە راستگۆیی نەنووسیوەتەوە.

### محەممەد عەلی ئەلعابد

ساڵی 1867 لەدایکبووە، نەوەی هۆڵۆ پاشای کوردە کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا والی شام بووە. محەممەد لە 11/6/1932دا بووەتە سەرۆک کۆماری سووریا و یەکەم سەرۆک کۆماری سووریا بووە لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسی، لە 30/4/1932دا وەکو کاندیدی دەسەڵاتی فەرەنسییەکان لە شام هەڵبژێردراوە.

محەممەد عەلی ئەلعابد ماوەی 4 ساڵ و 6 مانگ و 10 رۆژ سەرۆک کۆمار بووە و دواتر بە ویستی خۆی دەستبەرداری پۆستەکەی بووە.

لە 21/12/1939دا لە پارس کۆچی دوایی کردووە.

### یوسف ئەلعەزەمە

ساڵی 1884 لەدایکبووە. ساڵی 1906 پلەی یوزباشی (نەقیب)ی پێبەخشراوە. لە ساڵی 1920 کراوەتە سەرۆک ئەرکانی شەڕ لە سووریا و لەشکرێکی 100 هەزار کەسی پێکهێناوە.

یوسف ئەلعەزەمە ماوەی 2 ساڵ لە ئەڵمانیا خولی سەربازیی بینیوە، ئەلعەزەمە 5 زمانی زانیوە کە یەکێکیان کوردی بووە. لە مەیسەلون (28 کیلۆمەتر لە باشووری رۆژئاوای شام) شەڕی لە دژی سوپای فەرەنسا کردووە.

یەکەمین وەزیری بەرگریی سووریا بووە کە لە مەیدانی جەنگدا لە 24/7/1920دا کوژراوە. ئەلعەزەمە لە سەرەمەرگدا تەنیا یەک داواکاری لە هاوڕێکانی هەبووە و پێیگوتوون "لەیلای کچم ئەمانەتی ئێوە بێ".

### ئیبراهیم حەنانۆ

ساڵی 1869 لە شاری کفر تەخاریم لە رۆژئاوای حەلەب لەدایکبووە و لە عەشیرەتی بەرازیانە. ساڵی 1920 یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕش لە باکووری سووریا لە دژی ئینتیدابی فەرەنسا، بەشداری لە 27 شەڕدا کردووە و لە هەموویان سەرکەوتوو بووە.

حەنانۆ لە دەستی چەکدارانی فەرەنسا رایکرد بۆ فەلەستین، بەڵام لەوێ لەلایەن بەریتانییەکانەوە دەستگیرکرا و رادەستی فەرەنسیەکان کرا لە سووریا. کەچی دواتر دادگای فەرەنسا ئازادی کرد. دادوەر سەرکێشییەکانی وەکو شۆڕشێکی رەوا لە دژی دیکتاتۆریەت لە قەڵەمدا.

حەنانۆ لە 12/11/1935دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ئەو قسەیەکی باوی هەیە کە دەڵێت "ئێمە سیاسەت دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ناکەین بگەین بە دەسەڵات".

### حوسنی ئەلزەعیم

ساڵی 1897 لە حەلەب لەدایکبووە، لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسا، پەیوەندی بە سوپای فەرەنساوە دەکات و پلەکەی دەگاتە ئەفسەر. ساڵی 1948 دەبێتە سەرکردە لە سوپای سووریا.

ئەلزەعیم لە 29/3/1949دا کودەتایەکی سەربازی لە دژی شوکری قوەتلی، سەرۆکی سووریا کرد. لە 5/6/1949دا وەکو سەرۆک کۆماری سووریا پلەکەی گەیشتە مارشاڵ.

لە 14/8/1949دا هاوڕێیەکی بەناوی سامی حەناوی کودەتای لەسەر کرد. ئەو خۆزگەیەی ئەلزەعیم دەیخواست هاتەدی کە گوتبووی "خۆزگە من یەک رۆژ حوکمی سووریام بکردایە و بۆ رۆژی دواتر کوژرابام". ناوبراو دواتر لەگەڵ موحسین بەرازی، سەرۆکوەزیرانی سووریا گوللەباران کرا.

### موحسین بەرازی

ساڵی 1904 لەدایکبووە، کۆلیژی یاسای لە فەرەنسا تەواو کردبوو و مامۆستای زانکۆ بوو. لەسەردەمی حوسنی ئەلزەعیمدا بووە سەرۆک وەزیرانی سووریا. ناوبراو دانوستاندنی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو.

دوای کودەتایەکی سەربازی، موحسین بەرازی لەگەڵ حوسنی ئەلزەعیم دەستگیرکران و لە 14/8/1949دا لە سێدارەدران.

### فەوزی سلۆ

ساڵی 1905 لەدایکبووە. لە 3/12/1951دا بە کودەتایەکی سەربازی هاتووەتە سەر حوکم. دوای ئەو کودەتایە تاوەکو 11/7/1953 لەسەر کورسی دەسەڵات ماوەتەوە. زۆربەی یاساکانی سووریا لە سەردەمی ئەودا دەرکران.

دوای وازهێنانی لە دەسەڵات بۆ ماوەی سێ ساڵ لە عەرەبستانی سعودیە نیشتەجێ بوو. ساڵی 1948 گەڕایەوە حەما، بەڵام خانووی نەبوو لە ماڵی کوڕێکی دەمایەوە. ساڵی 1972 کۆچی دوایی کرد.

### ئەدیب شیشەکلی


ساڵی 1909 لەدایکبووە. لە ساڵی 1920 بەشداری شۆڕشی سووریای کردووە. لە 30/3/1949دا بەشداری لە کودەتای حوسنی ئەلزەعیمدا کردووە، ساڵی 1951 کرایە سەرۆک ئەرکانی سوپای سووریا. لە 11/7/1953دا بووە سەرۆک کۆماری سووریا. لە 15/2/1954دا هەڵات بۆ بەیروت و ساڵی 1964 لە بەرازیل لەلایەن گەنجێکی سوورییەوە کوژرا.


محەممەد عەلی ئەلعابد


یوسف ئەلعەزەمە


ئیبراهیم حەنانۆ


حوسنی ئەلزەعیم


موحسین بەرازی


فەوزی سلۆ


ئەدیب شیشەکلی

### بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ڕووداو:

# قەناعەتم بە یەکگرتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو نییە لەم قۆناغەدا

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی بەشدارییان لە حکومەت، نزیکبوونەوەیان لە یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و وەڵامی ئەوەش دەداتەوە کە چۆن بەشدارییان لە پرسەی فەرماندەیەکی پاسداران کرد پاش ئەوەی لە سامەڕا لەشەڕی دژی داعشدا کوژرا.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی



یەکخستنی پێشمەرگە یەکێک بوو لە پاکێجەکانی ئێمە

دەمانەوێ نزیکبوونەوەی کۆمەڵ و یەکگرتوو شۆڕ بکەینەوە خوارەوە

پێش هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی عەسکەری پێنج هەزار پێشمەرگەمان هەبوو

**ڕووداو: لەم ڕۆژانەدا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیمان دژی کەمیی کارەبا و نەبوونی مووچە و خزمەتگوزاری بینی، ئێوە وەکو بەشێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەیری ئەمە دەکەن؟**

**بیلال سلێمان:** ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە مووچە و خزمەتگوزاری وەکو مافێکی سەرەتایی هاووڵاتیان دابین بکات، ئێمە پشتگیری هەر داخوازیەکی خەڵک و جەماوەر دەکەین و لەسەر حکومەت پێویستە هۆکار و پاساوەکان بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە. ئێمە پێمانوایە هەندێک بابەت هەیە حکومەت پێیدەکرێ و دەتوانێ ئەرکی هاووڵاتیان لەم بارودۆخە سووک بکات، چونکە خەڵکی کوردستان هاوکاری حکومەت بوونە لە کاتی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە، بۆ نموونە ناکرێ نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاو بە 48 دۆلار بێت، کەچی لیتری بەنزین بە 900 دینار بێت. حکومەت دەتوانێ بەنزین هەرزان بکات، بۆیە دەبێت لانیکەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دابین بکات.

**ڕووداو: لە دانوستاندنەکانتان لەگەڵ پارتی بۆ وەرگرتنی پشکەکانی کۆمەڵ بە کوێ گەیشتوون؟**

**بیلال سلێمان:** ئێمە تەنیا بە وەزارەتی کشتوکاڵ جارێ بەشدارین. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە تاوەکو ئێستا یاساکەی هەموارنەکراوە. پۆستی سەرۆکی دەزگای مین و کۆمەڵێک پۆستی دیکە لە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کە بەر کۆمەڵ کەوتبوون، تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبوونەتەوە.

**ڕووداو: لە ئەدای وەزیرەکەتان ڕازین؟**

**بیلال سلێمان:** وەزیرەکەی ئێمە هیچ داواکاری و قسەیەکی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نەکردووە کە بڵێ: ڕێگریم لێ دەکەن و ناهێڵن ئیش بکەم، بە پێچەوانەوە دەڵێ پشتگیری و هاوکاریم دەکەن و کێشەم نییە.

## وەک پەیوەندی شەخسی و نوێنەری کۆمەڵ چوومە پرسەی حاجی تەقەوی

**ڕووداو: چەندی ئەو بەڵێنانەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە خەڵکتان دابوون جێبەجێ بوون؟**

**بیلال سلێمان:** جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامی متمانەیان بە سەرکردایەتی خۆیان هەیە، بەڵام نیگەرانن لەوەی ئەو پۆستانەی لە ڕێککەوتنەکان بەر کۆمەڵ کەوتووە تاوەکو ئێستا پڕنەکراوەتەوە، ئێمە فراکسیۆنەکانی خۆمان لە پەرلەمان دەستکراوە کردووە لە بەدواداچوون و دژایەتیکردنی گەندەڵی و وەزیرەکەی ئێمەش دەبێت هەوڵ بدات یەکەمجار لە وەزارەتەکەی خۆیەوە چاکسازی بکات.

**ڕووداو: لە خولی ڕابردوو تۆ پەرلەمانتاری بووی، جیاوازیی نێوان ئەم دوو خولە چۆن دەبینی؟**

**بیلال سلێمان:** جیاوازییەکی زۆری هەیە بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئۆپۆزسیۆن بووین و ئێستا بەشێکین لە حکومەت. پەرلەمانی کوردستان بە حوکمی ئەوەی نزیکەی ساڵێک بێ سەرۆک بوو، دانیشتنی کەمتر بووە بەراورد بە خولی پێشوو، هەروەها یاسای کەمتری دەرکردووە، جگە لەوە لەم خولە قەیرانی دارایی و ئەو شەڕە نەخوازراوەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێنرا ڕۆڵی لە سستبوونی پەرلەماندا گێڕاوە.

**ڕووداو: ماوەیەک بەر لە ئێستا لە بەر بارودۆخی ئابووری پەخشی کەناڵەکەتان وەستا، حاڵی حازر کۆمەڵ بارودۆخی چۆنە؟**

**بیلال سلێمان:** لەدوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، کۆمەڵی ئیسلامی بودجەی نەماوە. حاڵی حازر ئێمە لە خراپترین بارودۆخی ئابووریداین، بۆیە ناچار بووین خەرجییەکانی حیزب و چەند بارەگایەک کەم بکەینەوە. کەناڵی ئاسمانیی پەیام بارقورسیەکی زۆری دارایی بۆ دروستکردووین، سەرچاوەی دارایی ئێمە مووچەی پەرلەمانتاران و پلە تایبەتەکانە لەگەڵ ئابوونەی حیزبی و یارمەتیی خێرخوازان.

## کانتۆن تەجروبەیەکی نامۆیە بە هەرێمی کوردستان

**ڕووداو: بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆنگرە ببەستن، باس لە گۆڕینی کەسی یەکەم دەکرێت لە نێو کۆمەڵ؟**

**بیلال سلێمان:** کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات. سەرەتا هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانس هەیە و لەو کۆنفرانسە بۆ یەکەم جار بەرپرسی مەڵبەندەکان هەڵدەبژێردێن کە ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی، پاشان کۆنگرە دەبەسترێ بۆ هەڵبژاردنی ئەمیر و کورسیەکانی دیکەی سەرکردایەتی و پۆستەکانی دیکە. مامۆستا عەلی باپیر قسەیەکی هەیە هەموو کات دەیڵێتەوە کە ئەو بە دوای پۆستدا ڕاناکات. لەلای ئێمە پۆست ئەرکە، لە کۆنگرەی پێشوو جەنابی مامۆستا تەکلیف کرا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڕای من مامۆستا عەلی باپیر باشترین و شیاوترین کەسە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە وەربگرێتەوە. تا ئێستاش نەمبیستووە هیچ برایەک نیازی خۆ کاندیدکردنی هەبێت، بەڵام دەرگاش لە بەردەم هەموومان کراوەیە بەپێی ئەو مەرجانەی کە کۆنگرە بۆ ئەو کەسەی دیاری دەکات.

**ڕووداو: کەواتە ئەمیری ئێستای کۆمەڵ بێ ڕکابەرە؟**

**بیلال سلێمان:** بەڵێ مامۆستا عەلی باپیر بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی ئەمیر بێ ڕکابەرە. ئێمە لەم کۆنگرەیە هەوڵدەدەین ئەزموون لە کۆنگرەو گۆڕانکاری حیزبەکانی دیکە وەربگرین و هەڵە و کەموکوڕیی هیچ لایەنێک دووبارە نەکەینەوە.

**ڕووداو: لەم ماوەیەی پێشوو لێکنزیکبوونەوەی زۆر لە نێوان ئێوە و یەکگرتوو بینرا، پێتوایە بتوانن بەم هەموو جیاوازییە جەوهەرییەی هەتانە لەگەڵ یەکگرتوو یەکبگرن؟**

**بیلال سلێمان:** لەگەڵ برایانی یەکگرتوو خاڵی هاوبەشی زۆرمان هەیە. لە ماوەی ڕابردوودا لیژنەی باڵای هەماهەنگی و هاوکاریمان لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی دروستکرد، دەمانەوێ ئەو لێکنزیکبوونەوەیە شۆڕ بکەینەوە خوارەوە بۆ ڕێکخستن و ئۆرگانەکانی هەردوولا، دیارە لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەرهەمی ئەو لێکنزیکبوونەوەیەیە، لەسەر ئاستی مەڵبەندەکانیش کارو چالاکی و هەماهەنگی دەکرێت و فراکسیۆنەکانمان لە پەرلەمان بەیاننامە و چالاکیی هاوبەش دەکەن. مەرج نییە کۆمەڵ و یەکگرتوو یەکبگرن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە و حیزبێکی نوێ دروست بکەن. دەکرێت بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن و زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە، قەناعەتم بە یەکگرتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو نییە لەم قۆناغەدا، بەڵکو پێویستە زیاتر لە یەکتر نزیک ببینەوە و هەنگاوی عەمەلی بنێین.

**ڕووداو: لەگەڵ حیزبەکانی دیکە پەیوەندیتان لە چ ئاستێکدایە؟**

**بیلال سلێمان:** لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسیەکان پەیوەندیمان ئاسایی و باشە. لەگەڵ برایانی پارتی پەیوەندی دۆستانەمان هەیە و لەگەڵ برایانی یەکێتیش بەهەمان شێوە.

**ڕووداو: غیابی مام جەلال کێشەی بۆ کۆمەڵ دروست نەکردووە لەوەی مامەڵە لەگەڵ کام باڵ و ئاراستە بکەن؟**

**بیلال سلێمان:** نەخێر ئێمە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی مامەڵە دەکەین. مادام هەموو باڵ و کەسایەتییەکان یەکێتین و لە یەکێتی جیانەبوونەتەوە، ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە، هیوادارین کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی بە گفتوگۆ و بە قازانجی هەموو لایەک چارەسەر بکرێن؟

**ڕووداو: بەهۆی هەڵوێستی لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، پەیوەندی ئیسلامییەکان لەگەڵ گۆڕان خراپ نەبووە؟**

**بیلال سلێمان:** وەکو کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندیمان لەگەڵ گۆڕان ئاساییە و هیچ ساردی و کێشەیەکمان نییە.

**ڕووداو: شاندێکی هاوبەشی ئێوە و یەکگرتوو سەردانی بارزانیتان لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە کرد، وا بڵاوکرایەوە کە باسی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەکانتان کردووە؟**

**بیلال سلێمان:** بەڵێ لەو سەردانە پشتگیری خۆمان بۆ داخوازیی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوورخستنەوەی دەستی حیزب و دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی و بێلایەن دەربڕی. لە ڕاستیشدا پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لە داواکارییەکانی ئێمە، واتە سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن کە پاکێجەکانمان بۆ چاکسازی ئامادە کرد. بەڵام دەبێ ئەو یەکخستنە لەسەر بنەمای حیزبی نەبێت کە یەکەکانی 70 و 80 تێکەڵ بکرێن و لیوای هاوبەش لە پارتی و یەکێتی دروست بکرێت، بەڵکو دەبێ لەسەر بنەمای تەمەن و کردنەوەی دەرگا بێت بەڕووی خەڵکی کوردستان بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەوە.

**ڕووداو: هیچ پێشمەرگەیەکی دێرینی ئێوە پەیوەندی بە هێزەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەوە کردووە لە شەڕی داعش؟**

**بیلال سلێمان:** ئێمە نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگەمان هەبوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی عەسکەری زۆربەی ئەو پێشمەرگانە سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆیان و لە بازاڕەکاندا خەریکی ڕاکێشانی عارەبانەن و دووکاندارن و لە زۆر ماف و ئیمتیازات بێبەش کراون، چ لە دامەزراندن لە وەزارەتی پێشمەرگە و چ لە خانەنشینی. ئەمەش غەدرێکی گەورە بوو لە خەباتی ئەو پێشمەرگە دێرینانە. ئەگەر وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوانە هەبێت و بە فەرمی داوایان بکات، دەتوانن بگەڕێنەوە و خزمەت بکەن.

**ڕووداو: وێنەیەکی تۆ لە ئاژانسە ئێرانییەکانەوە بڵاوکرایەوە کە بەشداری لە پرسەی (سەرتیپ حەمید تەقەوی) فەرماندەی سوپای پاسداران دەکەی دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو لە سامەڕا لە شەڕی دژی داعشدا کوژرا؟**

**بیلال سلێمان:** ئەوە شتێکی ئاساییە. بە حوکمی ئەوەی 8 ساڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بووم لە تاران، زۆر لەو سیاسی و فەرماندانە دەناسم، ئەو کاتەی ئەو بەڕێزە گیانی سپارد من لە ئێران بووم، هەم وەکو ئیلتیزامی شەخسی کە برادەرم بوو، هەم وەکو نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری پرسەی حاجی تەقەویمان کرد. ئەو بابەتەش زیاتر پەیج و لایەنگرانی داعش لە دژی ئێمە و کۆمەڵی ئیسلامی جوڵاندیان، ئەگەرنا ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شاهێدیی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا ڕوون و ئاشکرایە. لە ڕۆژی یەکەمی هێرشی داعش بۆ مەخموور و هەولێر، بەندە زۆربەی بەرەکانم بەسەر کردەوە و لەوێ چەندین ڕاوێژکاری سەربازیی ئێرانیم بینین، لێم پرسین چی دەکەن لێرە؟ گوتیان: یارمەتی پێشمەرگە لە دژی داعش دەدەین و تەنانەت بە نامەیەکی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی کۆماری ئیسلامیی کرد لە یارمەتیدانی کورد.

## وەزیرەکەمان دەڵێ ڕێگریم لێناکەن و پشتگیریشم دەکەن

**ڕووداو: قسەوباسێکی گەرم هەیە لەبارەی هەنگاونان بۆ ڕاگەیاندنی کانتۆنی شنگال لەلایەن PKK، کۆمەڵی ئیسلامی ڕای لەسەر ئەم بابەتە چییە؟**

**بیلال سلێمان:** پێش هەموو شتێک شنگال و زوممار و کەرکووک ناوچەی کوردستانین لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەپێی ماددەی 140ی دەستوور دەبێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. ڕای کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئێمە لەگەڵ ڕای پەرلەمانی کوردستان و حکومەتین بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە. وەکو ڕای خۆشم پێموایە کانتۆن تەجروبەیەکی نامۆیە بە هەرێمی کوردستان، دەبێ هەوڵی یەکخستنی پارچەکانی دیکەی کوردستان بدەین نەک زیاتر بەش بەش و پارچە پارچەی بکەین.

---

# حیزبەکان بێ گوتەبێژن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆربەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو ڕووداوە سیاسی ء ئیداری ء کۆمەڵایەتییانەی بە دوای یەکدا دێن، قسەیان زۆرە، بەڵام گوتەبێژیان نییە، بەهۆی ئەوەشەوە هەم پەیوەندیی نێوان حیزبەکان خراپتر دەبێ و هەم مەودای نێوانی حیزب و میدیاکانیش زۆرتر بووە.

هەریەک لە پارتی، یەکێتی، گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی، گوتەبێژیان نەماوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نایشارێتەوە کە "بەهۆی کێشەی نێو مەکتەبی سیاسیەوە دانانی گوتەبێژێک بۆ یەکێتی دواکەوتووە". فەرید ئەسەسەرد، نەچووە نێو وردەکاریی ئەوەی کێشەکە چییە، بەڵام بوونی گوتەبێژ بە گرنگ دەزانێ و دەڵێت "دەبووایە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەرکی گوتەبێژی پێ بسپێردرێ، بەڵام هەندێک کێشە هەبوون، لەبەر ئەوە کەس دەستنیشان نەکرا".

ئازاد جوندیانی، گوتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو کە بەبڕوای ئەسەسەرد "گوتەبێژێکی باش بوو"، بەڵام لەو ساڵانەی جوندیانی گوتەبێژ بوو، زۆرتر بە ڕاستکردنەوەی ئەو بارودۆخە تەمومژاوی و ئاڵۆزکاوانە خەریک دەبوو کە فرە لێدوانیی سەرکردە بیروبۆچوون جیاوازەکانی یەکێتی دروستیان دەکرد. دواتر یەکێک لە بژارەکان بۆ شوێنگرتنەوەی جوندیانی، فەرید ئەسەسەرد بوو.

بەڵام ئەسەسەرد ئەو پێشنیازەی قبوڵ نەکرد "باشترە گوتەبێژی فەرمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت، چونکە بەشداریی کۆبوونەوەکان دەکات و ئاگای لە شتەکان دەبێ".

ئایا حیزبەکان چۆن ڕای فەرمی یەکێتییان دەستدەکەوێ؟ ئەسەسەرد دەڵێ کاتێک بەرپرسانی یەکێتی لێدوان دەدەن و حیزبەکان بەلایانەوە ئاسایی نییە "چاوەڕوانی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی دەکەن قسەیەک بکات یان مەکتەبی سیاسیی ڕاگەیێندراوێک بڵاودەکاتەوە".

گوتەبێژەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بووە پەرلەمانتار و چیدی دەرفەتی ئەوەی نەما گوتەبێژ بێت. جەعفەر ئیبراهیم کە ئێستا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، تاوەکو ئێستا کەس لە شوێنی دانەنراوە.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ تاوەکو ئێستا کەس لە شوێنی کاک جەعفەر دانەنراوە "بەڵام ئەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاری لەسەر دەدات".

دۆخەکە لە دۆخی بانگەشەی هەڵبژاردن دەچێت، حیزبەکان لەسەر ئاستی حکومەت و حیزب و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان لە ناکۆکی و ململانێدان. هەر سەرکردە و کادرێکی حیزبی لای خۆیەوە قسە دەکات. نەبوونی گوتەبێژی حیزبی وایکردووە بۆ خەڵک ڕوون نییە ئایا بەڕاستی ئەوە قسەی فەرمیی حیزبەکانە یان نا؟

چنار سەعد عەبدوڵڵا، دەڵێ لە کاتی ئاوادا حیزب داوا لە حیزبی بەرامبەری دەکات بۆچوونی فەرمی خۆی بخاتە ڕوو "کە گوتەبێژی نەبوو، دەبێ بە فەرمی بە بەیاننامەیەک یان ڕاگەیێندراوێک ڕای خۆی دەرببڕێ". چنار نازانێت حیزبەکەی بەم زووانە گوتەبێژێک دادەنێ یان نا.

لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی شاهۆ سەعید لە بزووتنەوەی گۆڕان، تاوەکو ئێستا ئەو بزووتنەوەیەش گوتەبێژی نییە. د.ئاسۆ مەحموود، لێپرسراوی مەکۆی سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان باسی دەستووری ناوخۆیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و دەڵێ "لە دەستووردا باسی گوتەبێژ نەکراوە". هەرچەندە دانانی گوتەبێژ لەلایەن بزووتنەوەکەوە بە کارێکی ئاسایی دەزانێ ئەگەر دەستووریش باسی نەکردبێ.

ئەو دەڵێت نەبوونی گوتەبێژ کێشەی بۆ دروست نەکردوون، بەڵام دەشڵێت گوتەبێژ هەبێ باشترە.

حکومەتی بنکە فراوان کە هەر پێنج لایەنە سەرەکییەکە تێیدا بەشدارن، وایکردووە زیاتر لە هەموو کاتێک حیزبەکان قسە لەسەر یەکتری بکەن. بەڵام قسەی نافەرمی و لە زمانی ئەوانەوە کە وەک زمانی فەرمیی حیزب مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

گوتەبێژەکەی یەکگرتووی ئیسلامیش بووە وەزیری کارەبا و وەزارەتەکەی خۆی زۆرترین ڕەخنەی لێدەگیرێت. هەرچەندە یەکگرتوو بەرپرسیارێتی دۆخی خراپی بەرهەمهێنانی کارەبا لەخۆی دووردەخاتەوە بەو پێیەی کێشەکە هێندەی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەمەنی درێژە، بەڵام یەکگرتوو قسەکەری فەرمی نییە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بداتەوە.

د. محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ هێشتا کەسێک وەک گوتەبێژی یەکگرتوو دەستنیشان نەکراوە "ئاگاداریش نیم کەی کەسێک دەستنیشان دەکرێت".

## تانەر یڵدز: هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزدەکەینەوە



**رووداو- هەولێر**

تانەر یڵدز، وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا رۆژی 2015/1/18 گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەستنەوەی بۆری نەوتی کەرکووک بە بەندەری جەیهانەوە. یڵدز وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند گفتوگۆیان لەبارەی رێککەوتنە نەوتییەکەی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها گوتی "ئێستا ئاستی هەناردەی رۆژانەی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا لە سنووری 450 هەزار بەرمیلە، کاردەکەین کە ئەم ژمارەیە بۆ 550 هەزار بەرمیل بەرزبکەینەوە".

# 90 %ی ئاوی رووبارەکانی کوردستان بەفیڕۆ دەڕوات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی کەمیی پرۆژەی ئاودێری و بەنداو زیاتر لە 90%ی ئاوی رووبارەکانی کوردستان بەفیڕۆ دەڕوات. پسپۆڕێکی بواری سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئەگەر حکومەت بیر لەدروستکردنی بەنداوی ستراتیژی لەسەر رووبارەکان نەکاتەوە، ئاسایشی ئاو لە کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە".

ژمارەیەک رووبار و زێی گەورە بەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕن و سەرجەمیشیان دەڕژێنە نێو رووباری دیجلەوە بێ ئەوەی تاوەکو ئێستا بیر لە دروستکردنی پرۆژەی ستراتیژیی وەکو بەنداوی گەورە لەسەر ئەو رووبارانە کرابێتەوە. لەوانەش رووباری خابوور کە نزیکەی 1.6 ملیار مەتر سێجا داهاتی هەیە. هەروەها زێی گەورە کە 14،32 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە لە ساڵێکدا و 58%ی ئەو ئاوەش سەرچاوەکەی لە نێو خاکی کوردستاندایە. زێی بچووک کە 7.2 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە و رێژەی 36%ی لە نێو خاکی کوردستاندایە. پاشان ئاوە سپی 7.900 ملیۆن مەتر سێجا ئاو و رووباری سیروان نزیکەی 5.86 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە کە رێژەی 24%ی لەخاکی کوردستانە. بەمشێوەیە ئاوەکانی کوردستان 29.77 ملیار مەتر سێجا ئاو بۆ رووباری دیجلە زیاد دەکەن و بڕی ئاوەکەی دەبێتە نزیکەی 50 ملیار مەتر سێجا ئاو.

ئەم داهاتەی ئاو بەگوێرەی کەشوهەوا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەساڵی 1954دا داهاتی ساڵانەی گەیشتووەتە 106 ملیار مەتر سێجا، بەڵام لە هەندێ ساڵی وشکدا دابەزیوە بۆ 36 ملیار مەتر سێجا.

پرۆفیسۆر د.ئازاد جەلال شەریف، پسپۆڕ و شارەزا لەسامانی ئاو دەڵێت "لە کوردستاندا تاوەکو ئێستا نەتوانراوە وەک پێویست سوود لە ئاوی رووبارەکان وەربگیرێت، تەنیا 10%ی ئاوی رووباری دیجلە لە رێگەی بەنداوەکان و پرۆژەکانەوە گلدەدرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین 90%ی ئاوی رووبارەکان بەفیڕۆ دەڕۆن".

د.ئازاد ئەو پرۆژانەشی بە "ناستراتیژی" ناوبرد و گوتی "بەشی زۆریان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەو پرۆژانە ستراتیژی نین، ئەگەر حکومەت بۆ ئاسایشی ئاو پشت بەو پرۆژە ناستراتیژیانە ببەستێ و بیر لە جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژی نەکاتەوە، دواجار بەهۆی دروستکردنی بەنداوی گەورە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە".

محەممەد ئەمین فارس، بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "پێش راپەڕینی 1991 حکومەتی بەعس بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو پرۆژەی ستراتیژی لە کوردستان بنیات بنێت، لە ساڵی 1991 تاوەکو 2003 رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پرۆژەیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام بەبێ رەزامەندی حکومەتی عێراق نەیاندەتوانی کاری گەورە بکەن. لەدوای ساڵی 2003شەوە بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی بەهەمان عەقڵیەتی بەرپرسانی رژێمی پێشوو بەردەوام بوون لە رەتکردنەوەی هەر پرۆژەکی ستراتیژی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشنیاز کرابێت، بۆیە نەمانتوانی وەک پێویست پرۆژەی ستراتیژی بنیات بنێین".

سەبارەت بە پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گوتی "بەو بڕە بودجە کەمەی هەمانە توانیومانە زۆر پرۆژەی بچووک و مامناوەند جێبەجێ بکەین، بەڵام بەهۆی تێچووی زۆری پرۆژە ستراتیژییەکان نەمانتوانی پرۆژەی گەورە جێبەجێ بکەین".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### گاپ مەترسیدارە

پسپۆڕانی بواری ئاو دەڵێن هەرچەندە ئاو 75%ی گۆی زەوی داپۆشیوە، بەڵام تەنیا 2.5%ی ئاوی سەر زەوی شیرینە و بۆ خواردنەوە دەشێ، ئەم رێژەیەش بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە گۆڕاندایە، بۆیە ئەگەری ململانێ لەسەر ئاو لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە رووبارەکانیان هاوبەشە، ئەگەرێکی بەهێزە.

دکتۆر ئازاد جەلال شەریف بەبیردێنێتەوە کە چەند یاسایەکی نێودەوڵەتی هەن بۆ سیاسەتی سوود وەرگرتن لە ئاوی رووبارە هاوبەشەکان، بەپێی دەقی یەکێک لەو یاسایانە، هەر وڵاتێک کە سەرچاوەی رووبارێکی تێدا هەڵبقوڵێت یان پێیدا تێپەڕێت دەتوانێت 100% سوودی لێ ببینێ، بەڵام لە دەقی یاسای دیکەدا هاتووە کە بۆ هیچ وڵاتێک نییە لەسەر رووباری هاوبەش بەنداو دروست بکات بەبێ رەزامەندی وڵاتانی هاوبەش لە رووبارەکەدا".

گوتیشی "ئەمڕۆ لە دونیادا دەسەڵات و هێز کاریگەرە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا و ئێران بەبێ رەزامەندیی عێراق بەنداوی گەورە لەسەر رووبارە هاوبەشەکان دروست بکەن و لەداهاتوودا ئاوی رووباری دیجلە زۆر کەم ببێتەوە".

محەمەد ئەمین فارس دەڵێت "پاراستنی ئاوی رووبارەکان و هەوڵدان بۆ رێگەگرتن لە دروستکردنی ئەو بەنداوانەی مەترسین بۆ سەر ئاوی عێراق و کوردستان، بەپێی یاسا لەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە، بۆ ئەم پرسەش لەگەڵ حکومەتی تورکیادا گفتوگۆمان کردووە و ئەوان وا بیرناکەنەوە کە 100%ی ئاوی رووباری دیجلە و فورات لە رێگەی بەنداوەوە بگرنەوە، یان بەرامبەر بە نەوت بۆ عێراقی بەربدەنەوە، بەڵام بەردەوامیشن لە دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری و بەنداو لەسەریان".

گوتیشی "پرۆژەی گاپ یەکێک لە پرۆژە مەترسیدارەکانە لەسەر ئاوی رووبارەکان، چونکە پرۆژەکە لە 22 بەنداو و 19 وێستگەی هایدرۆپاوەر پێکهاتووە، یەکێک لەو بەنداوانە بەنداوی ئەلیسۆیە، بەشی زۆری تەواو بووە و بڕیارە ئەمساڵ دەست بە پڕکردنی بکرێت. بەهۆی ئەوەشەوە 50%ی ئاوی رووباری دیجلە کە لە تورکیاوە دێت، کەم دەبێتەوە. چونکە بەنداوەکە پرۆژەیەکی گەورەی ئاودێری لەگەڵدایە بەناوی جەزیرە کە ئاوی زۆری پێویستە".

زێی گەورە کە بەگرنگترین لقی رووباری دیجلە دەژمێردرێ، تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئاوەکەی دەگاتە 14.32 ملیار مەتر سێجا و 58%ی سەرچاوەکانی لەخاکی کوردستاندایە، بەڵام هاوشێوەی رووبارەکانی دیکە نەتوانراوە سوودی لێ ببینرێت.

سەردار عومەر قادر، بەڕێوەبەری ئاودێریی پارێزگای هەولێر دەڵێ "بەشێکی زێی گەورە و ئەو لقانەی کە تێیدەڕژێن لە سنووری پارێزگای هەولێردان، هەرچەندە لە چەندین ناوچە پرۆژەی ئاودێری و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی لەسەر دروستکراوە، بەڵام ئەو رێژەی ئاوەی کە بە رووبارەکەدا دەڕوات بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو رێژە ئاوەی بۆ پرۆژەکان سوودیان لێوەرگیراوە، دەتوانین بڵێین زۆر زۆر کەمە و بەشی زۆری ئاوی رووبارەکە بەفیڕۆ دەڕوات".

سەبارەت بەهۆکاری کەمیی پرۆژەکانیش لەسەر ئەو رووبارە، سەردار عومەر گوتی "پرۆژەکانی ئاودێری تێچوویان زۆرە و توانای دارایی حکومەتیش سنووردارە، حکومەتی عێراقیش وەک پێویست هاوکار نییە و بەرپرسانی حکومەتی کوردستانیش وەک پێویست گرنگی ئەو سامانە نەتەوەیی و نیشتمانییە نازانن".

## بەهۆی هەڵمەتەکانی کوتان

# مرداربوونەوەی ئاژەڵ لە کوردستان لە ستانداردی جیهانییە

**هەرێمی کوردستان خاوەنی 5 ملیۆن و 730 هەزار ئاژەڵە**

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت لە رێگەی هەڵمەتەکانی کوتانی ئاژەڵان توانیویانە کۆنترۆڵی تەواوی نەخۆشییەکانی ئاژەڵ بکەن و رێژەی مرداربوونەوەی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان تا رادەی ستانداردی جیهانی دابەزێنن. گوتیشی "ئەگەر ئەم هەڵمەتی کوتانە نەبووایە رێژەی مرداربوونەوە زۆر بەرز دەبوو".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، کە لە رێگەی تیمەکانی کوتان بۆ ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، نزیکەی 5 ملیۆن و 743 هەزار ئاژەڵ (3،513،677 سەر مەڕ، 1،871،918 سەر بزن، 357،453 رەشەوڵاخ) لە کوردستان هەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵانە لەرێگەی 96 تیمی گەڕۆکەوە 5 هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشییەکانی تەبەقە (FMD)، لاڕەشە، دانکە (POX)، دەردە مەڕ و بزن (PPR)، بەرهاوێشتن (بروسیلا)، کولکە پیسە (ئەنتراکس) بەڕێوەدەبات.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستی ئاژەڵ، دەڵێت "ئامانجمان لەم هەڵمەتانە، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی ئاژەڵانە کە دەبنە هۆی مرداربوونەوە و لاوازبوون و بەرهاوێشتنی ئاژەڵان و تووشکردنی مرۆڤ بە هەندێ نەخۆشی".

گوتیشی "هەر هەڵمەتێک لەکاتی خۆی ئەنجام دەدرێ و باشترین ڤاکسینی باوەڕپێکراویش بەکاردەهێنین، بۆ نموونە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی تەبەقە کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئاژەڵەکە و مردنی بێچووەکانی و کەمبوونەوەی بەرهەمی شیریان، ساڵانە 2 هەڵمەت لەدوو کاتی جیاواز ئەنجامدەدەین، تەنیا لەساڵی رابردوودا بەدوو هەڵمەت ملیۆنێک و 978 هەزار مەڕ و نزیکەی 733 هەزار بزن و 167 هەزار و 633 رەشەوڵاخمان بەڤاکسینی دژە نەخۆشییەکە کوتاوە".

### رێژەی مرداربوونەوە 5 % ـە

ئەم هەڵمەتانە کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر دابەزینی رێژەی مردن لە نێو ئاژەڵاندا. دکتۆر میقداد گوتی "توانیومانە رێژەی مرداربوونەوە لە هەرێمی کوردستان تا ئاستی ستانداردی جیهانی کە 5%ە دابەزێنین".

گوتیشی "ئەگەر ئەم هەڵمەتانە نەبوونایە رێژەکە زۆر بەرز دەبوو، بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر سەربڕینی ئاژەڵیش لەکوردستان هەیە، ژمارەی ئاژەڵان لە کوردستان زۆرکەم دەبووەوە".

لەماوەی دوو ساڵ و 10 مانگی رابردوودا ملیۆنێک و 876 هەزار سەر مەڕ و بزن و نزیکەی 245 هەزار رەشەوڵاخ سەربڕاون. دکتۆر میقداد دەڵێت "ئەمە ژمارەیەکی زۆرە بەراورد بە ژمارەی زیادبوونی ئاژەڵان".

### ئەو نەخۆشیانەی دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت هەندێ لەنەخۆشییەکانی ئاژەڵ گوازراوەن و مەترسین بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، بۆ نموونە تای ماڵتا و بروسیلا (بەر هاوێشتن) هەر کەسێک شیر و گۆشتی ئاژەڵی تووشبوو بەم نەخۆشیانە بخوات، تووشی نەخۆشییەکە دەبێت، جگە لەوە نەخۆشی هاریی سەگ و تورەگەی ئاوی.



هەندێک لە ئاژەڵداران باوەڕیان بە کوتانی ئاژەڵەکانیان نییە

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

هەروەها نەخۆشی ئەنتراکس کە لە رێگەی ئاژەڵەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و نەخۆشییەکی کوشندەیە و دەستی مرۆڤ رەش دەکات "بۆیە ئەو هەڵمەتانە بۆ تەندروستی مرۆڤیش زۆر گرنگن".

### ئاژەڵەکانیان ناکوتن

سەرەڕای ئەنجامە باشەکانی هەڵمەتەکانی کوتان بۆ تەندروستی ئاژەڵ کە بێ بەرامبەریشە، بەڵام هێشتا 20%ی ئاژەڵداران، ئاژەڵەکانیان ناکوتن.

دکتۆر ئاری سەلاحەددین، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی دەڵێت "بەشی زۆر ئاژەڵداران بەتایبەتیش ئەوانەی ئاژەڵداری راستەقینەن، گرنگی بە کوتانی ئاژەڵەکانیان دەدەن و پێشوازی لە تیمەکانمان دەکەن، بەڵام هەندێ لە ئاژەڵداران ئاژەڵەکانیان ناکوتن".

گوتیشی "هەڵمەتەکانی کوتان بەشێوەیەکی زۆرباش بوونەتە هۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی نەخۆشییەکان، بەم هۆیەشەوە لەماوەی 6 ساڵی رابردوودا هیچ نەخۆشییەکی مەترسیدار لەنێو ئاژەڵانی پارێزگای سلێمانی بڵاونەبووەتەوە".

لەتیف حەمەد ئەمین، ئاژەڵدارێکی گوندی لاجانی سەر بەناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، خاوەنی زیاتر لە 50 سەر ئاژەڵە و ساڵانە لەرێگەی تیمەکانەوە ئاژەڵەکانی دەکوتێت و دەڵێت "بەهۆی ئەو هەڵمەتانە، تەندروستی ئاژەڵەکانمان زۆرباشە و مرداربوونەوە لەنێویاندا زۆر کەمبووەتەوە".

گوتیشی "ئەو کەسانەی کە کوتانی ئاژەڵەکانیان رەتدەکەنەوە، دەڵێن ئاژەڵەکانیان دوای کوتان لاواز دەبن، بەڵام ئەوانە شارەزاییان نییە و لەگرنگیی کوتان تێنەگەیشتوون، چونکە بەهیچ شێوەیەک کوتانی ئاژەڵ نابێتە هۆی لاوازبوونی".

### بەهۆی ئاژەڵی قاچاخ بوو

ساڵی 2013 نەخۆشییەکی نوێ بەناوی (lumpy skin disease) لەدەڤەری ئامێدی دەرکەوت دوای چەندین هەوڵ و کۆشش توانرا نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ بکەن. زیاتر لە 130 حاڵەتی تووشبوون بەم نەخۆشییە تۆمارکرا و 36 حاڵەتی مرداربوونەوەی لێکەوتەوە.

دکتۆر دیار تەیب، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری دهۆک لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە بە (رووداو)ی گوت "ئەو نەخۆشییە لە رێگەی ئەو ئاژەڵانەوە بڵاوبووەوە کە لە تورکیاوە بۆ کوردستان بە قاچاخ هێنرابوون.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت "ئەم نەخۆشییە زۆر مەترسیدارە، چونکە زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە، نەخۆشییەکەش زیاتر تووشی رەشەوڵاخ دەبێت، بەهۆیەوە پێستی ئاژەڵەکە تووشی زیبکەی ورد دەبێت، ئاژەڵەکەش تووشی تایەکی بەرزدەبێت و ئارەزووی خواردنی نامێنێت و بەماوەیەکی کەم کێشی زۆر دادەبەزێت و پاشان مردار دەبێتەوە".

**هەڵمەتەکانی کوتان لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری پارێزگاکان بۆ ساڵی 2014**

| ناوی نەخۆشی | ژمارەی گوند | ژمارەی ئاژەڵدار | ژمارەی ئاژەڵی کوتراو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | مەڕ | بزن | رەشەوڵاخ |
| تەبەقە (دوو هەڵمەت) | 3425 | 27794 | 1.978.108 | 732.950 | 167.633 |
| لاڕەشە | 205 | 1634 | _ | _ | 24479 |
| دانکە | 2496 | 9118 | 1.267.040 | 448982 | _ |
| دەردە مەڕ | 1942 | 8707 | 1.173.690 | 417.243 | _ |
| بەرهاوێشتن (بروسیلا) | 1564 | 6576 | 406548 | 172.823 | _ |
| ئەنتراکس | 161 | 1366 | 42464 | 37402 | 6460 |

## سەفەرێک بۆ کانتۆنی جزیرێ

# سیمکارتی تورکی متمانەی زیاترە لە سیمکارتی کوردی

## لەشفرۆشی نەماوە بەڵام تەعریب ماوە

**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- قامشلۆ**

پەڕینەوە لە سنووری نێوان باشوور و رۆژئاوای کوردستان جیاوازە لە پەڕینەوە بۆ باکوور یان رۆژهەڵاتی کوردستان. کاتێک لەمبەری رووباری پێشابیر دوو پێشمەرگە جانتاکانیان دەپشکنین، بیرم لای ئەوە بوو کە دەبێ لەوبەری ئاو کێ بمانپشکنێت. هەستی خۆش ئەوەبوو کە ئەم سەفەرە وەکو سەفەرەکانی دیکەی ژیانم نەبوو. جیاوازییەکەشی ئەوەبوو کە لەمبەری سنوور و لەوبەری سنوور هەر بە کوردی بەرێدەکراین و بەخێردەهێنراین. وام هەستدەکرد هەنگاوێک نزیکتر بووینەتەوە لە سەربەخۆیی.

کاتێک سواری بەلەمەکە بووین، لەوبەرەوە کوڕێک و کچێکی گەنجمان بینی کە بەچەکەوە هاتوونەتە قەراخی ئاوەکە. ئەوان شەڕڤانانی کانتۆنی جزیرێ بوون. کانتۆنێک کە سێ ساڵە هەیە و قسەی زۆر لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی هەیە. ئێمەش هاتووین لەوە بکۆڵینەوە کە چەند لەو قسانە راستن.

### تەوقە لەگەڵ شەڕڤان

کاتێک لە بەلەمەکە دابەزین، شەڕڤانێک دەستی راکێشا بۆئەوەی هاوکاریم بکات. پێشتر پێیانگوتبووم کە خۆشترین بانگکردن لای ئەوان ئەوەیە پێیانبڵێی "هەڤاڵ". بۆیە سوپاسی "هەڤاڵ"مکرد و پێمگوت کە رۆژنامەڤانین و میوانی کانتۆنی جزیریێین. شەڕڤانەکە بەپێکەنینەوە بەخێرهاتنی کردین و نەیهێشت جانتاکانمان بپشکنن.

ئەو شوێنەی شەڕڤانەکانی لێ راوەستابوون لە شوێنی پەڕاندنەوەی نەفەری قاچاخ دەچوو نەک خاڵی سنووری. جگە لە خێوەتێکی بچووک، هیچی دیکەی لێنەبوو. لەوێوە ئۆتۆمبێلێک لەگەڵ نەفەری دیکەدا سواری کردین و پێنج خولەک رۆیشتین تا گەیشتینە ئەو شوێنەی بەراستی کۆمەڵگەی سنووری بۆ پێشوازیکردن بوو. لەوێ کابینەی سەفەری دانرابوون و هەریەکەیان بارەگای فەرمانگەیەک بوون. یەکێکیان ئاسایش بوو. یەکێکی دیکە گومرگ بوو. ئەوی دیکەش بەشی پێشوازی لە رۆژنامەنووسان و رێکخراوە بیانییەکان بوو. لەو دوایین بەشەدا گەرموگوڕ پێشوازییان لێکردین. تا چایەکمان خواردەوە، مامەڵە یاساییەکانی دەربازبوون بۆ نێو کانتۆنی جزیرێ تەواوبوون. لەگەڵ پاسپۆرتی هەریەکێکیشماندا کاغەزێکمان وەرگرت کە ڤیزای دەربازبوون بوو بۆ کانتۆن. ئەوان گوتیان نابێ ئەو کاغەزە ون بکەین و لە هەر شوێنێک داوای بەڵگەنامەی دەربازبوونمان لێکرا، دەبێ ئەوەیان پێشان بدەین. لەسەر کاغەزەکە بە کرمانجی و عەرەبی نووسرابوو تەنیا بۆ ماوەی 10 رۆژ مافی مانەوەمان هەیە.

### تەعریب لە سنوورەوە

هێشتا پێنج خولەک لە سنوور دوورنەکەوتبووینەوە گوندێکی قەرەباڵخمان بینی. منداڵانی گوندەکە لە گورەپانێکی سەرەولێژ یارییان دەکرد. لەودیوی جادەکە دوو پیاو خەریکی بردنە ژوورەوەی رانە مەڕێک بوون بۆ نێو کادێن. هەردووکیان جامانەی سووریان کردبووە عەگال. لە رۆژئاوای کوردستان کوردیش عەگال دەبەستن، بۆیە وامزانی ئەوانە کوردن. وێنەی گوندێکی وا ئاوەدانی کوردستان زۆر سەرنجی راکێشام. لە شۆفێری تەکسییەکەم پرسی: "خەڵکی ئەم گوندە لە کام عەشیرەتن؟" دەموچاوی تێکنا و گوتی: "عەرەبی غەمرن". ئەو ناوچەیە ناوچەی کۆچەرانە. کۆچەر هۆزێکی گەورەن و لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان نیشتەجێن. لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا حکومەتی سووریا عەرەبی عەشیرەتی غەمری هێناوەتە ئەو ناوچەیە و گوندی نوێی بۆ دروستکردوون. ئێستا کە ساڵی 2015یە حکومەتی سووریا لەو ناوچەیە نەماوە، بەڵام ئەو عەرەبانە و گوندەکانیان هەر ماون.

### مۆڵەت لە رۆژنامەنووسانی "ئازاد"

لە رێگە دەمانەوێ وێنەی ئەو بیرە نەوتە زۆر و زەوەندانە بگرین کە دەیانبینین. هەر دوو خولەک جارێک ئۆتۆمبێلێکی شەڕڤانان بەتەنیشتماندا تێدەپەڕێت. شۆفێرەکەمان ئامۆژگاریمان دەکات ئەو کارە نەکەین و چاوەڕوان بین تاوەکو مۆڵەت لە "دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد" وەردەگرین. لە کانتۆنی جزیرێ رۆژنامەنووسان بۆیان نییە بەبێ مۆڵەت و ئاگاداریی ئەو دەستەیە کار بکەن. ئەمە تەنیا بۆ رۆژنامەنووسانی بیانی نییە. هەرکەسێک لە نێوخۆی رۆژئاوای کوردستانیش بیەوێ کاری رۆژنامەڤانی بکات و ئەو دەستەیە مۆڵەتیان نەدابێتێ، دەبێ چاوەڕوان بێت لە هەر ئان و ساتێکدا دەستگیر بکرێت. لەبەرئەوەی کاتەکەی درەنگە، بڕیار دەدەین ئەو شەوە لە شاری دێرک بمێنینەوە و رۆژی دواتر بچینە قامشلۆ کە بارەگای دەستەکەی لێیە.

### ژیانی شەوان لە دێرک

دێرک ئارامترین شاری رۆژئاوای کوردستانە. دوورە لە شەڕی داعش و لەوەتەی پشێوییەکانی سووریا دەستیپێکردووە تەنیا یەک جار تەقینەوە تێیدا روویداوە. لەنزیک دێرک کەمپێکی پەنابەران هەیە کە ناوی کەمپی نەورۆزە. لەوێ ئاوارەکانی شنگال و حەڵەب و حومس نیشتەجێکراون. بازاڕی دێرک بە شەوان تاوەکو کاژێر هەشت کراوەیە. کارەبای نێو بازاڕ لەڕێی مولیدەکانەوە دابین دەکرێت کە بە ئەمپێرە. لە سەنتەری شاری دێرک 200 مەتر لە شەقام گیراوە و ئۆتۆمبێل ناتوانێ پێیدا تێپەڕێت. لەو ناوچەیەدا بارەگای ئاسایشی دێرک هەیە. ئێمە لە هوتێلێک دابەزیوین کە خاوەنەکەی ئاشوورییە. ئەو هێندە میوانی کەمە کە تەنیا ئەگەر کەسێکی خەڵکی دێرک تەلەفۆنی بۆ بکات دەچێت دەرگای میوانخانەکەی دەکاتەوە و ژوور ئامادە دەکات. لەنێو هوتێلەکەدا باڕێک هەیە کە بۆی نییە بەر لە کاژێر حەوتی ئێوارە بیکاتەوە. ئەو باڕانەی دیکەش کە لەنێو دێرکن هەمان بڕیاری کانتۆنی جزیرێ دەیانگرێتەوە.

بەر لە کاژێر هەشت لە هوتێلەوە دەچینە ناو بازاڕی دێرک. سەرمایەکی تەزێنەر لێماندەدا. چاوساخەکەمان بەشانازییەوە دەڵێت: "شارەکەی ئێمە ئەوەی خۆشە کە نە بە زستانان ساردە و نە بە هاوینان گەرمە". بەڵام بۆ ئێمە کە لە هەولێرەوە هاتووین، سەرمایەکی بێ ئامان هەیە! کاتێک بەپێ بەبەردەم ئاسایشدا تێدەپەڕین، لە بارەگایەکی تەنیشتییەوە ژنێک بەچەکەوە هەڵدەستێتە سەرپێ. سەیری تابلۆکەی سەر سەری دەکەم، نووسراوە: ئاسایشی ژنان. لە کانتۆنی جزیرێ ئاسایشێکی تایبەت هەیە بۆ پرسینەوە لە مافەکانی ژنان.

لەنێو بازاڕی دێرکدا زۆربەی ئەو کچانەی بەو کاتەی شەو لەدەرەوەن لەچکیان نەکردووە. خەڵکی ئەوێ دەڵێن هیچ حیزبێکی ئیسلامی لەو ناوچەیەدا ئەوەندە جەماوەری نییە.

دوکاندارانی دێرک تەلەڤزیۆنەکانیان بە بەردەوامی لەسەر دوو کەناڵ دادەنێن. یەکێکیان کەناڵی ئەلحەدەسی عەرەبییە و یەکێکی دیکەش رووداوە. ئەوەی یەکەم بۆ هەواڵەکانی تایبەت بە سووریایە و ئەوەی دووەمیش بۆ هەواڵەکانی رۆژئاوا و بەشەکانی دیکەی کوردستانە.

### مانەوەی تەعریب، نەمانی لەشفرۆشی

بەیانییەکی زوو بە تاکسی لە دێرکەوە بەرێدەکەوین بۆ دێرک. شۆفێری تەکسییەکەمان دەمانچەیەکی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەو دەڵێت لە دێرکەوە تاوەکو قامشلۆ هیچ مەترسییەک نییە، "بەڵام قایمکاری باشە هەبێت"! لە کانتۆنی جزیرێ هەر هاووڵاتییەک بۆی هەیە سێ پارچە چەکی لە ماڵەکەیدا هەبێت: دەمانچەیەک و دوو چەکی سووکی وەکو کلاشینکۆف. لە سەردەمی حکومەتی سووریا ئەوە رێگەپێدراو نەبوو.

لەسەر رێگە شۆفێری تەکسییەکەمان بیرەوەرییەکانی لەسەر شار و گوندەکانی سەر رێگە دەگێڕێتەوە. لەنێوان هەر دوو گونددا تووشی گوندێکی عەرەبان دەبین. شۆفێرەکە دەڵێت جاران ئەو گوندانە شوێنی لەشفرۆشی بوون، بەڵام لەوەتەی کانتۆن راگەیەندراوە ئەوە نەماوە. لێیدەپرسم: "گەنج نیگەران نین لەوەی لەشفرۆشی نەماوە؟" سەیرێکم دەکات و وەڵامدەداتەوە: "نا، بەرژەوەندیی شۆڕش لەوەدایە". شار و گوندەکانی سەر رێگەی قامشلۆ تۆزاوی و لەبیرکراون. بەڵام تا چاو بڕ بکات زەویی سەوز و دارستانی چڕ هەن.

### پاڵاوگەی نەخۆشی

رێگەی نێوان دێرک و قامشلۆ کاژێر و نیوێکە. لەو نێوانەدا بە بەردەوامی چاوت بە بیری نەوت و ئامێرەکانی دەرهێنانی نەوت دەکەوێت. لەتەنیشت ئەو ئامێرانەش تانکیی گەورەی لە لەوح دروستکراو هەن کە نەوتە خاوە دەرهێنراوەکانیان تێدا پاشەکەوت دەکرێت. لەبەردەم هەندێک لەو بیرە گەورانەدا خاڵی پشکنینی شەڕڤانان و ئاسایش هەن. لەو خاڵانەی پشکنیندا جگە لە ئاڵای پەیەدە و یەپەگە و یەپەژە، وێنەی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەن کە بە وێنەی شەهیدان دەورەدراوە. کاتێک سڵاو لەو شەڕڤانە دەکەیت کە داوای ناسنامەت لێدەکات، لەپشت سەرییەوە وێنەی ئاپۆ و ئاڵاکان دەبینیت، لەودیوی ئەوانیشەوە بیرە نەوتەکان دیارن.

نەوتی ئەو ناوچەیە لە پاڵاوگەی سەرەتایی دەردەهێنرێن. ئەو پاڵاوگانە دووکەڵێکی گەورەیان لێهەڵدەستێ و هەندێکیان لەسەر رێگە دیارن. دووکەڵێکی سپی، کە دەڵێی یەکسەر دەبنە پەڵە هەور. پزیشکێکی رۆژئاوای کوردستان پێیگوتم ئەو دووکەڵە سپییە تەنیا بۆ کرێکارەکانی پاڵاوگەکان نا، بەڵکو بۆ دانیشتووانی نزیک پاڵاوگەکانیش مەترسیی گەورە دروست دەکەن. یەکێک لەو گازە خنکێنەرانەی ئەو پاڵاوگانە بڵاویدەکەنەوە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆنە. هەناسەتەنگی و شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی پێست لە دەرهاویشتەکانی بڵاوبوونەوەی ئەو دووکەڵە و ئەو گازانەن.

لەسەر جادde بەردەوام تووشی ئەو ماتۆڕسوارانە دەبیت کە دوو یان سێ دەبەی رەشداگەڕاوی نەوتیان پێیە و لەو پاڵاوگانە دەگەڕێنەوە. ئەوان ئەو نەوتە دەهێنن و دەیخەنە ناو دەبەی بچووکی کۆڵاوە و بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. هەریەکە لەو ماتۆڕسوارانە دەموچاو و دەست و لەشیان رەش رەش داگەڕاون.

ئەو نەوتەی ئەوان دەیهێنن بە رەزامەندیی کانتۆنی جزیرێ لەو زۆرتر لە 1300 بیرە نەوتە دەردەهێنرێت و دەپاڵێورێت کە مافی دەرهێنانی دراوەتە هەندێک بازرگان و بەرپرسی کورد و عەرەب.

### پەیوەندییە ئاڵۆزەکە لەناو قامشلۆ

کاتێک گەیشتینە نێو شاری قامشلۆ هەستێکی خۆش دایگرتین، چونکە لە دەروازەی شارەوە تاوەکو بەرەو قووڵایی دەڕۆیشتین تەنیا نووسینی کوردی و وێنەی شەهیدانی کورد هەڵواسرابوون. بەڵام لە سەنتەری شار ئەو وێنەیە گۆڕا. شۆفێری تەکسییەکەمان پێیگوتین بۆئەوەی بگەینە بارەگای دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد، دەبێ بە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی سوپای سووریادا بڕۆین. وامانکرد و بە چاوی خۆمان سەربازی سووریمان بینی کە لەنێو قامشلۆ دەستیان لەسەر ماشەی تفەنگەکانیان بوو. بارەگای دەستە هەمووی پەنجا مەتر لە خاڵێکی پشکنینی سوپای سووریاوە دوورە. هەموو رۆژێک ئەو کەسانەی لەو بارەگایە دەوام دەکەن دەبێ بەو خاڵی پشکنینەدا تێپەڕن. بەڵام هەمیشە چەکدارێک لەناو ئەو بارەگایەدا هەیە و ئەرکی داکۆکیکردنە لێی. کاتێک ئێمەش خۆمان گەیاندە ئەوێ، چەکدارەکە ناسنامەکانی لێوەرگرتین و لەدوامانەوە هاتە سەرەوە. لەوێ هەریەکەمان کاغەزێکی شینمان بۆ دروستکرا کە ناوی خۆمانی لەسەر نووسرابوو. لەشوێنی ئەو دەزگایەش کە کاری بۆ دەکەین، تەنیا نووسرابوو "سەربەخۆ". ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی بۆ دروستکردین گوتی: "ئەمە باشترە بۆخۆتان و تەشقەڵەتان بۆ دروست نابێ"!

### ئاڵای سووریا لە هەموو شوێنێکە

لە قامشلۆ ئاڵای سووریا لە کەم شوێنی شارەکە هێندراوەتە خوارەوە. بارەگای ئەنجوومەنی شارەوانیی قامشلۆش، کە سەر بە پارێزگای حەسەکەی حکومەتی سووریایە، دەرگاکانی لەسەر پشتە. هەروەها بانک و شوێنە گشتییەکانیش هەموویان بە وێنەی بەشار ئەسەد و ئاڵای سووریاوە کراوەن. سەیرەکەش ئەوەیە کە لە هەندێک شوێندا پۆلیسی هاتوچۆی کانتۆنی جزیرێ و پۆلیسی سووری تێکەڵاو دەبن. پۆلیسەکانی کانتۆن بە رق و تووڕەییەوە باسی ئەو پۆلیسانەی سووریا دەکەن و دەڵێن: "پارەخۆرن". بەڵام خەڵکی نێو قامشلۆ بۆیان باسکردم کە هەندێک لەو پۆلیسانەی کانتۆنیش بەدزی پارە لە شۆفێران وەردەگرن. یەکێکیان زۆر هەوڵی لەگەڵدام باسی سەختیی باری ژیانی خۆی و بێ مووچەییەکەی بکات، بەڵام من هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست لە خزمەتکردنی شۆڕشدا!

### گردەکەی کۆڕەک

لە شاری دێرک گردێک هەیە ئێواران ئۆتۆمبێل تێیدا کۆدەبنەوە. ئەو گردە بەوە بەنێوبانگە کە باشتر لە هەر شوێنێکی دیکەی ئەو شارە شەبەکەی مۆبایلی کۆڕەک تێیدا بەهێزە. یەکێک نەشارەزا بێت و بێتە ئەو ناوچەیە وا هەستدەکات ئەوانەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکانیاندا هاتوونەتە ئەو گردە خەریکی خواردنەوە یان دڵدارین، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە هەموویان بە سیمکارتێکی کۆڕەک خەریکی پەیوەندیکردنن بە کەسوکاریانەوە لە باشوور.

ئێوارەیەک لەنزیک کەمپی نەورۆز خەریکی وێنەگرتن بووین، کەسێک کە ئێمەی دەناسی و دەمانناسی تەلەفۆنی بۆ ئاسایش کردبوو. دوو گەنج بە ماتۆڕێک و بەچەکەوە هاتن و هەرچی بەڵگەنامەی سەفەر و مۆڵەتی دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد بوو لێیانسەندین. دەبووایە بەدواشیاندا بڕۆین بۆ بارەگای ئاسایشی کەمپی نەورۆز. ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگا ماینەوە، یەکێک لە پاسەوانەکان گوتی: "هەڤالان رۆیشتوون بۆ دێرک بۆئەوەی لە راستی و دروستی مۆڵەت و ناسنامەکانتان بکۆڵنەوە". داوامانلێکردن تەلەفۆنێک بۆ "ئەو هەڤالانە" بکەن و پێیانبڵێن ئێمەش دەچینە ئاسایشی دێرک، بەڵام گوتیان نابێ لێرە بجووڵێن و تەلەفۆنیش ناکەین. هۆی تەلەفۆن نەکردنەکەیان ئەوەبوو کە ئامێری بێتەلیان نەبوو، هیچ هۆکارێکی دیکەی پەیوەندیش نەبوو لەنێوان ئەوان و ئاسایشی دێرکدا.

لە سەرتاسەری رۆژئاوای کوردستان کێشەی پەیوەندیکردن هەیە. بەرپرسانی پەیەدە و کانتۆن هەریەکەیان و دوو سیمکارتی تورکییان پێیە، بەڵام کەسیان سیمکارتی کۆڕەک یان ئاسیا هەڵناگرن. یەکێکیان پێیگوتم: "گەرەنتی چییە ئەگەر کۆڕەک و ئاسیا هەڵبگرین چاودێریمان ناخرێتەسەر؟" ئەو متمانەی بە سیمکارتی تورکی زیاتر بوو لە سیمکارتی کوردی.

لەو ماوەیەدا کە لە کانتۆنی جزیرێم دوو جار ئاسایش دەستگیری کردووین. جاری دووەم ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئامۆژگارییەکی دۆستانەی کردم: "کاتێک وەکو رۆژنامەڤان دێیت لەم ناوچەیە کاربکەیت چیی تێدایە ئەگەر بێیت بۆ ئاسایش و پرسێکمان پێبکەیت کە بۆت هەیە لەسەر فڵان مژار کار بکەی یان نا؟ قابیلە وەڵامی ئێمە چی دەبێت؟ یان دەڵێین بەڵێ یان دەڵێین نا"! هەر ئەو ئەفسەری لێکۆڵینەوەیە مۆڵەتی کارکردنەکەی لێسەندینەوە و وایکرد بەرلەوەی کارەکانمان تەواو بکەین کانتۆنی جزیرێ بەجێبهێڵین.











کامەران عومەر:

## سروودەکانمان کرچ و کاڵن



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند کامەران عومەر گلەیی لەو کارانە هەیە کە بۆ پێشمەرگە کراون و دەڵێت ئەو سروود و گۆرانیانەی بۆ پێشمەرگە گوتراون "کرچ و کاڵن". کامەران عومەر کە دەمێکە هیچ بەرهەمێکی هونەری بڵاونەکردووەتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت کە بەرهەمێکی گۆرانی ئامادەیە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و پێشمەرگە، جاری بەرهەمەکەی بڵاوناکاتەوە. لەو ماوەیەدا 350 سرود و گۆرانی بۆ پێشمەرگە گوتراون، بەڵام کامەران عومەر هیچ گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە نەگوتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت "بەداخەوە ئەوەی سروودێک یان گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە گوتووە، دەڵێ خزمەتی پێشمەرگەم کردووە، لەکاتێکدا قودسیەتی پێشمەرگە زۆر لە سروودێک گەورەترە کە هونەرمەندێک بچێت کارێکی کرچ و کاڵی بۆ بکات".

## هیندییەکان دەڵێن فارس بوون

# بۆلیوود دوو فیلم لەسەر شیرین و فەرهاد دروست دەکات







**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- مۆمبای**

دەرهێنەرانی هیندی تاوەکو ئێستا دوو فیلمیان لەسەر شیرین و فەرهاد دروستکردوون، بەڵام ئەوان ئەو دوو عاشقە بە فارس دەزانن نەک کورد. دەرهێنەرێکی هیندی دوای ئەوەی دڵنیا دەبێتەوە کە ئەوانە کورد بوون، دەڵێت ئەمجارە هەر فیلمێک بەو ناوە لە بۆلیوود دروست بکرێت، بەبیریان دێنێتەوە کە ئەوانە کورد بوون.

لە زۆربەی داستانە ڕۆمانسییەکانی هیندستاندا لەپاڵ ناوی ڕۆمیۆ و جولێت، لەیلا و مەجنون، ناوی شیرین و فەرهادیش دەهێنرێ. بۆلیوود تاوەکو ئێستا 2 فیلمی لەسەر داستانی شیرین و فەرهاد بەرهەمهێناوە لەگەڵ چەند گۆرانییەک کە باسی ئەو دوو عاشقە کوردە دەکەن. دەرهێنەر و ئەکتەرانی هەردوو فیلمی شیرین و فەرهاد دەڵێن ئەوان داستانی شیرین و فەرهادیان بە داستانێکی فارسی زانیوە.

### شیرین و فەرهاد بە کۆمیدیا

ساڵی 2012 فیلمێکی کۆمیدی لە بۆلیوود بەرهەم هات، بەڵام تەنیا ناوەکەی شیرین و فەرهاد بوو. بۆمان ئیرانی کە ڕۆڵی فەرهادی لەو فیلمەدا بینیبوو، بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەو فیلمەی ئەوان کردوویانە باس لە داستانی ڕاستەقینەی شیرین و فەرهاد ناکات، بەڵکو فیلمەکەی ئەوان بەشێوازێکی کۆمیدی باس لە خۆشەویستیی ژن و پیاوێک دەکات کە بێ سنوور یەکدییان خۆشدەوێت، بۆیە ناوی شیرین و فەرهادیان بۆ فیلمەکە هەڵبژارد.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی لیلا بانسالی سیگال و لە بەرهەمهێنان و سیناریۆی سەنجەی لیلا بانسالە. فەرەح خان و کەڤین داڤی و بۆمان ئیرانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. ماوەی فیلمەکە 122 خولەکە و داهاتەکەشی 94 ملیۆن ڕوپیە (یەک ملیۆن دۆلار) بوو.

بۆمان لەبارەی داستانی شیرین و فەرهاد گوتی "لە هیندستان ئەو داستانە زیاتر بە داستانێکی فارسی ناسراوە، نازانم تا چەند لە کورد نزیکە، بەڵام ئەوە دەزانم کە کورد یەکێکن لە پێکهاتەکانی ئێران، بۆیە بە دووری نابینم کە شیرین و فەرهاد کورد بووبن.

### 60 ساڵ لەمەوبەر فیلمیان لەسەر دروستکردووە

سەنجەی لیلا بانسالی، نووسەری سیناریۆی فیلمی فەرهاد و شیرین بە (ڕووداو)ی گوت کە شیرین و فەرهاد ناوێکی ناسراو بووە لە بۆلیوود و ساڵی 1956 بۆ یەکەمجار فیلمی لەسەر بەرهەم هێنراوە کە باس لە داستانی ئەو خۆشەویستییە دەکات، هەروەها باس لە خەسرەو دەکات کە عاشقی شیرین دەبێت و بەربەست لەبەردەم خۆشەویستیی شیرین و فەرهاد دروست دەکات و مەرجی کونکردنی کێوی بێستوونی لەسەر دەسەپێنێ.

ئەو سیناریستە هیندیەی بۆلیوود هەمان ڕای بۆمان ئێرانی هەبوو لەبارەی مێژووی ڕاستەقینەی داستانی فەرهاد و شیرین کە بە فارسی ناسراوە، بەڵام بێ ئاگایی خۆی دەربڕی لەوەی کورد بووبن. ئەو سیناریستە ئاماژەی بەوە کرد کە شیرین و فەرهاد ناوێکی ناسراون لە هیندستان، بەڵام ڕەچەڵەکی ناوەکە هیندی نییە. سەنجەی باسی لەوەش کرد کە دەرهێنەری فیلمەکە بۆ خۆی بە ڕەچەڵەک ئێرانی بووە، بۆیە لەساڵی 1956 چیرۆکی عیشقی فەرهاد و شیرینی کردە فیلم "ئەو داستانە لە ڕێگای ئێرانییەکانەوە خزایە نێو سینەمای هیندی، بەڵام لەنێو دەق و کتێبە هیندییەکاندا داستانی شیرین و فەرهاد نامۆ نەبوو، من بەخۆم چەند کتێبێکم لەسەر خوێندووەتەوە".

کاتێک لەگەڵ سەنجەی لە تۆڕی ئینتەرنێت بەدوای زانیاریدا دەگەڕاین لەبارەی شیرین و فەرهاد، سەنجەی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە شیرین و فەرهاد کوردن، بۆیە گوتی "ئەگەر فیلمێکی دیکە لە بۆلیوود بەم ناوە دروستکرا، پێیان دەڵێم ناوی کورد لەبیر نەکەن".

### ئیشواریا ڕای گۆرانی لەسەر گوتوون

داستانی شیرین و فەرهاد تەنیا جێی سەرنجی فیلمسازان نییە، بەڵکو گۆرانیبێژانیش بۆ تێکستی گۆرانییەکانیان کەڵکیان لێوەرگرتووە.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) چەند گۆرانیبێژێکی هیندی لە گۆرانییەکانیاندا ناوی شیرین و فەرهادیان هێناوە. دیارترینیان ئاشواریا ڕای باچچان و ئەبهشیک باچچانی مێردیەتی کە لە فیلمی سەلام گۆرانییەکیان بەسەر شیرین و فەرهاددا گوتووە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، شیرین و فەرهاد داستانێکی کوردییە لە سەردەمی ساسانییەکان ڕوویداوە. فەرهاد کە کورد بووە عاشقی کچە ئەرمەنییەک بووە بەناوی "شیرین". بەشێکی کێوی بێستوون لە کرماشان داتاشراوە و وێنەی ژنێکی لەسەر نەخشێنراوە، دەگوترێت ئەو تراشکارییە کاری فەرهادە و وێنەی ژنەکەش شیرینە.

عومەر چاوشین:

# نەبوومەتە سواڵکەر

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو — هەولێر**

ماوەیەکە وێنەیەکی عومەر چاوشین لەسەر لاپەڕەکانی فەیسبووک بڵاودەکرێتەوە کە لە بن دیوارێک دانیشتووە و سواڵ دەکات، هەژاری و نەداری ئەو هونەرمەندە وایکرد کە خەڵک باوەڕ بە وێنەکە بکەن، بەڵام خۆی دەڵێت ئەو وێنەیەی هەر بۆ خۆشی گرتووە.

### 9 ژنی هێناوە و نازانێت چەند منداڵی هەیە

عومەر چاوشین، یەکێکە لەو ئەکتەرە دیارانەی کە لە درامای کوردیدا ڕۆڵی ژنی زۆر سەرکەوتووانە بینیوە. چاوشین کە بە تەمەندا چووە، تاوەکو ئێستا 9 جار ژنی هێناوە، بەڵام هیچ کام لە ژنەکانی لەلای نەماون و خۆشی نازانێت چەند منداڵی لەو 9 ژنە هەیە.

عومەر چاوشین گوتی "بە تەواوەتی نازانم چەند منداڵم هەیە، بەس هەڵە نەبم یان هەشتن یان نۆ، کوڕێکم لە هۆڵەندایە و یەکێکیش لە سوید، بەڵام ئەوانی دیکە نازانم لە کوێن، هەندێک لە منداڵەکانم ئەگەر بیانبینم نایانناسمەوە، چونکە هەر نەمبینیون".

لەبارەی چارەنووسی ژنەکانیشی گوتی "تا ئێستا نۆ ژنم هێناوە، ژنی نۆیەمم لەم ماوەیە بارگەی پێچایەوە و ناسنامەی باری شارستانی و پاسپۆرتەکەی برد و دەڵێ سێ ملیۆن دینارم نەدەیتێ ناتدەمەوە، بەڵام من تەڵاقم نەداوە و تەڵاقیشی نادەم".

### تەنیا بارزانی هاوکاری کردووم

ئەو ئەکتەرە سوپاسی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ "دوای ئەوەی جەنابیان زانی بێ ماڵ و حاڵم، کاک نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێری ڕاسپارد کە خانوویەکم بداتێ، ئێستا خانوویەکم هەیە لە کوورانی عەنکاوە و بە تەنیا دەژیم".

### "نەبوومەتە سواڵکەر"

بڵاوبوونەوەی وێنەیەک کە سواڵ دەکات، هێندەی دیکە هەژاری و نەداریی ئەو هونەرمەندەی دەرخست، بەڵام چاوشین بە پێکەنینەوە گوتی "نەخێر ئەوە ڕاست نییە، ئەو وێنەیە تەنیا بۆ خۆشی گیراوە".



سەبارەت بە دوا کاری هونەریشی، گوتی "من ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکم لەگەڵ کاک ئەمیر تەهای دەرهێنەر، فیلمەکەش لەبارەی ژیانی ڕەحمەتی فەلەکەدین کاکەییە. من لەو فیلمەدا ڕۆڵی باوکی فەلەکەدین دەبینم".

عومەر چاوشین بڕی ئەو پارەیەشی ئاشکرا کرد کە لە بەرامبەر ڕۆڵبینین لەو فیلمەدا وەریدەگرێت و گوتی "کاک ئەمیر تەها گوتی ئێمە بە دوو ڕۆژ کاری وێنەگرتنمان تەواو دەبێت و سەت هەزار دینارت پێدەدەم بۆ ئەو کارە، منیش قەبوڵم کرد".

هەرچەندە زۆر لایەن بەڵێنی هاوکارییان پێداوە و لە کەناڵەکان بڵاویان کردووەتەوە کە هاوکاری دەکرێن، بەڵام عومەر چاوشین بەردەوام بە جلێکی شڕەوە دەردەکەوێت. ئەو دەڵێت "جگە لە کاک مەسعود بارزانی هیچ کەسێک هاوکاری نەکردووم، من ئەوە زیاتر لە 50 ساڵە کاری هونەری دەکەم و هیچ کاتێکیش بە هونەر نەژیاوم، کەچی تاوەکو ئێستا وەک پێویست هاوکاری نەکراوم". عومەر چاوشین گوتی جگە لە مووچەی خانەنشینییەکەی کە 300 هەزار دینارە، هیچ داهاتێکی دیکەی نییە.

## ڕەنگە 9 خەڵات وەربگرن

# دوو فیلمی کۆمیدی کاندیدی زۆرترین خەڵاتن بۆ ئۆسکاری 2015




**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 15ی ئەم مانگە، لە ڕێوڕەسمێکدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوی سەرجەم کاندیدەکانی خەڵاتی ئۆسکار بۆ ساڵی 2015 ئاشکرا کران، دوو فیلمی کۆمیدیش زۆرترین چانسیان هەیە بۆئەوەی زۆرترین خەڵاتی ئۆسکار بەدەستبهێنن، لەوانەش خەڵاتی باشترین فیلم.

فیلمی The Grand Budapest Hotel کە لە دەرهێنانی وێس ئەندەرسۆنە و ماوەکەی 100 خولەکە، یەکێکە لەو فیلمە کۆمیدیانە. ئەو فیلمە کە بە 23 ملیۆن یورۆ بەرهەم هاتووە، ناوەڕۆکەکەی بەشێوەیەکی کۆمیدی باس لە ڕووداوەکانی نێو هۆتێلێک دەکات بەنێوی گەورە هۆتێلی بوداپێست و چەندین ئەکتەری جیهانی بەناوبانگ ڕۆڵی تێدا دەبینن، دیارترینیان ڕالف ڤینیس و مۆرای ئەبراهامە.

داهاتی بۆکس ئۆفیسی فیلمی گەورە هۆتێلی بوداپێست لە ماوەی چوونی بۆ سەر شاشەی سینەماکان کە نزیکەی 11 مانگ دەبێت، زیاتر لە 147 ملیۆن دۆلار بووە. ئێستا ئەو فیلمە کاندیدە بۆ وەرگرتنی 9 خەڵاتی ئۆسکار کە وا بڕیارە لە 22ی شوباتی داهاتوو دابەش بکرێن.

هەر لەو فێستیڤاڵەدا خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین ئەکتەر و باشترین دەرهێنەر دابەش دەکرێت.

دیارە لە ئۆسکاری 2015دا فیلمە کۆمیدییەکان کاندیدی زۆرترین خەڵاتن و فیلمی سینەمایی بێردمانیش بەهەمان شێوەی هۆتێلە مەزنەکەی بوداپێست کاندیدە بۆ وەرگرتنی 9 خەڵاتی فێستیڤاڵەکە.

بێردمان، ماوەکەی 119 خولەکە، فیلمەکە پڕ جوڵەیە و لە دەرهێنانی ئەلیخاندرۆ گۆنزالێسە، چەندین ئەکتەری بەناوبانگ بەشداری تێدا دەکەن و دیارترینیان مایکل کیتۆنە کە ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکە دەبینێت و کاندیدیشە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە ئۆسکاری 2015دا.

تێچووی فیلمەکە 18 ملیۆن دۆلارە، داهاتەکەشی لە ماوەی نمایشکردنیدا گەیشتووەتە 34 ملیۆن و 400 هەزار دۆلار.

### خەڵاتی ئۆسکار

خەڵاتی ئۆسکار کە ساڵانە دەدرێت، گەورەترین خەڵاتی بواری سینەمایە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەلایەن ئەکادیمیای هونەر و زانستی وێنەی جوڵاو دەبەخشرێت. ئەم ئەکادیمیایە لە ساڵی 1927 لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزراوە و نزیکەی 6000 ئەندامی پسپۆڕی بواری هونەری سینەمای هەیە. بەخشینی خەڵاتی ئۆسکار بە دەنگی 5816 ئەندامی ئەکادیمیاکە دەبێت.

خەڵاتەکە بریتییە لە پەیکەرێکی بچووکی سوارچاکێک کە شیرێکی بەدەستەوەیە، بەرزیی پەیکەرەکە 34 سانیمەترە و کێشەکەشی 3.85 کیلۆگرامە.

یەکەم فیلم کە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنابێ، فیلمی (Wings) بووە لە ساڵی 1927دا. دوایین فیلمیش کە ساڵی ڕابردوو ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە، فیلمی (12 Years a Slave) بوو.



## کوردی رۆژهەڵات کۆنفرانسێک دەبەنە سوێد

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

رۆژانی 17و 2015/1/18 کۆنفرانسی ئاشتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە باڵەخانەی ناوەندی ئا.بێ. ئێفی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە بە دەستپێشخەریی رۆژنامەوان و شرۆڤەکاری سیاسی هێمن سەیدی نیشتەجێی لەندەن سازکرا کە نزیکەی 80 کەس لە نوێنەرانی رێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی رۆژهەڵات لە ئەورووپا و کوردستان بەشداریان تێدا کرد. کۆنفرانسەکە لەبەر کێشەی ئاسایش، تەنیا بۆ میوانە بانگهێشتنکراوەکان بوو. هێمن سەیدی دەڵێت "ئەم کۆنفرانسە هەوڵێک بوو بۆ لێکتێگەیشتن، ئاشتی و ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی خەڵک و حیزبەکانی رۆژهەڵات".



# هاوکارییەکانی سوێد بۆ پێشمەرگە کوردی ئەو وڵاتە دابەش دەکات

## کوردێک لە سوێد: دەبێت سوێد داوای لێبوردن بکات ئینجا یارمەتی پێشمەرگە بدات

**شاد محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

دوای هێرشەکەی سەر رۆژنامەی چارلی ئیبدۆ لە پاریس، پۆلیسی نهێنیی سوێدی (sepo) لەسەر ئاستی ناوخۆدا رێوشوێنی ئەمنی توندی گرتووەتە بەر و چاودێری گەشتیاران دەکات، لە ئاستی دەرەوەشدا لەگەڵ فراوانبوونی شەڕی دژ بە داعش، بەرەو هاریکاریی سەربازی بۆ کوردستان هەنگاو دەنێت. بەشێک لە پارتەکان پشتگیری بیرۆکەکە و هەندێکیشیان دژایەتی دەکەن.

### پڕۆژەی حکومەت

پڕۆژەی بەشداریی سەربازیانەی سوید لە جەنگی دژ بە تیرۆر کە ئێستا لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان لە جەنگی دژ بە داعش بەرجەستە بووە، بووەتە پڕۆژەی حکومەتی سوید کە ئێستا سۆسیال دیموکراتەکان بەڕێوەی دەبەن.

هەفتەی رابردوو لە میانەی کردنەوەی خولی نوێی ساڵی 2015 کە وەک نەریتی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بە دیبەیتی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارتەکان دەستپێدەکات، رۆڵی سوید لە شەڕی دژ بە داعش بووە بابەتی سەرەکی گفتوگۆکان و ستیڤان لۆفڤێن سەرۆک وەزیرانی سوید گوتی "ئێستا حکومەتی سوید خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژەیەکە بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەست پەرلەمانی سوید سەبارەت بە ناردنی هەندێک هێزی سەربازی سوێدی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش، بە مەبەستی مەشقپێکردنی سەربازی لەو ناوچانە". چونکە بەبڕوای ناوبراو "بەشداریی سوید لە جەنگی دژ بە تیرۆر پێویستییەکی گرنگی ئێستایە". وەزیری دەرەوەی سویدیش دەڵێت "هاوکاری پێشمەرگە دەکەین هاوشان لەگەڵ فینلەندا و لەژێر چاودێریی ئەڵمانیادا".

پارتەکانی باڵی راستی ئۆپۆزیسیۆن بەشداریی سوید لە پەیمانی ناتۆ بە باشتر دەزانن وەک لە بەشداریی راستەوخۆی وڵاتەکەیان لەو شەڕەدا، بەڵام پەرلەمانتارێکی سۆسیال دیموکرات ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە وەک سۆسیال دیموکرات هەمیشە دژی بەشداریی سویدین لە ناتۆدا".

لاوێن ریدار بە (رووداو)ی گوت "هاوکاریی گەلان لە هەر پرسێک، شەڕی دژ بە تیرۆر وەک نموونە، لە بەرنامە سەرەکییەکانی سۆسیال دیموکراتە".

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا مارگۆت ڤالستڕۆم وەزیری دەرەوەی سوید هەڵوێستی سویدی ئاشکرا کرد و لە وەڵامی پرسیاری رپۆرتێرە کوردەکەی رادیۆی سویدیش هێمای بۆ ئەوە کرد کە هۆی بەشدارینەکردنی سەربازییانەی سوید لە سەرەتای شەڕەکەوە پەیوەندی بە ئەزموونی ئەوانەوە هەیە لە هاوکاری مرۆیی". روونیشی کردەوە کە بەپێی پێویستییەکان سوید رۆڵی خۆی دەگۆڕێت "بەهەماهەنگی لەگەڵ فینلەندا و ئەڵمانیا هاوکاریی پێشمەرگە دەکەین، چونکە هاوکاریکردنی پێشمەرگە گرنگە".

### ناوەڕۆکی پرۆژەکە

بەپێی ئەو زانیاریانەی ڤالستڕۆم وەزیری دەرەوەی سوید ئاشکرای کردووە، هاوکاری لەبواری راوێژی سەربازی و فێرکاری و بەرزکردنەوەی توانای پێشمەرگە لە هەڵگرتنەوەی مین و بواری نەخۆشەوانی کرۆکی پرۆژەکەیە و جەختیش دەکاتە سەر ناردنی 20 کەسی بە ئەزموون.

هەر بەپێی قسەکانی ئەو "لەم قۆناغەدا ناردنی سەربازی سویدی بۆ شەڕ ناچێتە چوارچێوەی پرۆژەکەوە". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "ئێستا کاتی بەشداریی وڵاتانی ئەورووپی و ئەسکەندەناڤییە".



### رەوەندی کوردی پێیان کەمە

رەوەندەی کوردی رەخنە لە مێدیای سویدی دەگرن کە تا ئێستا بە کوژراوانی داعش دەڵێت شەڕڤان و لەیەک ئاستدا لەگەڵ شەڕڤانانی کورد سەیریان دەکات و رەخنەش لە رۆڵی سوید دەگرن کە هاوکارییەکی سیمبولی دەکات. کوردێکی تاراوگەنشین دەڵێت "بەشدارییەکی رووکەشانەی شەرمنانەیە". بەرپرسێکی باڵای کوردستانیش بەرزی دەنرخێنێت و دەڵێت "بڕیارێکی گرنگە و پێشوازی لێ دەکەین".

چالاک محەممەد چالاکڤانی سیاسی بە (رووداو)ی گوت "دەیان و سەدان قوربانی چەکی سویدیمان لە باشووری کوردستان هەیە، تازە باس لە هاوکاریی راوێژ و راهێنان دەکرێت، ئەمە شەرمە". بەپێی قسەی چالاک، سوید تا ئێستا هیچ داوای لێبووردنی لە کورد نەکردووە کە بەو چەکانەی بە سەددامی فرۆشتوون، دەیان و سەدان کورد کوژراون و دەشڵێت "دەبوو داوای لێبووردن بکەن، پاشان هێز و چەکیان بۆ کوردستان بنێرن".

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان سەردانی سویدی کرد و لەلایەن پەرلەمان و وەزیری دەرەوەی سوید پێشوازی لێکرا. مستەفا لە لێدوانێکدا بۆ رادیۆی سوید گوتی "شەڕی داعش شەڕێکی پارتیزانی و بەرەیی نییە و لەگەڵ لایەنێکە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤایەتی دانانێ، پێشمەرگە لەم جۆرە شەڕە ئەزموونی نییە". گوتیشی "بواری جیا هەیە کە دەتوانن هاوکاری پێشمەرگە بکەن". بۆیە بەڕای ئەو "هاتنی ئەو شارەزایانە مایەی خۆشحاڵییە و مایەی ئەوەیە پێشمەرگە سوودی لێ ببینێ".

### لۆبی کوردی

بەپێی لێدوانەکەی فەلاح مستەفا بۆ رادیۆی سوید "لۆبییەکی کوردی بەهێز لە سوید هەیە" و زۆر لە بەرپرسانی کورد هەڵوێستەکەی سوید بە بەفشاری لۆبی کورد دەزانن. بەڵام ئەوان پێیانوایە سوید کەمتەرخەمە. لەکاتی سەردانی شاندەکەی کوردستان بۆ پەرلەمانی سوید، لەلایەن چەند چالاکڤانێکی کوردی تاراوگەنشینەوە، پرۆتستۆی سەردانەکە کرا و فیکەیان بۆ شاندەکە لێدا.

ئەمەش هەڵوێستی کوردی نیشتەجێی ستۆکهۆڵمی کردە دوو بەش، بەشێکیان پرۆتستۆی دەکەن و ئەوانی دیکەش پێیانوایە مامەڵەیەکی ئاسایی دیموکراسیانەیە.

چالاک محەممەد لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "نەدەبوو وا بکەن، ئێستا کاتی ئەوە نییە لە کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە باس لە تێرۆری رۆژنامەنووسان بکرێت، لە کاتێکدا شاندەکە بۆ هاوکاریی کوردستان هاتبوو". گوتیشی "ئەمە هەوڵێکی تێکدەرانەیە دژ بە دیبلۆماسییەتی کورد، حکومەت ئۆفیسی هەیە و هەمووکات دەتوانن فیکەیان بۆ لێبدەن، نەک ئێستا".

جەمال ئەحمەد یەکێک بوو لەوانەی هاتنی شاندەکەی هەرێمی کوردستانی پرۆتستۆ کرد. ئەو گوتی "سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئەم وڵاتە لێدانی خواردووە و جاری وایە پیسی و شتی دیکەی تێگیراوە". ئەو کە لە پارتێکی چەپی کوردی نزیکە، گوتیشی "لە وڵاتانی دیموکراسی ئەمە حاڵەتێکی نۆرماڵە، کوردستانیش ئەگەر خۆی بە خاوەن ئەزموونێکی دیموکراسی دەزانێت، دەبێ رێزی لێ بگرێت و بگرە پێشوازیشی لێبکات".



# سوێد یادی کچە کوردێک دەکاتەوە

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

ئەمرۆ 2015/1/19 چواردە ساڵ بەسەر کوشتنی کچە کوردێکی دانیشتووی سوێد تێدەپەڕێت کە بووەتە سیمبولی قوربانیانی دەستی نامووسپەرستی. دانیشتووانی سوێد و لەوانەش سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە یادی ئەو کچە کوردەیان کردەوە.

فادیمە شاهیندال کە سویدییەکی بەرەچەڵەک کورد بوو، بووەتە سیمبولی قوربانیانی کەلتووری نامووسپەرستی کە کورد و هەندێ نەتەوەی دیکەی بیانی پێ دەناسرێتەوە. فادیمە هەموو ساڵێک لە سوێد یادی دەکرێتەوە. ئەم هەفتەیە گەورەترین چالاکی بۆ ئەو مەبەستە رێکخرا، سەرۆک وەزیرانی سوید و چەند کەسایەتییەکی ناسراوی سوید بەشدارییان لەچالاکییەکەدا کرد. ستیفان لۆفڤێن، سەرۆک وەزیرانی سوید گوتی "ئەم کەلتووره نامۆیە و دەبێت کۆتایی بێت".

یادی فادیمە چالاکڤانان و سیاسییەکان دەکاتە دوو بەش و بەشێکیان پشتگیری و ئەوانی دیکەش دژایەتی دەکەن. کوردۆ باکسی کە نووسەر و سیاسییەکی ناسراوی کوردی سوێدە، لە کتێبێکیدا رەخنە لە سویدییەکان دەگرێت و لە روانگەی دوو کەیس کە یەکێکیان فادیمە و ئەوی دیکەیان ژنێکی سویدییە، بەراوردکاری دەکات و دەڵێت "کەیسی فادیمە زەق دەکەنەوە و لە بەرامبەر سوێدییەکەش بێدەنگ دەبن".

باکسی ئەگەرچی دژی کەلتووری نامووسپەرستییە، پێیوایە "ئەم بابەتە بە سیاسی کراوە و دژ بە بیانییەکان بەکاردەهێنرێت".

سارا محەممەد، چالاکڤانی ناسراوی سوێد کە بەوە ناسراوە کەیسی فادیمەی بە سوێد و دنیا ناساند، ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "داکۆکی لە مافی هەموو ژنان لە سوێد دەکەین، ژنانی کورد تەنیا بەشێکن لەوان".

سارا بەڕێوەبەری رێکخراوێکە بەناوی (Glöm aldrig Pela och Fadime Riksförening) واتە رێکخراوی نیشتمانیی هەرگیز پێلا و فادیمە لەیاد ناکەین، کە هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یادەکەیە بە (رووداو)ی گوت "بە سیمبولبوونی ناوی فادیمە بۆ پرسێکی وا، گوزارشتە لە ئازایی ژنان". سارا بەدووری زانی قسەکردن لەسەر فادیمە و ئەم جۆرە کەیسانە بۆ دژایەتی کورد و بیانییەکان بێت و دەڵێت "ئەوەندەی لەسەر کەیسی ژنانی کورد کاردەکەین، دوو هێندە لەسەر ژنانی عەرەب و فارس و سوێدی کاردەکەین". گوتیشی "ناڵێین کەلتووری نامووسپەرستی لای کورد هەیە و ناشڵێین نییە، لە ئەنجامی کاری ئێمە زانیارییە ناڕاستەکانی نێو مێدیاکانی سوید کۆتاییان هات".

فادیمە شاهیندال لە 2001/1/19 لە شاری ئۆپسالا لەلایەن باوکیەوە کوژرا. برایەکی ئەو کچە دوو ساڵ لەمەوبەر لە رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ پۆلیسی سوێد کوژرا. ساڵی رابردووش خوشکەکەی لە رووداوێکی گوماناویدا کۆچی دوایی کرد.

# کوردی لۆس ئەنجلس هاوکاری بۆ ئاوارەکان کۆدەکەنەوە




**ڤاریتی گیری**
**رووداو – لۆس ئەنجلس**

ئەو کوردانەی لە لۆس ئەنجلس دیار و ناسراون، تووڕەن لەوەی کە ئەمریکا، گەلی کوردی لە سووریا و عێراق نەپاراستووە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە سوپای ئەمریکا بودجەی بۆ شەڕی داعش تەرخانکردووە، بەڵام هیچ پارەیەکی بۆ ئاوارەکان دابین نەکردووە.

بۆ ئەوەی دەنگیان ببسترێت، چەند جارێک خۆپیشاندانیان لە کالیفۆرنیا کردووە، تاوەکو رێکخراوە ناحکومییەکان بجوڵێنن، هەروەها رەوەندی کوردی خۆیان لە لۆس ئەنجلس چەند جار هاوکاری داراییان کۆکردووەتەوە و ناردوویانەتەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان.

لوقمان بەراوری، ماوەی سی ساڵە لە ئەمریکا دەژیت. ئەو لەکاتی جەنگی عێراق و ئێران هاتووەتە ئەمریکا. لوقمان بەرواری ئێستا رێستورانتێک بەڕێوەدەبات.

دووری و زەمەن هێشتا خۆشەویستی گەلەکەی ئەویان لەلای ئەو کاڵ نەکردووەتەوە. لوقمان رێستورانتەکەی بەکاردەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکارییە لە نیشتیمانەکەی. لوقمان بەوانە دەڵێت "دەزانن وا زستان هات و ئاوارەکان سەختی و مەینەتی دەبینن".

پێشتر لوقمان سەرۆکی کۆنگرەی کورد بووە لە ئەمریکای باکوور. ئێستاش هەموو پەیوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ کۆکردنەوە هاوکاری. هەندێک وەکو تاکە کەس هاوکاریان هێناوە بۆ لوقمان، بەڵام لوقمان دەیەوێت دامەزراوە و رێکخراوەکانی ئەمریکا بەشداربن لە کۆکردنەوەی هاوکارییەکە.

لوقمان بەراوری دەڵێت "شەفافیەت زۆر گرنگە، لەوانەیە رێکخراوی دیکە کە شەفاف نین کاریگەری خراپیان لەسەر ناوی رێکخراوەکانی دیکە هەبێت".

لە زانکۆی لۆنگ بیچ، کۆنفرانسێک سەبارەت بە قەیرانی سووریا و عێراق کرا. بابەتێکی کۆنفرانسەکە تایبەتبوو بە هاوکاریکردنی کورد. رۆژنامەڤان ریچ ئیرلیک دەڵێ "ئەمە یەکەمجارە کوردی ئێرە بە تووڕەیی ببینم".

ریچ ئیرلیک، نووسەری کتێبی (رۆژنامەگەری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست)، دەڵێت "خەڵکی ناوچەکە گێل نین، دەزانن بودجەیەکی کراوە هەیە بۆ بۆمب، بەڵام پارەیەکی کەم هەیە بۆ هاوکاری و خۆراک دابینکردن".

جارێکی دیکە لەنێو رێستۆرانتی نەورۆز، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێت کە دەبێ بۆ هەنگاوی داهاتوو چ بکەین.

سان ساڵح، چالاکڤانێکی سیاسی کوردە، هاوکات خوێندکارە لە لۆس ئەنجلس. سان بەشداری گفتوگۆیەکە دەکات و دەڵێ هەندێکجار لێرە کۆدەبینەوەو هاوئاهەنگی دەکەین و خۆپیشاندان دەکەین، دەچینە بەردەم دامەزراوە فیدراڵییەکان و، بۆ هەر شوێنێکی دیکە کە بتوانین دەڕۆین، بۆ ئەوەی خۆپیشاندان لەوێ بکەین".

فێرکوسو میوزیک دەژەنێت و دەڵێت هەرچی لە توانایدابێت دەیکات بۆ هاوکاریکردن.

فێرکوسوی میوزیکژەن دەڵێت "ئەمە شتێکی راستە کە دەیکەم. وەک کوردێک ئەرکی خۆم جێبەجێدەکەم. هەموو خێزانەکانی ئێمە ئەو شتە دەکەن. باوکم لە مانگی یازدە لە عێراق بوو، سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کرد و هاوکاری بۆ بردن".

قەیرانی عێراق و سووریا وایکردووە رەوەندی کوردی لە کالیفۆرنیا لە هەموو کات زیاتر یەکگرتووتربن. لەوانەیە گردبوونەوەیەکی بچووکی وەک ئەمە، پێنج سەت دۆلار هاوکاری بۆ نێو سندووقی فریاگوزاری ئەمریکی- کوردی کۆبکاتەوە. رێستۆرانتی لوقمان بەرواریش شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەو کارە خێرخوازییە.


ئۆفەرە تایبەتەکانی
مانگی یەک
35% پاشەکەوت کردن تا
گەشتی داهاتووت تەنها هەنگاوێک لێت دوورە. شوێن بگرە لە 31 ی جانیوەری 2015 بۆ گەشت کردن تا 31 ی مارسی 2015 .
وە سوود وەرگرە لە داشکاندنە تایبەتەکانمان بۆ چەندەها جێی مەبەست لە سەرانسەری جیهاندا .
چاوەڕوانی بەخێرهاتن کردنتانین .
هێشتا نەبوویت بە ئەندامێکی یانە تایبەتەکەمان؟ لە سایتی qmiles.com خۆت تۆمار بکە و دنیایەک لە تایبەتمەندیتی بدۆزەرەوە .
بۆ بەدەست هێنانی تیکت، تکایە پەیوەندی بە ئۆفیسی هێڵی ئاسمانی قەتەری یەوە بکە ، بریکاری گەشت کردنەکەت ،
پەیوەندی بکە بە 0750 902 9696 0770 495 0001 یان سەردانی QATARAIRWAYS.COM بکە .
هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی
QATAR AIRWAYS القطرية
oneworld
ڕەوش و مەرجی تریش جێبەجێ دەبێت. تکایە پیاچوونەوە بکە لەکاتی بەدەست هێنانی تیکت .


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
نیو ئیسکان پێی نایە قۆناغی کۆتایی و بەرە و داهاتووەکی گەش و کۆمەڵگایەکی ئاراممان دەبات.
پرۆژەی ئیسکانی نوێ کەوتۆتە بەنرخترین شوێن و ناوەڕاستی سەنتەری شاری هەولێر.
لە یەکەکانی نیو ئیسکان گرنگی دراوە بە هەموو خزمەت گوزارییەکانی ئێستا.
لە هاوینی ئەمساڵ ژیانی تێدا دەبێت بۆیە پەلە بکەن لەکرینی کۆتا شوقەکان.
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

ڕووداو
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

## ژنە مامۆستایەک دەردەکرێت



**ڕووداو- بانە**

ژنە مامۆستایەکی کورد بە هۆی ئەندامێتی لە مەکتەب قورئان لە ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری بانە دەرکرا. بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بڵاو بوونەتەوە، فەریدە بەهاری مامۆستای وەرزشی قوتابخانەکانی شاری بانە، لەلایەن ئیدارەی پەروەردەو بارهێنانی پارێزگای سنەوە، لە کارەکەی دوور خرایەوە. بەپێی زانیارییەکان هۆکاری سەرەکی دەرکرانی فەریدە بەهاری "بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، بڕوا نەبوون بە ویلایەتی فەقیە و ئەندامەتی لە مەکتەب قورئان بووە". ناوبراو 5 ساڵە مامۆستای وانەی وەرزشە لە قوتابخانەکانی شاری بانە.

# ڕاپەڕین 2014ی بە کوشتنی 7 ژن بەڕێ کرد

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

ئامارەکانی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین دەریدەخات کە ساڵی 2014 ساڵێکی شووم بوو بۆ ژنانی پشدەر و بیتوێن، چونکە بەپێی قسەی پۆلیس کوشتنی ژنان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زیادی کردووە لەو دەڤەرە.

### 7 ژن کوژران

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی ڕانیە لە ڕێگەی گوتەبێژەکەیەوە ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی بڵاوکردەوە، بەڵام ئامارەکە هیچ ئاماژەیەکی کەمبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانی تێدا بەدی نەکرا.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕانیە ڕایگەیاند "بەشێوەیەکی گشتی 116 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سەنتەری قەزای پشدەر و ڕانیە لەگەڵ 9 ناحیەکەی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین تۆمار کراوە".

ئەو توندوتیژیانە بریتین لە ناچارکردن بۆ پەنابردنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، کوشتن، لێدان و بریندارکردن.

گوتەبێژەکەی پۆلیس گوتی "ساڵی ڕابردوو 7 ژن کوژران، 6 ژن بەهۆی سووتانەوە مردوون، 30 ژن بریندار کراون، 2 ژن هەوڵی خۆکوشتنیان داوە".

بەڵام بەپێی ئاماری پۆلیس، لە ساڵی 2013دا تەنیا 3 ژن لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژرابوون.

### تەنیا بکوژێک دەستگیر نەکراوە

ئەوەی پۆلیس شانازیی پێوە دەکات دەستگیرکردنی بکوژەکانە، بەپێی قسەی گوتەبێژی پۆلیسی ڕانیە، لەوانەی ساڵی ڕابردوو دەستیان چووەتە خوێنی ژنان، تەنیا یەک کەسیان دەستگیرنەکراوە، ئەویش خۆی شاردووەتەوە.

دیارترین حاڵەتی کوشتنی ژنان لە شاری ڕانیە کوشتنی کچێک بوو بەناوی کوێستان مەحموود لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو لە شارۆچکەی قەڵادزێ. ئەو کچە لەلایەن کەسێکەوە کوژرا کە گوایە خۆشیدەوێت، بەڵام کچەکە ڕازی نەبوو شووی پێ بکات، بۆیە سەری لە جەستەی جیا کردەوە، بەڵام هەرزوو پۆلیس بکوژی ئەو کچەی دەستگیرکرد.

### سزاکەیان زیاترە

مستەفا محەممەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانەی ژنیان کوشتووە بەپێی ماددەی 406ی تایبەت بە کوشتن دەستگیرکراون، بەڵام پێدەچێت بە ماددەی دیکەش سزا بدرێن. چونکە وەک ناوبراو گوتی "زۆربەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان بە چەکی بێ مۆڵەت ئەنجامدراون و چەکە بێ مۆڵەتەکانیش لەلایەن پۆلیسەوە دەستیان بەسەرداگیراوە. ئەو تۆمەتبارانە لە یاسادا سزاکەیان زیاترە، چونکە چەکی بێ مۆڵەتیان هەڵگرتووە و لە هەمانکاتدا تاوانیان پێکردووە".

هەڵگرتنی چەک پێویستی بە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆیە و بەپێی یاسا دەبێت ئەو کەسەی داوای مۆڵەتی چەک دەکات، پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت کە ئایا نەخۆشی دەروونیی هەیە یان نا.




### پێویستیان بە چارەسەرە

زۆر لە ژنان بەرگەی توندوتیژی ناگرن و دەسەڵاتی بەرپەرچدانەوەی ئەو توندوتیژیانەشیان نییە کە ڕەگەزی نێر بەرامبەریان دەکات، بۆیە ڕێگەیەکی هەڵە هەڵدەبژێرن، ئەویش پەنابردنە بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن، بەڵام هەندێک لەوانە چانسی مردنیان کەمە و زیندوو دەمێننەوە.

بەختیار محەممەد، دەروونزان دەڵێت "ئەوانەی هەوڵی خۆ لەناوبردن دەدەن و نامرن، دواتر پەشیمان دەبنەوەو تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، بۆیە دەبێت لەلایەن خێزانەکانەوە لەژێر چاودێریی ورد بن و پزیشکی دەروونی و شارەزایانی دەروونزانی هاوکاریان بن تا دێنەوە دۆخی ئاسایی".

### بوون و نەبوونیان وەکو یەکە

وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی 2007 بەڕێوەبەرایەتییەکی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان کردەوە، دواتر نووسینگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردەوە.

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دوای ماوەیەک کارەکەی لە بەدواداچوونەوە گۆڕی بۆ بەرەنگاربوونەوە، بەڵام هەندێک لە چالاکوانان پێیانوایە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ئازارەکانی ژنانی کەم نەکردووەتەوە.

کەلسوم موراد چالاکڤانی بواری ژنان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان، تەنیا بۆ ڕازیکردنی دڵی کۆمەڵێک خەڵکە لە پێناو وەرگرتنی پلەو پۆست، ئەگینا هیچ کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی نییە".

## نۆرینگەی هیوا چارەسەریان دەکات

# 38.000 کچ و ژنی خەتەنەکراو لە سوێد هەن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بەپێی ئامارێکی ئەنجوومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە سوێد، 38 هەزار کچ و ژنی خەتەنەکراو لەو وڵاتە هەن. لەوانەش 7 هەزاریان کچن و تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە.

ئەنجوومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە سوید ڕاپۆرتێکی لەبارەی ئەو کچ و ژنە خەتەنەکراوانە بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا هاتووە "زۆربەی ئەو کچانە بە ماوەیەکی کەم پێش گەیشتنیان بۆ سوید لە وڵاتەکانیان خەتەنەکراون، چونکە خێزانەکانیان دەزانن لە یاسای سوید خەتەنەکردنی کچان تاوانە و ئەنجامدەرانی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێنەوە".

ئێستا ئەنجوومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەنابەرانی ئەو وڵاتانەی بە خەتەنەکردنی کچان ناسراون وەکو سۆماڵ، ئەسیوبیا و ئەریتیریا، کار لەسەر دەستنیشانکردنی ژمارەی ئەو ژن و کچە سویدیانە دەکات کە ڕووبەڕووی خەتەنەکردن بوونەتەوە.

خەزرا سیرار، لە تەمەنی 7 ساڵیدا خەتەنەکراوە، ئێستاش هەوڵدەدات ئەو ئازارە لەبیرخۆی بەرێتەوە کە بەهۆی خەتەنەکردن بینیویەتی، بەڵام دەڵێت "قەت ناتوانم هاوار و قیژەی ئەو کچانە لەبیرخۆم بەرمەوە کە لەگەڵ من خەتەنە دەکران".

خەزرا لە تەمەنی 9 ساڵی هاتووەتە سوید، لە ماوەی خوێندنیدا لە قوتابخانە هیچ کەسێک لەبارەی خەتەنەکردنیەوە قسەی لەگەڵ نەکردووە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بۆی دەرکەوت کە لە نێو پۆلەکەیدا ئەو تاقە کچە خەتەنەکراوە، لەبەر ئەوە هەستی بەشەرمەزاری کردووە و پێیوابووە فێڵی لێکراوە.

خەزرا بە (ڕادیۆی سوید)ی گوت "ئەگەر بمزانیبایە خەتەنەکردن ئەو ئەنجامەی دەبوو قەت ڕێگەم نەدەدا خەتەنە بکرێم".

خەزرا پێیوایە بەرپرسیارێتی زانینی ژمارەی کچە خەتەنەکراوەکان لە ئەستۆی قوتابخانەکانە و دەبێ ڕێگە بە پەرستارەکان بدەن لە کچەکان بپرسن ئاخۆ ڕووبەڕووی خەتەنەکردن بوونەتەوە، دەشڵێت "پێویستە ئەو کچانەی خەتەنە کراون لە قوتابخانە هاوکاری زیاتر بکرێن".

خەزرا خۆی بە بەختەوەر دەزانێت بە بەراورد لەگەڵ زۆر لەو کچانەی خەتەنەکراون، بەو پێیەی ئەو تووشی کێشەی جەستەیی نەبووە، بەڵام خەتەنەکردنی کاریگەری دەروونی لەسەر بەجێهێشتووە، تەنانەت بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاریگەری لەسەر پەیوەندی بە دایک و باوکیشیەوە هەبووە.

خەزرا دەڵێت زۆر بە تووڕەییەوە ڕووبەڕووی دایک و باوکی بووەتەوە و ویستوویەتی داوای لێبووردنی لێبکەن لەبەرامبەر خەتەنەکردنی. دەشڵێت دایک و باوکی لەژێر گوشاری کۆمەڵگە بوون، ئەگەرنا ئەوان دەیانزانی خەتەنە کردن تاوانێکە بەرامبەر ڕەگەزی مێ دەکرێت، بۆیە لێیان خۆشبووە.

ئێستا خەزرا دایکی کچێکی بچوکە و دەڵێت "کچەکەم یەکەم منداڵی ڕەگەزی مێ دەبێت لەناو خێزانەکەم کە خەتەنە ناکرێت". هەروەها دەیەوێت کاتێک کچەکەی گەورە بوو پێی بڵێت دایکی بە هۆی خەتەنەکردنەوە ڕووبەڕووی چ ئازارێک بووەتەوە.

لە ساڵی 1982 حکومەتی سوید یاسایەکی دەرکرد و تێیدا خەتەنەکردنی کچانی قەدەغەکرد، تەنانەت ئەو خێزانانەش دەگرێتەوە کە بە سەردان دەگەڕێنەوە وڵاتەکانیان.

لەم ساڵانەی دواییدا سوید باشترین چارەسەر پێشکەش بە کچانی خەتەنەکراو دەکات، لە نۆرینگەی هیوا لە ستۆکهۆڵمی پایتەخت ژمارەیەک پزیشکی برینکار و دەروونی هاوکاری ئەو کچانە دەکەن کە خەتەنە کراون.

میری لیلیگرین پزیشکی ژنانە و لە نۆرینگەی هیوا کاردەکات، دەڵێت "گرینگترین ئەو ئازارانەی ڕووبەڕووی کچانی خەتەنە کراو دەبنەوە لە کاتی میزکردن و سێکسکردنە".

لیلیگرین جۆرەکانی خەتەنەکردن ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "هەندێکیان قیتکە دەبڕن کە بەشێکی گرینگی کۆئەندامی زاوزێی ژنانە و بەرپرسە لە بەخشینی چێژ لە کاتی سێکس". هەروەها "جۆرێکی دیکەیان دوای بڕینی قیتکە، برینەکە لە ناوەوە دەدوورنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوونی بە هەوکردن و پەیدابوونی گرێ لە نێو کۆئەندامی زاوزێدا".

میری لیلیگرین دەشڵێت "نۆرینگەی هیوا توانیویەتی چارەسەری زۆربەی ئەو ئازارانە بکات کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە دووچاری کچان و ژنان بوونەتەوە".


خەزرا سیرار، لە تەمەنی 7 ساڵیدا خەتەنەکراوە

# 60%ی سواڵکەرەکانی سلێمانی ژنن


(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆربوونی سواڵکەر لەشاری سلێمانی، لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی ناچار کرد لیژنەیەکی تایبەتیان بۆ دروستبکات و بەو شێوەیەش ساڵی ڕابردوو نزیکەی 400 سواڵکەر دەستگیرکران کە نیوە زیاتریان ژن بوون.

بەپێی ئامارێکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو توانیویانە نزیکەی 400 سواڵکەر دەستگیر بکەن کە 60%یان ژنن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان خەڵکی شارەکەن، بەڵکو زۆربەیان ژنانی عەرەبن لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوون. ژنیشی تێدا بووە کە لە ئێرانەوە بۆ سواڵکردنی هاتووەتە سلێمانی.

یەکێک لە ئەرکەکانی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەیە کە لە ترافیکلایت و بازاڕ و پارکەکان سواڵ دەکەن، لێژنەکە ئەو سواڵکەرانە ڕادەستی بنکەکانی پۆلیس دەکات.

سۆران عەبدولغەفوور، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی دەڵێ تیمەکانیان ڕۆژانە سواڵکەرەکان دەستگیر دەکەن "بەڵام ساڵی ڕابردوو بەراورد بە 2013 دەستگیرکردنی سواڵکەرەکان زۆرتر بووە، بۆیە ئێمەش ناچاربووین لیژنەیەکی بۆ دروست بکەین".

هەر کاتێک سواڵکەر لەلایەن لیژنەکانەوە دەستگیربکرێن ڕادەستی بنکەکانی پۆلیس دەکرێن و لەوێش لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ناوبراو گوتیشی "دەتوانم بڵێم 60%ی ئەوانەی لەسەر سواڵکردن دەستگیرکراون ژن بوون".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر کاتێک سواڵکەرەکان دەستگیر بکرێن هەندێکیان بەپێی ماددەی (390) لە یاسای سزادانی عێراقی ڕادەگیرێن "ئەوانەشی خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بن لەڕێگەی نشینگەوە ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکرێنەوە و بەشێکی دیکەشیان لەلایەن دادگاوە سزای دارایی دەدرێن".

بەهۆی شەڕی داعشەوە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی سووریا و عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەندێک لەو ئاوارانە بەهۆی خراپیی ڕەوشی ژیانیان پەنایان بۆ سواڵکردن بردووە، هەندێکیشیان هەر لە بنەڕەتدا لە شوێنی خۆیان سواڵکەر بوون. زێدەباری ئەو سواڵکەرانەی لە هەرێمی کوردستان هەن کە زیاتر قەرەجەکانن، ئەمەش وایکردووە ژمارەی سواڵکەرەکان زۆر زیاد ببێت.

هاتنی ئەو ئاوارانە تەنیا لەڕووی سیاسی و مرۆییەوە پاڵپەستۆی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستنەکردووە، بەڵکو لێکەوتەی کۆمەڵایەتیشی هەبووە.

سواڵکەرەکان ڕۆژانە بەنێو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بڵاودەبنەوە. دیمەنی زۆر دووبارە و لێکچووی نێوان سواڵکەرەکان ئەوەیە کە منداڵ دەکەنە کەرەستەی سواڵکردن. منداڵە بچووکەکانیان لە بەردەم خۆیاندا ڕادەکێشن لەسەر شۆستەکان، بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکی ڕابکێشن.

یاد ئەحمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی وایدەبینێ تێکچوونی ڕەوشی سیاسی لە سووریا و عێراق و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ شاری سلێمانی، هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی سواڵکەرەکانە "چونکە هەندێکیان لەبەر خراپی باری ئابووریی سواڵ دەکەن، بێگومان بیر لەوەش دەکەنەوە کە ئەگەر ئەو کارەش بکەن خەڵک نایانناسێتەوە".

ئەو توێژەرە دەڵێ بۆ خۆی لەنزیکەوە قسەی لەگەڵ هەندێک لە سواڵکەرەکان کردووە، بیانوویان بۆ سواڵکردنیان ئەوە بووە "لەڕووی جەستەییەوە توانای کارکردنیان نییە، بۆیە ئەو کارە دەکەن".

بەرپرسانی کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێن ئەو سواڵکەرانە ژمارەیەکی کەمیان خەڵکی سلێمانین.

کاوە تاهیر، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە لیژنە هاوبەشەکاندا دەڵێ زۆربەی ئەو سواڵکەرانە خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و خەڵکی ناوخۆی کەم تێدایە.

## ئیتاڵییەک لە هەولێر گیانلەدەست دەدات

**رووداو- هەولێر**

کرێکارێکی بیانی لە نهۆمی حەوتەمی باڵەخانەیەکی هەولێر دەکەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدات. بەپێی هەواڵێکی پۆلیسی هەولێر کە لە پەیجی وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەو کرێکارە بیانییە کە ناوی نیکۆلا دیلۆ ئاياكانۆیە، خەڵکی ئیتاڵیایە و تەمەنی 52 ساڵە.
رۆژی 2015/1/17 لە کاتی کارکردن لە باڵەخانەیەک لە نهۆمی حەوتەمی باڵەخانەکە کەوتووەتە خوارەوە و دەستبەجێ گیانی لە دەستداوە.
رائید کاروان دەڵێت "دادوەر بڕیاری داوە بە وەرگرتنی وتەی شایەتحاڵەکانی و پشکنین و هێڵکاری بۆ شوێنی رووداوەکە بکرێت بۆ زانینی هۆکاری راستەقینەی رووداوەکە".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19

### ساڵی رابردوو لە هەولێر و دهۆک

# 1537 کەس بە رووداو گیانیان لەدەستداوە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک 1537 کەس لە رووداوی جۆراوجۆردا گیانیان لەدەستداوە. زۆرترین رووداوەکانی مردنیش بەهۆی گوللەوە بووە، دوای ئەویش زەبری دەرەکی و سووتان. زۆرترین ئەوانەشی بەهۆی رووداوە جۆراوجۆرەکانەوە مردوون گەنجن و تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندایە. ئەم ئامارە تەنیا رووداوەکانی مردن و کوشتن لەنێو خەڵکی سڤیل دەگرێتەوە نەک ئەو پێشمەرگانەی لەشەڕی دژی داعشدا شەهیدبوون.

### 348 کەس بە گوللە کوژراون

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 11 مانگی 2014دا لە شاری هەولێر 145 کەس (123 نێر، 22 مێ) بەهۆی گوللەوە گیانیان لەدەستداوە کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە شاری دهۆکیش لە ماوەی 10 مانگی ساڵی رابردوودا 198 کەس بە گوللە کوژراون (173 پیاو، 25 ژن). زۆربەشیان بە هەمانشێوە تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

منداڵانیش بەدەرنەبوون لە قوربانیانی چەک. بەپێی ئاماری پەیمانگەی ناوبراو 5 منداڵ کە تەمەنیان لە نێوان (1 رۆژ تاوەکو 5 ساڵان)دا بووە، بەهۆی گوللەوە کوژراون (4 لە هەولێر و 1 لە دهۆک) کە یەکێک لەو منداڵانە تەمەنی لە ساڵێک کەمتر بووە.

### زەبری دەرەکی 292 کەسی کوشتووە

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 11 مانگی 2014دا 230 کەس لە هەولێر (188 نێر، 44 مێ) بەهۆی زەبری دەرەکی گیانیان لەدەستداوە. لە دهۆکیش لەماوەی 10 مانگدا 28 کەس (25 نێر و 3 مێ) بەو هۆیەوە مردوون.

هەروەها زەبری دەرەکی 34 منداڵی کوشتووە (27 لە هەولێر و 7 لە دهۆک) کە دوو لەو منداڵانە تەمەنیان لە ساڵێک کەمتر بووە.

هەر بەپێی ئامارەکە زۆربەی ئەوانەی بە زەبری دەرەکی مردوون تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

### بەهۆی سووتانەوە 233 کەس مردوون

هەرچەندە هەندێک لەو ئامێرانەی بە نەوت کار دەکەن، لەوانەش تەباخ و پەرەمێز ئێستا زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێن کە پێشتر وەک هۆکارێکی سەرەکیی سووتان و بە تایبەتی سووتانی ژنان ناویان دەهات، بەڵام ئێستاش ئامارەکانی سووتان هەر بەرزن. پشکی شێری قوربانییەکانی سووتانیش بەر ژنان دەکەوێت.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو لە ماوەی 11 مانگدا 120 کەس لە هەولێر (95 ژن و 25 پیاو) بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە شاری دهۆکیش لە ماوەی 10 مانگدا 96 کەس (66 ژن و 30 پیاو) بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، 17 منداڵ (10 لە هەولێر و 7 لە دهۆک) بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە، ئەو منداڵانەش 10یان کچ و حەوتیشیان کوڕ بوون.

لە ئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەریدا دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەوانەی بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیان 168 کەسە، تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

### 9 کەس خنکێنراون

ساڵی رابردوو لە هەولێر و دهۆک لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە و لەسەر کێشەی شەخسی 9 کەس خنکێنراون.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ئەو 9 رووداوە حەوتیان لە هەولێر بوونە و دووانیشیان لە دهۆک. قوربانییەکانی هەولێر پێنجیان پیاو و دووانیشیان ژن بوونە. دووەکەی دهۆکیش لە رەگەزی نێر بوون. سەرجەم ئەوانەشی خنکێنراون تەمەنیان لە نێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە لە ماوەی 11 مانگی ساڵی رابردوودا لە هەولێر 20 کەس (11 ژن و 9 پیاو بە کەرەستەی جۆراوجۆر خنکاون. لە شاری دهۆکیش لە ماوەی 10 مانگدا 9 کەس خنکاون (5 ژن و 4 پیاو).

لەو ئامارەدا دەردەکەوێت ساڵی رابردوو ژمارەی ئەو ژنانەی خنکاون زۆرترە لە ژمارەی پیاوە خنکاوەکان (16 ژن و 13 پیاو).

سەبارەت بە خنکانی منداڵانیش وەک لە ئامارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، دەرکەوتووە ساڵی رابردوو تەنیا دوو منداڵ لە شاری هەولێر خنکاون.

### 83 کەس لە ئاودا خنکاون

بەپێی ئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، لە ماوەی 10 مانگی ساڵی رابردوودا لە دهۆک 50 کەس (45 نێر و 5 مێ) لە ئاودا خنکاون. نیوە زیاتری ئەو ژمارەیە (28 کەس)یان، تەمەنیان لەنێوان 15 تاوەکو 35 ساڵاندا بووە.

هەروەها لە شاری هەولێریش لە ماوەی 11 مانگی ساڵی رابردوودا 25 کەس (24 نێر و 1 مێ) لە ئاودا خنکاون.

سەبارەت بە مردنی منداڵانیش بەهۆی خنکان لە ئاودا، دەرکەوتووە ساڵی رابردوو 2 منداڵ لە هەولێر و 6 منداڵ لە دهۆک خنکاون.

### ئۆتۆمبێل 197 کەسی کوشتووە

سەرەڕای گرتنەبەری رێوشوێنی توند بەرامبەر سەرپێچیکاران و لەوانەش دانانی کامێرای چاودێریی خێرایی لەسەر رێگاکان، بەڵام بەپێی قسەی بەرپرسانی هاتوچۆ زۆربەی رووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە بوونە.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، ساڵی رابردوو لە ماوەی 10 مانگدا لە شاری دهۆک 146 کەس (115 نێر و 31 مێ) بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە.

هەر بەپێی هەمان ئامار، لە هەمان ساڵدا بەڵام لە ماوەی 11 مانگدا لە شاری هەولێر 24 کەس (22 نێر و 2 مێ) بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە.

سەبارەت بە منداڵانیش ئەوانەی تەمەنیان لە 5 ساڵ کەمترە، بەپێی ئامارەکە 21 منداڵ لە دهۆک و 6 منداڵ لە هەولێر بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە.

### 23 کەس بەهۆی یارییە ئاگرینەکان مردوون

ئەگەرچی یارییە ئاگرینەکان بۆ دەربڕینی خۆشی بەکاردێن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەو یارییە ئاگرینە لە جیاتی خۆشی، مەرگی کەسانێکی بەدواوە بووە.

بەپێی ئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، ساڵی رابردوو 23 کەس کە سەرجەمیان لە رەگەزی نێر بوون بەهۆی یاری ئاگرینەوە مردوون. لە دهۆکیش کەسێک بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

هەر لە هەولێر 8 کەس بەهۆی پروشکە ئاگر و 2 کەس بەهۆی مینەوە گیانیان لەدەستداوە، لە شاری دهۆکیش 2 کەس بەهۆی تەقینەوەی مینەوە گیانیان لەدەستداوە. هەر لە شاری دهۆک کەسێک بەهۆی "بۆردومانی کیمیایی" گیانی لەدەستداوە.

بەهۆی ئامێرێکی وەکو چەقۆش 8 کەس لە دهۆک و 5 کەس لە هەولێر گیانیان لەدەستداوە.

### 115 کەس بەهۆی کەرەستەی تەقینەوە مردوون

بەپێی ئامارەکە، لە ماوەی 10 مانگی ساڵی رابردوودا لە شاری دهۆک 115 کەس (112 نێر و 3 مێ) بەهۆی کەرەستەی تەقینەوە گیانیان لەدەستداوە. بەڵام لە هەولێر هیچ رووداوێکی لەوجۆرە تۆمار نەکراوە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی ساڵی رابردوو بووەتە هۆی مردنی هاووڵاتیان، کەوتنە خوارەوە بووە لە شوێنی بەرز، بەڵام ئەو حاڵەتە بۆ گەوران تەنیا لە شاری دهۆک بووە و بەو هۆیەشەوە 26 کەس (23 نێر و 3 مێ) گیانیان لەدەستداوە. هەروەها 6 منداڵ لە هەولێر و 3 منداڵیش لە دهۆک بەو جۆرە مردوون.

### کارەبا 57 کەسی کوشتووە

کاژێرەکانی پێدانی کارەبا هێندە کەم بوونەتەوە کە بووەتە مایەی نوکتە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بە جۆرێک نوکتەیەک لەسەر خزمەتگوزارییەکی وەزارەتی کارەبا کراوە و دەڵێت "خزمەتگوزاری تەلی کارەبا بۆ هەڵخستنی جلوبەرگ بەبێ مەترسی"، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ نەبوونی کارەبا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا کارەبا خەڵک دەکوژێت.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، ساڵی رابردوو 27 کەس (22 نێرو 5 مێ) بەهۆی لێدانی تەزووی کارەبا گیانیان لەدەستداوە. لە شاری دهۆکیش 28 کەس (21 نێر و 7 مێ) هەر بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە. جگە لەوانە دوو منداڵیش، یەکێک لە دهۆک و یەکێکیش لە هەولێر بەهۆی تەزووی کارەباوە مردوون.

### 3464 منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵان مردوون

ئاماری رووداوەکان لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری دوو بەشن، بەشێکیان تایبەتە بەو منداڵانەی تەمەنیان لە 1 رۆژ تاوەکو 5 ساڵە. بەشەکەی دیکەش لە پێنج ساڵییەوە دەستپێدەکات تاوەکو سەرووی 50 ساڵ.


بەپێی ئاماری ئەو پەیمانگەیە ساڵی رابردوو بەگشتی 3464 منداڵ گیانیان لەدەستداوە، بەڵام زۆربەیان بە مردنی ئاسایی بووە و هیچ هۆکارێکی لە پشت نەبووە.

بەپێی ئامارەکە ساڵی رابردوو لە هەولێر (135) منداڵ و لە دهۆک 52 منداڵ بە رووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەستداوە.


لە ئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەریدا دەردەکەوێت زۆربەی ئەو منداڵانەی ساڵی رابردوو گیانیان لە دەستداوە مەلۆتکە بوون، واتە تازە لە دایکبوون و تەمەنیان لە نێوان 1 تاوەکو 7 رۆژدا بووە.

بەپێی ئامارەکە لە دهۆک 791 منداڵ و لە هەولێر 677 منداڵی تازە لەدایکبوو مردوون کە کۆی گشتییان دەکاتە 1468 منداڵ و ئەمەش دەکاتە زیاتر لە 42%ی ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی 5 ساڵان گیانیان لەدەستداوە.

#### ئاماری مردووانی دهۆک بە رووداوەکان بەپێی تەمەن و رەگەز:




#### ئاماری مردووانی هەولێر بە رووداوەکان بەپێی تەمەن و رەگەز:






**رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر** *

## لە فەیسبووک هەڵیانخەڵەتاند

کچێک لە بەشی سووتانی ئافرەتان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی کە رۆژێک کوڕێک ئادی بۆ ناردووە، بەڵام ئەو قبوڵی نەکردووە. دوای هەفتەیەک نامەی ناردووە و باسی خۆی و بڕوانامەو تەمەن و کارەکەی بۆ کردووە و وێنەی خۆیشی بۆ ناردووە، ئینجا ئەویش قبوڵی کردووە و بوونەتە هاوڕێ.

پاش ماوەیەک پەیوەندی ئەو کوڕ و کچە خۆشتر دەبێت و دەگاتە ئەوەی کە یەکدی ببینن. ئەو کچە کە وەکو خۆی گوتی لە ماڵەوە ئازادیی تەواوی پێدراوە، رازی بووە لە شوێنێکی گشتی کوڕەکە ببینێ.

ئەم کوڕ و کچە سێ جار یەکدی دەبینن، جاری سێیەم کوڕەکە داوا لە کچەکە دەکات شووی پێبکات، بەڵام دەڵێت پارەی نییە، چونکە مووچەی کارەکەی بەو شێوەیە نییە کە پارە پاشەکەوت بکات. کوڕەکە پێشنیاز بۆ کچەکە دەکات کە ئۆتۆمبێلێک رابکێشێت بە قیست و دواتر ئۆتۆمبێلەکە بفرۆشنەوە و ئاهەنگی هاوسەرگیری پێ رێکبخەن.

کچەکە سەرەتا ڕاڕا بووە و شەش مانگ بیری لەوە کردووەتەوە، ئینجا بڕیاری داوە. کچەکە دەچێتە کۆمپانیایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و لەسەر ناوی خۆی ئۆتۆمبێلێک بە قیست دەکڕێت و تەسلیمی کوڕەکەی دەکات. پاشان کوڕەکە ئۆتۆمبێلەکە دەفرۆشێت و لەگەڵ کڕیارەکە پارەکە دەبەنە ئەو فەرمانگەیەی کچەکە دەوامی لێدەکرد. کچەکە دەڵێت هەر کە کڕیارەکە رۆیشت کوڕەکە یەکسەر پارەکەی برد و گوتی دوای هەفتەیەکی دیکە دێمە خوازبێنیت، بەڵام دوای ئەوە کوڕەکە بەرە بەرە لە کچەکە دووردەکەوێتەوە.

کچەکە داوای لێدەکات ئەگەر نایەتە خوازبێنی پارەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە و بیداتەوە قیستی کۆمپانیاکە، بەڵام کوڕەکە نەک پارەکەی ناداتەوە، بەڵکو کچەکە ناچار دەبێت خۆی قیستی مانگانەی ئۆتۆمبێلەکە بداتەوە.

دوای ئەوەی لە کوڕەکە بێ ئومێد دەبێت، ناچار دەبێت باسەکە لەلای برا گەورەی خۆی بکاتەوە. براکەی بانگی کوڕەکە دەکات، بەڵام ئەو نکوڵی لێدەکات. کاتێکیش کچەکە لە دادگا سکاڵا تۆمار دەکات، کوڕەکە لە دادگا سوێند دەخوات کە هیچ بڕە پارەیەکی ئەو کچەی لەلا نییە، بۆیە کچەکە بە تەواوی بێ ئومێد دەبێت.

براکەی زۆر دڵنەوایی دەداتەوە کە گوێ بە فەوتانی پارەکە نەدات، بەڵام هەڵەی وا دووبارە نەکاتەوە. کەچی سوودی نابێت، ئەو کچە بەرگەی ئەو خیانەتە گەورەیەی خۆشەویستەکەی ناگرێت، بۆیە پەنا بۆ کارێکی زۆر هەڵە دەبات و ئاگر لە خۆی بەردەدات، بەڵام دایک و باوکی زوو فریای دەکەون و دەیکوژێننەوە.

بۆ ئەو کچە و هەموو ئەوانەی دەکەونە کێشەیەکی گەورەوە، باشترە بیر لە رێگەچارەی گونجاو بکەنەوە نەک پەنا بۆ هەڵەیەکی وەکو خۆسووتاندن بەرن. هەروەها ئاگاداری یەکترناسینەکان بن، بە تایبەتی لە رێگەی فەیسبووک.

# گۆڕی 400 "سەحابی" لە هەولێر

## کەنعان موفتی: خەڵکی هەولێر بۆ بەرگریی لە خۆیان ئەو سەحابیانەیان کوشتووە

**کارزان حەیدەر**
**رووداو- هەولێر**

"کاتێک شارەوانی ویستوویەتی ئەو گۆڕانە لابدات، ئەو شۆفلانە لەکارکەوتوون کە ویستوویانە گۆڕەکان هەڵبگرن" ئەمە قسەی زۆر کەسی خەڵکی هەولێرە لەبارەی ئەو دەیان گۆڕەی ئێستا کەوتوونەتە سەنتەری شار و سەر شەقامەکانی ناو بازاڕ و بە پەڕۆی سەوز داپۆشراون.

لەسەر شەقامی سیروان لەناو جەرگەی بازاڕی هەولێر گۆڕێک، لەناو قەیسەرییە دێرینەکەی هەولێر دوو گۆڕ و لە بازاڕی نیشتیمانیش گۆڕێک هەیە کە خەڵکی هەولێر دەڵێن "گۆڕی پیاوچاکانن". بەڵام هیچ ناوێک لەسەر گۆڕەکان نەنووسراوە و نازانرێت ئەوانەی لەناو ئەو گۆڕانەدان کێن.

کەنعان موفتی شارەزای شوێنەوار دەڵێت "تەنیا گۆڕەکەی سەید وەقاسی نێو بازاڕی قەیسەری ناسراوە، ئەوانی دیکە ناسراو نین". د.بەشیر حەددادیش دەڵێ "گومان دەکەم ئەوانە هەر گۆڕیش بن".

### گۆڕە بێ ناوەکان

"دەڵێن گۆڕی سەیدساڵحە"، ئەمە بە قسەی دووکاندارەکانی نزیک گۆڕەکە کە کەوتووەتە سەر شۆستەی شەقامی سیروان لە نزیک کۆتری سەلام، بەڵام ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان نییە و ئەم قسانە دەماودەم هاتوون.

کەنعان موفتی دەڵێ "ئەو گۆڕە هی سەدەی هەژدەیە و نەناسراوە، رەنگە یەکێک بێت لە گۆڕەکانی گۆڕستانی گەورەو لەوێ مابێتەوە".

گۆڕەکەی بازاڕی نیشتیمانیش بە گۆڕی "سەید زەکەریا" ناوی دەهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ ناونیشانێکی لەسەر بێت. خەڵک دەڵێن لە کاتی دروستکردنی بازاڕی نیشتیمان شۆفڵ کاری لێنەکردووە. گۆڕەکەی بازاڕی نیشتیمان زۆر درێژە، زۆر لە خەڵکی کوردستان بەو گۆڕە درێژانە دەڵێن "گۆڕی سەحابی". بەڵام کەنعان موفتی دەڵێ "ئەو گۆڕە هی گۆڕستانی گەورەیە کە ئەو سەردەمە لەوێ بووە".

گۆڕەکانی سەید وەقاس و سەید عەبدوڵڵا لەنێو بازاڕی قەیسەرین. بە قسەی کەنعان موفتی "سەید وەقاس لەساڵی 1850 کۆچی دوایی کردووە، پێشتر ئەو شوێنە قەیسەری نەبوو، بازاڕێکی بچووک بوو، حاجی مەلا ساڵح که چووە حەلەب و هاتەوە بازاڕی قەیسەری دروستکرد، رەنگە گۆڕستانی گەورە هەتا ئەوێ هاتبێ".

لە سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین گۆڕستانی گەورەی هەولێر لە مزگەوتی خانەقا دەستیپێدەکرد هەتا سەر بەست، بەستەکە ئێستا کەوتووەتە پشت بازاڕی نیشتیمان، ئەوکاتە گۆڕی جولەکەکانیش لە تەنیشت گۆڕی موسڵمانان بووە بەلای رۆژهەڵاتدا. کەنعان موفتی دەڵێت "خەڵک باڵەخانەیان دروستکردووە، بەڵام نەیانوێراوە دەستکاری گۆڕەکان بکەن".


گۆڕێکی بێ ناونیشان لە بازاڕی نیشتیمان لە شاری هەولێر
(فۆتۆ: دارا قادر)

### مەلایەک: چەندجار شۆفڵ لێیداوە و شکاوە

مەلا موئەیەد عەزیز نەقشبەندی، پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی سەید عەزیز نەقشبەندی لەبارەی ئەو گۆڕە تاقانانە دەڵێ "خۆم ئاگادار بووم چەند جارێک شۆفڵ لەو گۆڕانەی داوە، بەڵام شۆفڵەکان شکاون، ئەوانە گۆڕی پیاو چاکانن، ئێمە وەک مامۆستایانی ئاینی رازی نەبووین ئەو گۆڕستانە تێکبدرێت کە ئێستا بازاڕی نیشتیمانی لەسەر دروستکراوە".

بەڵام ئەوەی کە شۆفڵ نەتوانێ گۆڕێک تێکبدا و لەکاربکەوێ قسەیەکی پێچەوانەی عەقڵ و لۆژیکە.

سەید کەمال حوسێن محەممەد بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پارێزگای هەولێر دەڵێت "پارێزگای هەولێر و شارەوانیش هیچ کاتێک داوای رای ئێمەیان نەکردووە بۆ لابردنی ئەو گۆڕانە، وەک گوێشمان لێ بووە شۆفڵ لێیداوە و شکاوە، چونکە پیاو چاکن، ئێمە ئەو مافە بەخۆمان نادەین دەریانبێنین و بیانگوازینەوە".

### مەلا بەشیر: بەردی کەعبەیان شکاند و دەستیان نەشکا

بەڵام دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، مامۆستای زانکۆ و وتاربێژ و پێشنوێژی مزگەوتی جەلیل خەیات، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت "ئەو شتانەی دەگوترێن دوورن لە راستی، بەردی رەشی کەعبەی پیرۆز دزراوە و شکێنراوە، چەندین مزگەوت تەقێندراونەتەوە، بەڵام نەمانبینی کەس دەستی بشکێ. لەگەڵ ئەوەی کاری خراپن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر کەسێک کارێکی خراپ بکات دەستی بشکێ، ئەگەر وا بووایە هەرگیز کاری خراپ لەو دونیایە رووی نەدەدا".

سەبارەت بە لادانی ئەو گۆڕانە د.بەشیر گوتی "ئەم گۆڕانە بوونەتە رێگر لەبەردەم کار و پرۆژەو رێگاوبانی خەڵکی، زانایانی ئاینیش دەڵێن هەر کاتێک هەر رێگرێک هەبوو لەسەر رێگەی خەڵک، داربێ یاخود بەرد بێ، یان هەر شتێکی دیکە بێت، دەبێ هەڵبگیرێ". د.بەشیر گومانی هەیە کە ئەو گۆڕانە خەڵکیان تێدابێت.

مەلا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلام لەبارەی رەوایی هەڵگرتنی گۆڕەکان دەڵێ "بەپێی شەرع زۆر ئاساییە لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەو گۆڕانە لەسەر داوای لایەنێک لە حکومەت هەڵبگیرێن پاش پێکهێنانی لیژنەیەک لە یەکێتی زانایانی ئاینی بۆ تاوتوێکردنی پرسەکە، ئەگەر پێیانوابێ لابردنی ئەو گۆڕانە بەرژەوەندیی گشتی تێدایە".

### گۆڕی 400 سەحابی

لەسەردەمی خەلافەتی ئیمامی عومەر لە ساڵی 22ی هیجری، بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام بە هەولێر و شارەزوور، سوپایەک لە حیجازەوە هاتنە ئەو ناوچانە، خەڵکی ناوچەکەش بەرگرییان لە خاک و نیشتیمانی خۆیان کردووە و لەو شەڕانەدا ژمارەیەک عەرەبی سەر بە سوپای ئیسلام کوژراون. ئێستاش لە کوردستان شوێنێک هەیە بەناوی دۆڵی ئەسحابان. هەروەها گۆڕستانێکیش هەیە پێیدەگوترێ سوڵتان عەوڵڵای عارەب. بە قسەی خەڵک ئەوە سەحابی بووە.

سەحابی بە هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام دەگوترێ، لەکاتێکدا ئەوانەی بەشداریی ئەو هێرشانەیان کردووە بۆ سەر ناوچەکانی کورد مەرج نییە هاوزەمان و هاوەڵی پێغەمبەری ئیسلام بووبن.

لیژنەی فتوای کوردستان لە رێگەی نامەیەکەوە وەڵامی (رووداو)یان داوەتەوە کە ئایا دروستە ئەو گۆڕانە لابرێن یان نا. ئەوان دەڵێن "هیچ زەرورەت نییە بۆ گواستنەوەی ئەو گۆڕانەی ماون لەناو بازاڕی شاری هەولێر، بەڕای هەر چوار مەزهەبەکان گواستنەوەیان دروست نییە. پاراستنی ئەو گۆڕانە لە شاری هەولێر بەڵگەیە بۆ رێزگرتنی ئەو شارە لە گۆڕستان، بۆ زانیاری گۆڕستانەکانی شاری هەولێر، گۆڕی زیاتر لە 400 سەحابەی شەهیدی تێدایە لەسەردەمی فەتحی قەڵای هەولێر کە لەژێر دەستی رۆمەکاندا بووە، بۆیە وامان پێ باشە نەگوازرێنەوە".

کەنعان موفتی لەبارەی کوژرانی ئەو 400 "سەحابی"یە دەڵێت "ئەو 400 کەسە لە رووبەڕووبوونەوەی خەڵکی شارەکەدا کوژراون ئەو کاتەی ویستوویانە بێنە نێو شارەکە، خەڵکەکە بەرگرییان لەخۆیان و خاکەکەیان کردووە".

### شارەوانی: کەس داوای نەکردووە لای بدەین

ئێستا ئەم گۆڕانە کەوتوونەتە سەر شەقام و شۆستەکانی سەنتەری شارێک کە لە 2014دا وەک پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبی دەستنیشان کرا. مرۆڤ بیری بۆ ئەو ساتانە دەچێ کە گەشتیارێکی بیانی بەلای ئەم گۆڕانەدا رەتدەبێ، چۆن بیر لە خەڵکی ئەم شارە دەکاتەوە.

بەڵام وادیارە ئەمە خەمی کاربەدەستانی ئەم شارە نییە.

عەبدولڕەحمان گەزنەیی، سەرۆکی شارەوانی هەولێر بە وەکالەت، سەبارەت بە لادانی ئەو گۆڕانە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا کەس داوای لێنەکردووین ئەو گۆڕانە لابدەین، هەتاوەکو داواکارییەکمان لەلایەن لایەنێکی بەرپرسەوە بۆ نەیەت، ئەو گۆڕانە لانادەین".

وەکو دیارە کەسیان ناوێرن بڕیار بدەن و هەرکەس چاوەڕێی فەرمانە لەلایەکی دیکەوە!

# کوردستان بەرەو نەهێشتنی لێبووردنی گشتی دەڕوات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی رەتکردەوە و بەوەش شکستی بەهەوڵی دوو پرۆژە یاسای پەرلەمانتاران هێنا، چالاکوانانیش پێیانوایە لێبووردن زیانی زیاترە لە سوودی.

لە 2005 تاوەکو 2015 لە هەرێمی کوردستان دوو جار لێبووردنی گشتی دەرکراوە، یەکەم لەساڵی 2005 لەلایەن خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانەوە و دووەمیشیان لێبووردنی تایبەتی لەلایەن مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2012 بوو کە بەهۆیەوە ژمارەیەک "تاوانبار" ئازادکران.

لەگەڵ دەسپێکی خولی چوارەمی پەرلەمان و لەساڵی رابردوودا ژمارەیەک پەرلەمانتار 2 پرۆژە یاسایان لەبارەی لێبووردنی گشتی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە رەتکرایەوە، ئێستا ئەگەری بەهێز ئەوەیە کۆتایی بە دەرکردنی لێبووردنی گشتی بێت لە کوردستان.

### بزووتنەوە: هەندێک لایەن نایانەوێت دەربکرێت

فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، خاوەنی یەکێک لە پرۆژەکانە. وەک د.شوان قەڵادزەیی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوە باسیکرد، پێشتر لێبووردنی گشتی هەبووە، بەڵام فراوان نەبووە "خەڵک هەیە دەستگیرکراوە، بەڵام نە دادگایی کراوە و نە سزاش دراوە، سزادراویش هەیە 6 ساڵە سزاکەی تەواو بووە و ئازاد نەکراوە، بۆیە ئاساییە لە بۆنەی نیشتمانی و ئاینی لێبووردنی گشتی دەربکرێت".

قەڵادزەیی بێ ناوهێنان هەندێک لایەن تۆمەتبار دەکات بەوەی نایانەوێت پرۆژە یاساکانی لێبووردن پەسەند بکرێن و گوتی "پرۆژەکان جێگرەوەی دادگا نین". بەڵکو وایدەبینێ ئەوانەی دژایەتی ئەو پرۆژانە دەکەن پێویستیان بەوە هەبێ سەردانی چاکسازییەکان بکەن "ئەوکات دەزانن لێبووردنی گشتی چەند گرنگە، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییان کردووە".

### سۆران عومەر پەشیمان بووەوە

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی فراکسیۆنی کۆمەڵ کە واژووی لەسەر پرۆژەکەی خۆیان کردووە، بەڵام ئێستا پەشیمان بووەتەوە و لەگەڵی نییە، چونکە "هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی پێویستە تاوانبار سزاکەی خۆی تەواو بکات".

ناوبراو وەک سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەو لێبووردنە گشتی و تایبەتییانەی لە نێوان ساڵانی 2007و 2012 لە هەرێمی کوردستان دەرکراون بە "خراپترین لێبووردن" ناودەبات، چونکە وەک ئەو دەڵێت "خەڵکانێک سوودمەند بوون لێی کە نەهاتوونەتە بەردەم دادگا و دەربازیش بوون، هەندێک لەوانە لەلایەن یەکێتی و پارتی پلەی سەربازییان هەبووە". بۆیە ناوبراو لەگەڵ ئەوەدایە کە لێبووردنی گشتی هەر نەمێنێ.

سۆران عومەر، بەلایەوە گرنگە لەبری لێبووردن ئەو رەخنانەی لەسەر دادگاکان هەیە چاک بکرێت و دادگەریی لە حوکمەکاندا بچەسپێ، هەروەها رەوشی چاکسازییەکان و مۆڵەتی زیندانیان چاک بکرێن. جگە لەوەش خانەوادەی زیندانییەکان خزمەتی زیاتر بکرێن، چونکە زۆرجار بەهۆی سزاکانەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیرازەی ئەو خێزانانە تێکدەچێت.


(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

لەهەرێمی کوردستان 2 شێواز لێبووردن هەیە، یەکێکیان لە دەسەڵاتی پەرلەمانە کە (لێبووردنی گشتی)یەو 4 ساڵ جارێک دەردەکرێت و دووەمیش لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە (لێبووردنی تایبەت) ەو چوار ساڵ جارێکە.

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکان لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە زیاتر ئاگاداری حاڵی زیندانی و چاکسازییەکانە، ئاشکرای کرد "لێبووردن هەر لە کوردستان هەیە، ئەگینا لە وڵاتانی دەرەوە نییە".

ئەحمەد نەجمەدین دەڵێ بەر لەدەرکردنی هەر لێبووردنێکی گشتی "دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ لێبووردنەکان بکرێت و رای توێژەران و بەڕێوەبەرانی چاکسازییەکان وەربگیرێت، بزانرێت ئاخۆ ئەو لێبووردنە گشتییانە تاوەکو چەند باشە، هەروەها بۆ داهاتووش چی بکرێت".

سروشتی کاری پەرلەمانی وایە، ئەگەر بۆ بابەتێکی دیاریکراو چەند پرۆژەیەک پێشکەشکرابوون ئەوا دوای خوێندنەوەی یەکەم، هەموو پرۆژەکان لەدوو توێی پرۆژەیەکدا کۆدەکرێنەوە و پاشان خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت.

د.بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، رەتیدەکاتەوە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدابووبن، ئەو پرۆژانەی لێبووردن بخرێنە نێو بەرنامەی کارەوە "بەڕای خۆم ناکرێت لەماوەی 10 ساڵدا دووجار لێبووردن دەربکرێت".

### ئەنجوومەنی دادوەری رازی نییە

بەپێی نووسراوێکی ئەنجوومەنی دادوەری بەژمارە 2290 کە لە رۆژی 2014/11/20 وەک وەڵامێک ئاڕاستەی پەرلەمانیان کردووە، ئەو پرۆژەیەیان رەتکردووەتەوە. نووسراوەکە دەڵێت "ئەنجوومەن و گشت دادوەران لەگەڵ هیچ لێبووردنێک نین، چونکە لە جیهانی دادوەریدا بەم جۆرەی لەهەرێمی کوردستان پیادە کراوە بوونی نییە، سەرەڕای ئەوەی بەهەدەردانی ماندووبوونی داوودەزگاکانی پۆلیس و دادگاکان و گشت خەرجییەکانە و مانایەک بۆ بنەمای (الردع) نامێنێ".

هەر لەنووسراوەکەی ئەنجوومەنی دادوەریدا هاتووە "ئەگەرچی لە بەرژەوەندی تاوانبارانە، لە هەمانکاتیشدا گلەیی و ناڕەزایی لایەنی تاوانلێکراوی لێدەکەوێتەوە، بە ئەزموونی ئێمەش زۆربەی ئەوانەی بەر لێبووردن دەکەون و ئازاد دەکرێن، دووبارە تاوان دەکەنەوە".


### "تاوان زیاد دەکەن"

چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ، بەردەوام سەردانی چاکسازییەکان دەکەن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە زیندانیان بەشێوەیەکی باش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەپێویستیشی دەزانن تاوانبار سزای خۆی تەواو بکات.

ئاوات محەممەد، بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، بەپێویستی دەزانێ "تاوانبار سزاکەی خۆی تەواو بکات" چونکە بەبۆچوونی ئەو، لێبووردنەکانی رابردووش بەشێکی زۆری نەبوونەتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان "بەڵکو زۆرتریش بوون".

ناوبراو گوتیشی تەنانەت بەشێک لەوانەی بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون دیسان تاوانیان کردووە، بۆیە ئەو لێبووردنانە زیانیان زۆرترە و خەڵکیش هەست دەکەن یاسا رێگر نییە لە تاوان، بۆیە ئەگەر لێبووردنیش هەر دەردەکرێت، پێویستە زۆر سنووردار بێت.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19



## ماهیر پێناکەنێت

**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەری کۆمیدی ماهیر حەسەن دەڵێت بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە لەشەڕدایە و ژمارەیەکی زۆر شەهیدی داوە، کارە هونەرییەکانی خۆی ڕاگرتووە.

ماهیر حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت "لەماوەی ڕابردوودا بەهۆی جەنگەوە گشت کار و چالاکیەکانمان ڕاگرت، چونکە کوردستان لە جەنگدایە و دواتریش ناکرێت ئێمە بێین بەزۆر ئەم خەڵکە بخەینە پێکەنین لە کاتێکدا چەندان شەهیدمان هەیە". گرووپەکەی ماهیر هەموو ساڵێک کار بۆ شانۆگەریەکی کۆمیدی دەکەن کە زۆرجار نمایشکردنی بۆ ماوەی 3 مانگ بەردەوام دەبێت.

# 15 هونەرمەند گۆرانییەک دەڵێن



**ڕووداو- هەولێر**

15 هونەرمەندی سنووری پارێزگای دهۆک کۆتاییان بە تۆمارکردنی گۆرانییەک هێنا بەناوی "ڕۆژا مە هات" و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کلیپی بۆ بکەن.

دەلال زاخۆیی کە یەکێکە لەو 15 هونەرمەندە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم بەرهەمە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی دهۆک تۆمارکراوە و شیار ڕێکانی تێکستی بۆ نووسیوە. هەروەها محەممەد عومەر ئاوازی بۆ داناوە و محەممەد زەکیش دابەش و تۆماری کردووە".

گوتیشی "لەو 15 هونەرمەندەی گۆرانییەکە دەڵێن، پێنجیان ژنن، ماوەی گۆرانییەکەش 10 خولەکە، کارێکی زۆر پرۆفیشناڵە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کلیپێکی بۆ دەکەین".

# ڕووداو دەبێتە ستایل




**ڕووداو- هۆڵەندا**

حەسەن ئیبیش کە زیاتر بە حەسەن سیپان ناسراوە، سەرتاشێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لۆگۆی ڕووداو لەسەر سەری هەندێ لەو کەسانە دروستدەکات کە بۆ سەرتاشین دەچنە لای، ئەویش وەک خۆشەویستییەک بۆ ڕووداو.

حەسەن سیپان سەرتاشێکی نێودارە و زۆر بەرنامە و ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لەسەر کاری ئەو لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا کراون.

حەسەن کە خەڵکی شاری عەفرینە، لە حەلەب گەورە بووە. پێشتر زۆر ناوی کوردستانی لەسەر سەری ئەو کەسانە دەنووسی کە دەچوونە لای. ئەو زۆر (ڕووداو)ی خۆشدەوێت، بۆیە ئێستا ناوی ڕووداو لەسەر سەری ئەو کەسانە دەنووسێ کە بۆ سەرتاشین دەچنە لای.

# فیلمەکەی عەتوف لەبارەی نەوتە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو - هەولێر**

هونەرمەندی سینەماکار شوان عەتوف فیلمێکی 75 خولەکی بەرهەم دێنێت و دەڵێ یەک ساڵە بە دوای دابینکردنی بودجەوەیە بۆ فیلمەکە، بەڵام کەس پارەی ناداتێ.

شوان عەتوف بە (ڕووداو)ی گوت "سیناریۆی فیلمێکی 75 خولەکیم تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەوە ئێستا کارەکانی بە باشی بەڕێوەناچن".

عەتوف باسی ناوەڕۆکی فیلمەکەی کرد و گوتی "ئەم فیلمە باسی جیاوازییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ 20 ساڵ لەمەوبەر دەکات، هەروەها باسی نەوتی کوردستانیش دەکات". خەونی شوان ئەوەیە زوو فیلمەکەی تەواو بکات و بۆ فێستیڤاڵە جیهانییەکانی بەڕێ بکات، بەڵام دەڵێت تاوەکو ئێستا لە چەند دەرگایەکی داوە و کەس هاوکاریی نەکردووە.

# ڕۆژهەڵاتییەک داعش دەکاتە فیلم



**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیەوێت فیلمێک لەسەر شەڕی پێشمەرگە و داعش دروست بکات.

میهران شیری کە دەرهێنەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە (ڕووداو)ی گوت کە ئێستا لە شاری هەولێرە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی بەناوی "ئێمە لێرەین".

ئەو فیلمە باس لە ئازایەتی پێشمەرگە دەکات لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ داعش.

ئەو دەرهێنەرە گلەیی لە سینەماکار و دەرهێنەرانی کوردستان هەیە و دەڵێت "زۆر بە داخەوە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە سوود لە داستانی شۆڕشەکانمان وەربگرین کە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ڕوویداوە. لە فیلمەکاندا کورد هەمیشە بە دیوێکی ناشرین پیشانی خەڵک دەدرێت، کاراکتەری فیلمە کوردییەکان هەمیشە وەکو شێت و گێل و دەست و قاچ بڕاو پێشانی خەڵک دراون".



# ئەنجلینا جۆلی موسا دەدۆزێتەوە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی ئەنجلینا جولی دوای چەندین دانوستاندنی نهێنی توانی منداڵێکی سووری بەناوی موسا بدۆزێتەوە و بەخێوکردنی لەئەستۆی خۆی بگرێت.

موسا دایک و باوکی لە شەڕی سووریا لەدەستداوە، ئێستا لە کەمپێکی پەنابەران لە تورکیا لەگەڵ چەند خێزانێکدا ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنێ، بۆیە ئەنجلینا جولی بڕیار بدات بەخێوی بکات.

پاش ئەوەی ئەنجلینا جولی وەک باڵیۆزی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کرد، چاوی بەو منداڵە دەکەوێت و چیرۆکی ژیانی موسا دەیهەژێنێت، هەر لەوێ بڕیادەدات لەخۆی بگرێت و بەخێوی بکات.

ئێستا هەموو ئامادەکارییەکان تەواو کراوە بۆ ئەوەی پێشوازی لە موسا بکرێت، موسا دەبێتە شەشەمین منداڵی ئەنجلینا جولی.



# مریەم حوسێن 6 کاژێر دەگریەت

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەر و میدیاکاری عێراقی مریەم حوسێن بەهۆی لێدانەوە لە نێو فیلمێکدا نزیکەی 6 کاژێر بەردەوام دەگریەت.

مریەم حوسێن ڕایگەیاند کە لە کاتی تۆمارکردنی درامایەک لەلایەن یەکێک لە ئەکتەرەکانەوە زللەیەکی زۆر توندی لێدراوە و بەو هۆیەشەوە بۆ ماوەی 6 کاژێر گریاوە، بەهۆی ئەوەشەوە وێنەگرتنی دراماکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک وەستا.

مریەم گوتیشی "بۆ یەکەمجارە لێدانێکی لەم شێوەیە دەخۆم، بە درێژایی ژیانم شتی وام نەبینیوە، باوەڕیشم وایە ئەمە کۆتایی دەبێت، هەرچەندە لێدانەکەم لە چوارچێوەی سیناریۆی دراماکە بوو، بەڵام بەڕاستی زۆر بە ئازار بوو".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
بەپێچەوانەی ماوەکانی ڕابردوو ئێستا دەتوانی چاوەڕوانی پێشهاتی خۆش بکەیت. خەمەکان تەواو دەبن، وەک ئەو جۆرە کەسانە مەبە کە خۆیان خەم و گرفت بۆ خۆیان دروست دەکەن، ئاسوودەیی بدۆزەرەوە و دەروونت ئارام بکەوە، گەشبینی کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە.

**گا**
زۆرینەی کارەکانی ئەم ماوەیە پێویستیان بەچاوەڕوانی دەبێت، بەڵام هەموو هیواکانت مەخەرە سەر ئەنجامێک، بەڵکو پلانی جێگرەوە دیاری بکە. ئەو کەسانەی لێت تێدەگەن دەتوانن هاوکاریت بکەن لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا. ڕێگایەکی نوێ دەبینیتەوە بۆ پێشخستنی پلانەکەت.

**جمک**
خۆتان لەو جۆرە پرۆژانە بەدوور بگرن کە ماوەی درێژخایەنیان پێویستە و ئەنجامیشیان جێی دڵنیایی نین. سەرسەختی دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و پێویستە خۆت لەگەڵ چواردەورەکەت بگونجێنی. هەوڵبدە مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ بەرامبەرەکەت بکەی.

**قرژاڵ**
بەدەستی خۆت کارەکانت ڕاپەڕێنی لەوە باشترە بۆ هاوکاری بگەڕێی. سەرنجڕاکێشانتان کاریگەری دەخاتە سەر ئەو کەسانەی بە دیداریان دەگەن. هاوکاری هاوکارەکانت بکە بۆ ئەوەی پشتیوانیت بکەن. مەهێڵە ئەو شتانە ماندووت بکەن کە هیچ سوودێکیان بۆ ژیانت نابێت.

**شێر**
هێز و چالاکیتان زیاد دەکات و دەتوانن لەجێبەجێکردنی کارەکانتاندا سوودی لێوەربگرن، نهێنییەکانت تەنیا با لە دڵی خۆتدا بمێننەوە. بەڵێنی گەورە بە خۆشەویستەکەت مەدە کە دەزانی لەکاتی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت.

**گوڵەگەنم**
گرنگی بەوە مەدە خەڵک دەربارەی تۆ چۆن بیردەکەنەوە، لە کۆتاییدا ئەنجامی سەرکەوتنەکان دەبێتە باشترین وەڵام بۆ هەموو ئەو کەسانە. بەرنامەی ئەو کارانە ڕێکبخەن کە بەنیازن بیانکەن. دیدارەکانتان زۆر دەبن و هەندێکیشیان بەو شێوەیە دەبێت کە بەرنامەتان بۆ داناون.

**تەرازوو**
بڕیارێکی یەکجاری زۆرێک لەکارەکانت بۆ ئاسان دەکات، هەوڵ بدە چەند جارێک بەهێمنی بیر بکەیتەوە و لەگەڵ کەسانێکی نزیکت باسی ئەو بابەتە بکەیت، تووڕەبوون ئاسانە، بەڵام بەدرەنگ دەتوانن دۆخەکان چاک بکەنەوە. لەم ماوەیەدا هێمنی خۆتان بپارێزن.

**دووپشک**
لەو شتانە خۆت دوور بخەرەوە کە بێزارت دەکەن، ئەم هەفتەیە بەدەستکەوتنی بڕە پارەیەک دەستپێدەکات کە دەبێتە لایەنێکی یارمەتیدەر. لەبارەی بابەتێک زانیاری ڕاستت دەست دەکەوێت کە تا ئێستا بەشێوەیەکی دیکە بیرت لێ دەکردەوە. هەوڵ بدەن زیاتر لەمەبەستی چواردەور تێبگەن.

**کەوان**
لە ڕابردوودا بڕیارەکانت خێرا بوون و دەرئەنجامەکانیشی باش دەبوون، لەئێستا بەدواوە بەبێ خۆئامادەکردن و پلاندانان بڕیارە خێراکانت ئەو سوودەی نابێت. چەند گوێ لە ڕاوبۆچوونی جیاواز بگریت ئەوەندە بیرۆکەکانت بەهێز دەبن. پەیوەندییەکانت بەشوێنە دوورەکانەوە زۆر دەبێت.

**کاژۆڵە**
بەتەواوی ئاگاداری کارەکانت بە. ڕووبەڕووی گرفتەکان ببەرەوە بەبێ ئەوەی خۆت بەدەستەوە بدەیت، گرفتەکانی ئەم ماوەیە لەو جۆرە نین کە تۆ خۆت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ئامادە کردووە بەڵکو ئاسانترن. بیرکردنەوەکانتان لەسەر دەرامەت چڕبکەنەوە چونکە بەخت لەو بارەیەوە هاوکارییەکی باشتان دەکات.

**سەتڵ**
چەند خۆشەویستی زیاتر بۆ چواردەورەکەتان دەرببڕن ئەوەندەش وەردەگرنەوە. دیداری کەسانی پلەبەرز دەکەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن.

**نەهەنگ**
کاتێکی باشە بۆئەوەی هەوڵەکانتان بۆ باشکردنی باری دەرامەت چڕبکەنەوە و بەختیش هاوکاریتان دەکات. لەهەموو هەنگاوەکاندا ڕووبەڕووی سۆزداری دەبنەوە. هەوڵەکانت بخە گەڕ بۆئەوەی لە کۆتاییدا ئەنجامەکان ڕوون ببنەوە.

# پێشمەرگە دوو سۆماڵی دەکوژن

**ڕووداو – ئۆرێبروو**

دوو سوێدیی بە ڕەچەڵەک سۆماڵیی دانیشتووی شاری ئۆرێبروو کە چووبوونە ڕیزەکانی داعش لە عێراق، بە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە کوژران.

ئەم هەواڵە هەم لەلایەن جەمال لەمهاندی سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی مزگەوتی ئۆرێبروو، هەم لەلایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی ئەفریقا – لقی ئۆرێبروو پشتڕاست کراوەتەوە کە ئەم دوو کەسە دوو هەفتە لەمەوبەر کوژراون. جەمال باوکی یەکێک لەو دوو سوێدیە بە ڕەچەڵەک سۆماڵییەیە.

پۆلیسی سەر بە دەزگای هەواڵگریی سوێد (sepo) پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئاگادارن نزیکەی 130 هاووڵاتی سوێدی پەیوەندییان بە چەکدارانی داعشەوە کردووە لە عێراق و سووریا.

مەهدی وەرسامە، سەرۆکی کۆمەڵەی فەرهەنگیی ئەفریقا – لقی ئۆرێبروو بە (ڕادیۆی سوێد)ی ڕاگەیاندووە "کەسوکاری ئەو دوو کەسە زانیارییان بە کۆمەڵەکە داوە کە ئەوانە لە باکووری عێراق کوژراون، ئەو کاتەی لەبەرەی داعشدا شەڕیان دەکرد".

ئەو دوو کەسە بەر لەوەی بە دەستی پێشمەرگە بکوژرێن، چەندینجار هاتوچۆی عێراقیان کردووە. سەرۆکی کۆمەڵەکە دەڵێت دایک و باوکی ئەو دوو گەنجە چەندینجار هەوڵیان لەگەڵ ڕۆڵەکانیان داوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە چەکدارانی داعشەوە نەکەن، بەڵام بێسوود بووە.

مەهدی وەرسامە دەڵێت "مەترسی هەیە چەند گەنجێکی دیکەی سۆماڵیش لە سوێد هەمان ڕێگەی ئەو دوو گەنجە بگرنەبەر و ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس ببنەوە".

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەندێشتوون باری، سەرۆکی پۆلیسی ئاسایشی سوێد بە تەلەفزیۆنی سوێدی ڕاگەیاند "ئەوەی زۆر ئاشکرایە 130 کەس لە سوێدەوە ڕۆیشتوون و تێکەڵ بە خەلافەتی ئیسلامی بوون لە عێراق و سووریا، دەکرێت ژمارەی ئەو کەسانە بگاتە 300 کەس".

ناوبراو هەروەها گوتی "80 لەو سوێدیانەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردبوو گەڕاونەتەوە سوێد، ئێستا لە ژێر چاودێریی ئاسایشی سوێد دان".

بۆ ڕێگری لە چوونی گەنجانی سوێد بۆ نێو داعش، مەهدی وەرسامە بە پێویستی دەزانێ هەماهەنگییەکی زیاتر لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگا ئەمنییەکانی سوێد هەبێت.

وەرسامە هەروەها دەڵێت "ئێمە لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە سۆماڵییەکان لەگەڵ دەزگا بەرپرسەکانی سوێد هەماهەنگی دەکەین، بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی وا بدۆزینەوە کە بەر بە چوونی گەنجان بگرین و چیدی نەچنە ڕیزەکانی داعش".

حکومەتی سوێد بە نیازی دەرکردنی یاسایەکە بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەچنە دەرەوەی سوێد بۆ شەڕکردن، پێدەچێ ئەو یاسایە ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە شەڕ لە دژی داعش دەکەن، چونکە داڕێژەرانی پرۆژە یاساکە پێیانوایە ئەوانەشی شەڕ لەدژی داعش دەکەن، کە دەگەڕێنەوە توندوتیژی لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە ناو سوێد.



(فەرزین حەسەن)

# ڕووداوەکەی پاریس سنوورەکانی ئەوروپا تۆخ دەکاتەوە

**ئاسۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

گێڵس دی کیرشۆف، بەرپرسی دژە تیرۆر لە یەکێتی ئەوروپا لە دوای ڕووداوەکانی پاریس ڕایگەیاند، ئەوروپا ناتوانێت ڕێگا لە ڕوودانی هێرشی تیرۆریستی هاوشێوەی هێرشەکەی سەر گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لە پاریس بگرێت.

ئەوروپییەکان چەندە نیگەرانی کردەوەی تیرۆرستین، ئەوەندەش نیگەرانی پاراستنی بەهاکانی دیموکراسین. ئامادەبوونی سێ ملیۆن کەس لە خۆپیشاندانەکانی پاریس و چل سەرکردەی جیهان بۆ پاڵپشتیکردنی قوربانیانی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە ئەوروپا نەک دەستبەرداری بەهاکانی نابێت، بەڵکو سەرسەختانە بەرگرییان لێدەکات.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بڵاوەپێکردنی هەزاران سەرباز لە شوێنە گشتییەکانی شاردا ئاماژە نییە بۆ غیابی سەروەریی یاسا؟ دەوڵەتێکی مەدەنی چۆن ماف بەخۆی دەدات سەرباز لە شوێنە گشتییەکان بڵاوبکاتەوە. ئاخۆ ئەوە سیمای مەدەنیەت و بەهاکانی ناڕوشێنێ؟ ئەی بەهێزکردنی دەزگاکانی هەواڵگری و چاودێریکردنی تەلەفۆن و ئیمەیڵی هاووڵاتیان هەڕەشە نییە لەسەر ئازادیی تاک؟ ئەوروپا لە نێوان ئازادی و ئاسایشدا کامیان هەڵدەبژێرێ؟

هەوڵی پایتەختەکانی ئەوروپا بۆ ڕێگاگرتن لە تیرۆر ڕەخنەی ناوەندەکانی توێژینەوە و میدیاکانی ئەوروپا و ئەمریکای لێکەوتەوە. دەیڤد ئیگناتۆس لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ڕەخنەی لە مامەڵەی حکومەتی فەڕەنسا گرت لەمەڕ وەڵامدانەوەی تراژیدیای چارلی ئیبدۆ.

لە بابەتێکدا بە ناونیشانی "وەڵامی هەڵە بۆ چارلی ئیبدۆ" دەیڤید ئاماژە بەوە دەکات کە بڵاوەپێکردنی 10 هەزار سەرباز و پۆلیس بەناو شاری پاریسدا هەڵەیە.

دەیڤد پێیوایە کە پاریس هەمان هەڵەی واشنتنی دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر دووبارە دەکاتەوە، بەمشێوەیەش تیرۆر لەناوناچێت "بەهێزکردنی دەزگای هەواڵگری و بڵاوەپێکردنی سەرباز هەڕەشەیە لەسەر ئازادی جا بە ناوی تیرۆرەوە بێت یان هەر ناوێکی دیکە".

بە بۆچوونی نووسەر باشترین ڕێگای بنبڕکردنی تیرۆر ئەو ڕێگایەیە کە عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر ئاماژەی پێکرد کاتێک گوتی "پێویستمان بە شۆڕشێکی ئاینی هەیە".

دەیڤید ڕوو لە فەڕەنسییەکان دەکات و دەڵێت لەوانەیە لە ئەمریکییەکانەوە فێربن لە ئاستی کۆمەڵگادا کار بکەن بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، بەڵام تیرۆر بەمشێوەیە بنبڕ ناکرێ دەیڤید کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ئاماژەی بە هاوسەنگیی نێوان پاراستنی ئاسایش و بەرگری لە ئازادی کرد و ڕایگەیاند کە توندڕەویی ئیسلامی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر وڵاتانی ئەوروپا.

کامیرۆن توندڕەویی ئیسلامی بە "خراپە" وەسف کرد و گوتی "دەبێت هۆشیار بین لەوەی چۆن ئەم خراپەیە شکست دەخوات". کامیرۆن ڕایگەیاند کە ڕووداوەکانی پاریس و بەلجیکا ئاماژەن بۆ گەورەیی هەڕەشەی ئیسلامییە توندڕەوەکان، هەروەها گوتی "نابێت هیچ سیاسی و سەرۆکوەزیرانێک بە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵێن ئەو بابەتە بڵاوبکەنەوە یاخود بڵاومەکەنەوە، ئەوروپا خاوەن سیستەمێکی ئازادە، میدیا لە چوارچێوەی یاسا کاردەکات. ناکرێت سیاسییەکان دەست لە سیستەمەکە وەربدەن، ئەوە ئەرکی منە بەرگری لەم سیستەمە بکەم."

گێلس دی کیرشۆف بەرپرسی دژە تیرۆر لە یەکێتی ئەوروپا ڕاشکاوانەتر لە کامیرۆن ئاماژەی بە گرێکوێرەی نێوان ئاسایش و ئازادی کرد و ئەوروپییەکانی دڵنیاکردەوە لەوەی هەموو هەوڵێک بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆر دەدەن، بێ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تۆتالیتار زیندوو بکەنەوە.

لیام فلیناد، سیاسەتڤانی سۆشیال دیموکرات لە ڕۆژنامەی گرین لێفت بابەتێکی بە ناونیشانی "پاریس لە دوای هێرشەکان ئازادی کەمتر و جەنگی زیاتر" بڵاوکردووەتەوە. ئەو پێیوایە بڵاوەپێکردنی 10 هەزار سەرباز و 12 هەزار پۆلیس و ئاسایش واتای "لیبرالیەت دژ بە لیبراڵیەتە".

بە بۆچوونی ولیام، بەم کردەوەیە دەوڵەت دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی نمایش بکات و بڵێت من بەهێزم، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەڕەشە لە ئازادیی مەدەنی دەکات.

سیاسییەکانی کۆشکی ئیلیزێ بانگەشە بۆ دەرکردنی یاسایەکی هاوشێوەی یاسای نیشتیمانی (Patriot Act)ی ئەمریکا دەکەن کە لە دوای 11ی سێپتەمبەرەوە دەرکرا.

ژۆن لوک مالینژون سەرکردەیەکی دیاری چەپەکانی فەڕەنسا دەربارەی ئەم هەوڵانە گوتی "ئایا ئەوانەی باسی ئەو یاسایە دەکەن خۆیان دەزانن چییە؟ یاساکە تەنیا بۆ کەمکردنەوەی ئازادی و ڕەوایەتیدانە بە ئەشکەنجەدان".

ژۆن ئاماژەی بە قسەیەکی بنیامین فرانکلین، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کرد و گوتی "ئەوانەی دەستبەرداری هەندێک لیبراڵی لە پێناوی ئاسایش دەبن، لە کۆتاییدا هەردووکیان لەدەستدەچێ".

تەنیا چوار ڕۆژ دوای هێرشەکانی سەر ئۆفیسی چارلی ئیبدۆ لە پاریس، وەزیرانی ناوخۆ و بەرپرسانی دەزگای هەواڵگریی 11 وڵاتی یەکێتی ئەوروپا بڕیاریان دا سانسۆر لەسەر ماڵپەڕەکانی وەکو فەیسبووک و تویتەر زیاتر بکرێت. بەبڕوای چاودێرانی سیاسی ئەمە سەرەتای لێدانە لە ئازادی کە نازانرێت ئایندەکەی چۆن دەبێت.

لە ئاستی یەکێتی ئەوروپادا یەکەم هەنگاوێک کە ئەندامانی یەکێتییەکە دەیهاوێژن، ڕاگرتنی یاخود هەمووارکردنەوەی ڕێککەوتنەکانی شینگنە. ئەمەش واتا چیتر هاووڵاتیان ناتوانن ئازادانە گەشت بکەن، بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی باس لە کاڵبوونەوەی سنوورەکان دەکات، سنوورەکان تۆختر دەبنەوە.

لە فەڕەنسا ماریۆن لی پین سەرکردەی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی فەرەنسا یەکەم کەس بوو داوایکرد کە بە زووترین کرد ڕێککەوتننامەی شینگن ڕابگیرێت.

دیوێکی دیکەی کێشەکە ئەوەیە کە لە دوای ڕووداوەکانی پاریسەوە ئیدی کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە سانسۆر لەسەر خۆیان دابنێن. واتا ئەمجارەیان ترس لە تیرۆر ئازادییەکان بەرتەنگ دەکاتەوە، میدیاکان خۆیان ترسیان لە بڵاوکردنەوەی هەندێک بابەت هەیە کە گرووپە توندڕەوەکان دەوروژێنێ، لەمەشدا دیسانەوە ئازادی دەبێتە قوربانی.

بەکورتی لە فەزایەکدا کە ترس لە تیرۆر هەبێت و دەسەڵاتیش بەناوی تیرۆرەوە سوپا بڵاوبکاتەوە، چاودێرییە هەواڵگرییەکان توندتر بکات. ئەوەی لەم فەزایەدا دەبێتە قوربانی، ئازادیی تاکەکان و کۆمەڵگای لیبراڵە.



# 8 سیناتۆری ئەمریکی داوایەک ئاراستەی عەبادی دەکەن



(سیڤان محەممەد سەلیم)

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

گرووپێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا داوا لە سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی دەکەن کاربکات بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم گواستنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئاوارەکانی ناو هەرێمی کوردستان، هەروەها هۆشدارییان داوە کە جیاکاری نەکەن لە گەیاندنی ئەو هاوکاریانە لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئاین و پێکهاتەی نەتەوەیی.

ئەو گرووپە کە لە 8 سیناتۆری پارتی کۆماری و دیموکراتی ئەمریکا پێکدێت، لە نامەکەیاندا بە عەبادییان ڕاگەیاندووە "سەرەڕای دابینکردنی هاوکارییەکان لەلایەن حکومەتەکەی تۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو قەیرانە مرۆییە، هێشتا زۆر نیگەرانین لەوەی ئەم هاوکاریانە ناگەنە ئەو کەسانەی کە زۆر پێویستیانە".

هەروەها نووسیویانە "بەهۆی سەرما و سۆڵەی وەرزی زستانەوە، زۆر گرنگە ئەم هاووڵاتییە لێقەماوانە بەپەلە هاوکاریی پێویستیان پێبگات".

ئەو هەشت سیناتۆرە هەروەها دەڵێن "داوات لێدەکەین کە هەموو هەنگاوێکی کرداری بنێی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ دواکەوتن و بۆشاییەک نابێت لە دابەشکردنی هاوکارییەکان، هەروەها ئەو هاوکاریانەی لەبەردەستە دابەش بکرێن بەبێ هیچ جیاکارییەک لەسەر بنەمای ئاین و ڕەگەز و نەتەوە".

بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا بەردەوام گازندەی ئەوەیان کردووە کە بەغدا خاو بووە لە ناردنی هاوکارییە مرۆییەکان و هاوکارییە نێودەوڵەتیەکان لە چەک و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەوەش فشارێکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. بەغدا شکستی هێناوە لە دابینکردنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئەو ئاوارانە.

سیناتۆرەکان دەڵێن "ڕاستەوخۆ لە ئاوارەکانەوە بیستوومانە کە ژنان و پیاوان و منداڵانی ئاوارەی ناو هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بوونەتەوە".

لە نامەکەدا هاتووشە کە ئەو هاووڵاتیانە پێویستییەکی زۆریان بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک و ئاوی خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێبوون هەیە. سیناتۆرەکان دەڵێن "بە تایبەت، نیگەرانین لە بارودۆخی ژنان و منداڵان کە زۆرینەی ئەو ئاوارانە پێکدەهێنن".

ئەو سیناتۆرانە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنن لە دابینکردنی شوێنێکی ئارام بۆ ئەو ئاوارانەی لە دەست جەنگ لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە هەڵاتوون.

سەرەڕای بڕینی بودجەکەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، هەرێمی کوردستان سنوورەکانی ئاوەڵا کرد بەڕووی ئەو ئاوارانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە هەڵاتن کە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە لە دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆ زۆر لەم هاووڵاتیە لێقەوماوانە.

لە نامەی سیناتۆرەکاندا هاتووە کە ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان فشارێکی زۆری خستووەتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن بەپەلە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات بۆ گواستنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان لە کاتی خۆیدا.

نامەکە لەلایەن سیناتۆر کریستۆفەر کوونس، تیم کەین، ڕۆن جۆنسن، دیک دووربن، مارکۆ روبیۆ، جین شاهین، ئێد مارکی و باربارا بۆکسەر ئیمزا کراوە.

ئەگەر زیانەکانی بزانیت نایکەی

# ئارایشتی رووخسار هەناوتان وێران دەکات

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
روودا- سلێمانی

ئارایشت لە ژیانی ئافرەتانی کوردستاندا بووەتە بەشێک لە رۆتینی رۆژانە بەبێ گوێدانە هۆشداریی پزیشکانی پسپۆڕ کە دەڵێن باجی ئارایشت ئێجگار گرانە و دوای چەند ساڵێک لە ئەندامانی جەستەی وەردەگیرێتەوە.

نیان عومەر، 21 ساڵ، هەموو رۆژێک میکیاژ دەکات "لە رۆژانی ئاساییدا میکیاژی کەمتر و کاڵتر دەکەم و لە بۆنە و ئاهەنگەکانیشدا رەنگی تۆخ و بڕی زیاتر، بەڵام بەگشتی هەموو رۆژێک میکیاژ دەکەم".

ئێستا میکیاژ کاتێکی زۆری لە ژیانی ژنان داگیرکردووە، بەجۆرێک وەک رۆژنامەی دەیلی مەیڵ دەڵێت، لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا بەهای پیشەسازیی کەرەستەکانی ئارایشت نزیکەی 7 ملیار دۆلارە. وەک رۆژنامەکە لە زاری توێژەرێکی بواری کەرەستەکانی ئارایشتەوە باسی دەکات، چەندین ماددەی زیانبەخش لە پێکهاتەی ئەو کەرەستە کیمیاییانەدا هەن.



## پێست نەخۆش دەخەن

پزیشکێکی پسپۆڕ سەری سوڕماوە لە زۆر بەکارهێنانی میکیاژ لەلایەن خانمانەوە، بێئەوەی بیر لەو هەموو زیانە بکەنەوە کە لێی دەکەوێتەوە.

د.محەممەد یوسف هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی پێست و مامۆستای سکوڵی پزیشکی زانکۆی سلێمانی بە (روودا) ی گوت "هەندێک لە پێکهاتەکانی کەرەستەکانی میکیاژ لەگەڵ تیشکی هەتاو کارلێک دەکەن، بەوەش ئۆکسان لە ماددەکان روودەدات و ماددەی ژەهراوییان لێ پەیدا دەبێت کە خانەکانی پێست دەکوژێت، بەوەش بە تێپەڕینی کات پێست تەنک و شل دەبێتەوە".

هەر بەپێی قسەی ئەو پزیشکە، هەندێک لە ماددەکانی دیکەی نێو کەرەستەی ئارایشت راستەوخۆ هەستەوەری (حساسیە)ی درێژخایەنی پێست و هەڵاوسانی پێست دروست دەکەن. جگە لەوە هەندێکجار ماددەی نێو ئارایشتە چەورەکان، زیپکەی پێست دروست دەکەن کە لەگەڵ بەکارهێنانەوەی ماددەکەدا بەردەوامی دەبێت و دوور نییە کاریگەری درێژخایەنی نەخوازراو دروست بکەن.

د.جین مۆنرۆ پسپۆڕی بواری هەستەوەری بە رۆژنامەی دەیلی مەیڵی بەریتانی گوتووە "لەماوەی 20 ساڵدا 8 هەزار ئافرەتم چارەسەر کردووە، زۆربەیان هەستەوەرییان بە کەرەستەیەکی میکیاژ پەیدا کردووە".

بۆ ئەوەی زیانەکانی میکیاژ کەمتر بن، د.یوسف ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات کە نابێت زۆربەی رۆژەکانی هەفتە بەکاری بهێنن، بەڵکو کورتی بکەنەوە بۆ بۆنە تایبەتەکان "چونکە زۆربەی زیانەکانی میکیاژ بە بەکارهێنانی درێژخایەن و کۆبوونەوەی بەردەوامی ماددە ژەهرییەکان لە خانەکانی پێستدا پەیدا دەبن".

## زیانەکان بە پێستەوە ناوەستن

بەو پێیەی پێست شانەیەکی زیندووە و موولوولەی خوێنی تێدایە، دەتوانێت ماددەکانی نێو ئارایشت هەڵبمژێت و بۆ ئەندامانی دیکەی جەستەی بگوازێتەوە و زیانیان لێبدات. هەروەها دەشێت سووراوی لێو قوت بدرێت و بگاتە هەناو و زیان لە ئەندامەکانی ناوەوە بدات، هەروەک ئەو کەرەستانەی بە سپرای بەکاردەهێنرێن لەڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە دەگوازرێنەوە و کەرەستەکانی جوانکاری چاویش لەڕێگەی لینجە پەردەی چاوەوە هەڵدەمژرێن و جگە لە زیانگەیاندن بە دەرەوەی چاو، ناوەوەشی نەخۆش دەخەن و دەکرێت لەڕێگەی موولوولەکانی خوێنەوە بگەنە هەناوی مرۆڤ.

## ژەهری جۆراوجۆریان تێدایە

توێژەران کیم ئەریکسۆن و سامۆیل ئیپشتاین لە کتێبێکیاندا دەربارەی کەرەستەکانی ئارایشت دەڵێن "کەرەستەکانی ئارایشت و جوانکاری زۆرکات ماددەی ژەهریی ئەوتۆیان تێدایە کە دەکرێت ببنە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە و نەخۆشیی دیکەی کوشندە".

وەک ئەوان باسی دەکەن، ماددەکانی پیسکەری ژینگەی وەک خەڵووزی قەتران، فینایل ئینیدیامین، بەنزین، فۆرماڵدیهاید دەکرێنە شامپۆ و کرێمی پێست و سووراوەوە.

د.هێمن محەممەد هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی هەناو بە (روودا) ی گوت "سووراوی لێو دەکرێت قوت بدرێت و زیان بە سییەکان بگەیەنێت، ماددەی ئەلەمنیۆم لە هەندێک ئارایشتدا دەبێتە هۆی کەمخوێنی، توێژینەوە نوێیەکانیش دەڵێن کۆبوونەوەی درێژخایەنی هەندێک ماددەی نێو ئارایشت دەبنە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە".

پزیشکە پسپۆڕەکە هۆشدارییەکی توند دەداتە دایکانی دووگیان "چەندین ماددەی وەک بۆیەی نینۆک و ئەو ماددەیەی بۆ لێکردنەوەی بۆیەکە بەکاردەهێنرێن، لەوانەیە بگەنە کۆرپەی نێو سکی ژنانی دووگیان و کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشە و پێگەیشتنی مێشکی کۆرپەکانیان دابنێن".

زیانەکانی ئارایشت تەنها تایبەت نین بە خانمان. ئەو پیاوانەش لە مەترسیدان کە بۆ ماوەی درێژخایەن بۆیە و هەندێک جۆری شامپۆ و جێڵی قژ بەکاردێنن "هەندێک ماددە لەو کەرەستانەی بۆ قژ بەکاردەهێنرێن تووی پیاوان کەمدەکەنەوە" د.هێمن وایگوت.

ئەو پزیشکە پسپۆڕەی هەناو رێنمایی هەمووان دەکات ئەگەر هەر ئارایشتیشیان کرد، با هەوڵ بدەن کەمترین ماوە پێیانەوە بمێنێتەوە و هەرچی زووە لێی بکەنەوە "هەتا زیاتر بە جەستەوە بمێننەوە، زیاتریان لێ هەڵدەمژرێت و زیانی زیاتر دەدەن".

### هەندێک رێنمایی بۆ ئەوانەی ئارایشت دەکەن:

- هەرگیز لەنێو ئۆتومبیلدا ئارایشت مەکە، تاسە و ستۆپێکی توند رەنگە وابکات کەرەستەکان لەچاوت بچەقن.
- هەرگیز ئارایشتی یەکدی بەکارنەهێنن، چونکە رێگایەکە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی.
- بە توندی دەفر و قوتووی کەرەستەکانی ئارایشت دابخە.
- کەرەستەکان دوور لە گەرمی و هەتاو بپارێزە. چونکە گەرمی و هەتاو ماددە پارێزەکان لەنێودەبەن و ناوەندێکی گونجاو دروستدەکەن بۆ گەشەی بەکتریا.
- ئەگەر چاوت سوور بووەوە ئارایشتی مەکە، ئەگەر بە هەڵە ئارایشتت بۆ کرد و دواتر زانیت سووربووەتەوە، خێرا چاوت بشۆ و ماددەکان لێبکەرەوە.
- هەرگیز ئاو مەکە نێو ماددەکانی ئارایشت، مەگەر خۆیان لێیان نووسرابێت.
- هەر کەرەستەیەک رەنگ و بۆنی گۆڕا فرێی بدە.
- سپرای لە نزیک ئاگر و جگەرە بەکارمەهێنە، لەوانەیە گڕ بگرێت.
- سپرای و پاودەر هەڵمەمژە، زیان لە سییەکانت دەدەن.

# بۆچی بە رێجیم کێشمان دانابەزێ؟

سەروەر سالار
روودا- ئاژانسەکان

ئەگەر سەرەڕای ئەو رێجیمەی دەیکەی کێشت وەکو پێویست دانابەزێ، ئەوا بزانە جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەنی نەخۆشی، نارێکییەک هەیە جا لە بۆچوونی تۆدایە، یان پرۆگرامی رێجیمەکەت. ئەمانە هەندێک لەو هەڵانەن:

### 1 - زۆر خواردنەوەی کحول:

کحول لە دوو رووەوە قەڵەوت دەکات: یەکەم سەرچاوەی کالۆرییە و وزە دەبەخشێت وەک هەر جۆرە خواردنەوە و خواردنێکی دیکە. دووەم دوای خواردنەوە کەسەکە تارادەیەک کۆنترۆڵ لەدەستدەدات و دەست بە خواردنی دیکە دەکات، جا ئەوانە بێت کە بۆ رازاندنەوەی مێزی خواردنەوە دادەنرێن یان خواردنی دیکە. بۆیە ئەگەر ناشتوانی واز لە خواردنەوە بهێنی، لانیکەم سنوورداری بکە بۆ هەفتەی یەک جار.

### 2 -خۆراکی تایبەت بە رێجیم:

ئێستا ژەمە خۆراکی ئامادەکراوی پێچراوە دروستکراون بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا کێش لەدەست بدەیت. کاتێک دەیخۆیت تەواو تێر ناخۆیت و هەست بە برسێتی دەکەیت. بۆیە هەتا ژەمی داهاتوو وردە وردە دەخۆیت و دەخۆیتەوە بێ ئەوەی ئاگادار بیت (بۆ نموونە ماستاو دەخۆیتەوە، قاژە پەنیرێک دەخۆیت، پارچەیەک کێک و شیرینی دەخۆیت). بێ ئەوەی ئاگادار بیت لە کۆی ئەمانە کالۆرییەکی ئەوتۆت دەستدەکەوێ کە لەوەی ژەمە ئاساییەکان زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

جگە لەوە، توێژینەوەکان سەلماندوویانە ژەمە خۆراکییە کلاسیکییەکان (بۆ نموونە کوردییەکان) لەبەرئەوەی ئاڵۆز و هەمەڕەنگن، جەستە بڕێکی زۆری وزە خەرجدەکات هەتا هەرسیان دەکات، ئەوەش رێگا خۆشکەر دەبێت بۆ لاواز بوون، بەپێچەوانەی فاستفود و خۆراکی لە قوتونراو کە پڕ وزە و سادەن و هەژارن لەڕووی ریشاڵە خۆراکییە ئاڵۆزەکانەوە.

### 3 - زۆر خواردنی خۆراکە باشەکان:

هەندێک کەس کە سوودەکانی میوە و ماست و گوێز (بۆ نموونە) دەخوێننەوە، ئیدی گوێنادەنە بڕەکەی و دەڵێن پزیشک گوتوویەتی بەسوودە، لەوەش خراپتر ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەڵە تێگەیشتنە جۆری ئیشەکەیان وەها بێت هەمیشە لەپشت مێزەوە دانیشتبن. لەم بارەدا بڕێکی زۆری وزە (با لە خواردنە بەسوودەکانیشەوە بێت) وەردەگرن و بڕێکی کەمی وزەش دەسووتێنن.

### 4 - پەراندنی ژەمەکان:

هەندێک کەس ژەمی بەیانی یان نیوەڕۆ ناخۆن، ئەمەش هەڵەیە. ئەگەر ژەمێک بپەڕێنی، ئارەزووی جووڵانت نابێت و رۆژێکی تەمەڵ بەسەر دەبەیت بە بەراورد بە رۆژانی دی، بەوەش وزەیەکی کەم دەسووتێنی. کە بە رۆژ ژەمێکت پەڕاند، شەو تۆڵەی دەکەیتەوە. سروشتی شەویش وەهایە کەمتر وەرزش و جووڵە دەکەیت و بەوەش وزەیەکی زیاتر کۆدەکەیتەوە و قەڵەو دەبیت. بۆیە وا باشترە ژەمی بەر لە دەستپێکردنی چالاکی جەستەیی، ژەمێکی باش بخۆیت و ژەمی بەر لە پشوودان، ژەمێکی بچووکتر بخۆیت و ژەمەکان نەپەڕێنی.

### 5 - فشاری دەروونی بەهۆی بیرکردنەوە لە زۆرخۆری:

ئەگەر هەمیشە بیر لەوە بکەیتەوە کە تۆ بڕێکی زۆر دەخۆیت، هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە جەستەتدا بەرز دەبێتەوە و ئارەزوویەکی شێتانەت بۆ دروست دەبێت بۆ خواردنی چەوری و شیرینی. هەر هۆکارێکی دیکە کە فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ دروست بکات، هەمان کاریگەری خراپی دەبێت.

بۆیە وا باشە لەبری ئەوەی هەمیشە بیر لەوە بکەیتەوە کە تۆ زۆرخۆریت و قەڵەویت، هەنگاوی کرداری بنێ و ستایلی ژیانت بگۆڕە.

### 6 - نەخواردنی چەوریيە بەسوودەکان:


هەندێک خەڵکی وا تێگەیشتوون کە سەرچاوەی قەڵەوی چەورییە، بەڵام ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە. چونکە قەڵەوی بەهۆی وەرگرتنی وزەی زیادەوە پەیدا دەبێت جا لە چەورییەوە بێت یان شیرینی یان هەر خۆراکێکی دی.

بۆیە دەبێت چەورییە بەسوودەکان کە بە چەورییە ناتێرەکان ناودەبرێن و لە زەیتوون و چەرەسە جۆراوجۆرەکان و ماسیدا هەن، بەشێک بن لە ژەمەکانت.

### 7 - خواردنی پەیوەست بە هەست و سۆز:

ئێمە وا راهاتووین کە دڵمان خۆشبوو شت بخۆین، کە سەرکەوتین دەعوەت دەکرێین یان خۆمان بە خواردن خەڵات دەکەین، بە هەمانشێوە لەکاتی خەمۆکیدا ئەگەر جگەرەش نەکێشین ئەوە بە خواردن کات بەسەردەبەین، کە لە دڵەڕاوکێداین زوو زوو شیرینی دەخۆین و دەخۆینەوە. لەکاتی هەڵچوون و رۆچوونی سۆزدا (خۆشی، ناخۆشی یان دڵەڕاوکێ) کەمتر ئاگامان لەوەیە چی دەخۆین و چەند دەخۆین.






# نەخۆشیی داخورانی جومگە (سەوەفان)

د.سۆران محەممەد غەریب

سەوەفان حاڵەتێکی درێژخایەنی جومگەکانە و بەهۆی داخورانی کرکڕاگەی کۆتایی ئێسکەکان روودەدات، زیاتر پەیوەندی بەتەمەنەوە هەیە و بە نەخۆشییەکی بەربڵاو دادەنرێت لەنێو کەسانی بەتەمەندا.

### نیشانەکانی :

- جومگەکە تووشی ئازار دەبێت لەکاتی جوڵاندن و ئیش پێکردنی .
- رەقبوونی کورتخایەنی جومگەکان دوای ماوەیەکی زۆر لە پشوودان ئیش پێنەکردنی.
- نەمانی جووڵەی جومگەی تووشبوو بەشێوەی ئاسایی پێشوی خۆی .
- هەستکردن بە قرتە کردن لەکاتی جوڵانی جومگەی تووشبوودا.
- دروستبوونی ئێسکی زیادە لە جومگە تووشبووەکەدا کە لەوانەیە وەکو گرێیەکی رەق هەستی پێبکەیت .

### هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشی (سەوەفان)

لەدیارترین هۆکارەکانی تووشبون بە نەخۆشی :

1- تەمەن: ئەگەری تووشبوون بەسەوەفان زیاتر دەبێت لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا.

2- رەگەز: ئافرەتان زیاتر تووش دەبن

3- شێواوی یان نارێکی لە ئێسکدا: هەندێک کەس کە لەدایک دەبن هەندێ ئێسکیان نارێک یان شێواوە، ئەوانە زیاتر تووشی سەوەفان دەبن.

4- بریندار بوونی جومگە: ئەو کەسانەی تووشی پێکان دەبن، لەوانەش وەرزشوانان، یان ئەوانەی بەهەر رووداوێک تووشی پێکان ببن.

5- قەڵەوی: ئەوانەی قەڵەون و کێشیان زۆرە، زیاتر کێش دەخەنە سەر جومگەکانی لەشیان بەتایبەتی جومگەی ئەژنۆ .

6- پیشە: ئەوانەی هەندێک ئیشی قورس دەکەن ، کە کاریگەری لەسەر جومگەکانیان جێدێڵێت زیاتر تووشی سەوەفان دەبن.

7- هەندێ نەخۆشی دیکە لەو کەسەدا: وەک شەکرە، غودە، دائولملوک، ئەم نەخۆشیانە ئەگەری تووشبوون بە سەوەفان زیاتر دەکەن .

### چارەسەری نەخۆشی سەوەفان:

1- دەرمان: لەڕاستیدا دەرمانێک نییە بەتەواوی نەخۆشی داخورانی جومگە (سەوەفان) بنبڕ بکات و کرکڕاگە داخوراوەکە دروست بکاتەوە، ئەو چارەسەرانەی دەدرێت تەنیا بۆ کەمکردەوە و نەمانی ئازار و گەڕانەوەی جوڵەی ئاسایی جەمگە تووشبووەکەیە .

2- چارەسەری سروشتی (فیزیایی): وەک هەندێک وەرزش بۆ بەهێزکردنی ماسولکەی دەوری جومگەکە و ئاسانکردنی جووڵەی جومگەکە .

3- گۆڕینی پیشەکەت: ئەگەر پیشەیەکی قورست هەبوو کاری کردبوە سەر جومگەکەت پێویستە بیگۆڕیت .

4- بەکارهێنانی پێڵاوی تایبەت کە پزیشکەکەت بۆت دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی کەمترین زەبر بکەوێتە سەر جومگە تووشبووەکە .

5- دەرزی ستیرۆید کە پزیشکەکەت بە دەرزیەک مادەی ستیرۆیدەکە دەکاتە ناو جومگە تووشبوەکە و ئازارەکەی نامێنێت . بەڵام پێویستە بزانیت دەرزی جومگە نابێت 3 جار زیاتر بکرێت لە ساڵێکدا بۆ ئەو جومگەیە .

6-گۆڕینی جومگە بە نەشتەرگەری :لەو کەسانەی بە دەرمان و چارەسەری فیزیایی و دەرزی نێو جومگە باش نابن.

### هەندێک رێنمایی بۆ تووشبووان بە سەوەفان:

1- پشوو: ئەگەر هەستت بە ئازاری زۆر و بەردەوام کرد لە جومگە تووشبووەکانت، پێویستە پشوو بدەیت و ئەو جومگەیە زۆر بەکارنەهێنیت .

2 -وەرزش: ماسوولکەکانی دەوری جومگە تووشبووەکە بەهێز دەکات و جومگە تووشبووەکەش جێگیرتر دەکات، مەلەکردن و پایسکل لێخوڕین.

3-دابەزاندنی کێشی لەش :ئەوانەی قەڵەون و کێشیان زۆرە زیاتر کێش دەخەنە سەر جومگەکانی لەشیان بەتایبەتی جومگەی ئەژنۆ و زیاتر تووشدەبن بە سەوەفان، لەبەر ئەوە هەوڵ بدە کێشت کەم بکەوە.

4- بەکارهێنانی گەرمی یان ساردی بۆ دامرکانەوەی ئازاری جومگەکەت.

5- بەکارهێنانی کرێم یان جێڵی ئازار شکێن وەک جێڵی ڤۆڵتارین .

6 - بەکارهێنانی ئامراز یان هۆکاری یارمەتیدەر وەک بەکارهێنانی گۆچان بۆ ئەوەی هێز زۆر نەکەوێتە سەر جومگە تووشبوەکەت، یان بەکارهێنانی سپلینتی تایبەت یان پێڵاوی تایبەت. یان بەکارهێنانی کۆلەر بۆ ئەو کەسانەی سەوەفانی فەقەراتیان هەیە .

7- هەندێک سەرچاوە دەڵێن یۆگاش سودی هەیە بۆ پەیداکردنی توانای خۆکۆنترۆڵکردن و هەستکردنی کەمتر بە ئازار.

# کوردستان لە هەر بەرمیلێک نەوت 20 دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی گەیاندووەتە 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە 250 هەزار بەرمیلی دەداتە حکومەتی عێراق و 150 هەزار بەرمیلەکەی دیکەش دەفرۆشێ، بەڵام لە هەر بەرمیلێک کە ئێستا بە 40 دۆلاری دەفرۆشێت 20 دۆلاری دەداتە کۆمپانیاکان و تەنیا 20 دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە.

هەولێر و بەغدا لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕێککەوتنە بە تەواوی نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە لەبەرامبەر دابینکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکان لەلایەن بەغداوە، دەبێ هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆی عێراق بکات. هەروەها 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووکیش لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە بگوازێتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی. بەڵام تا ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە تەنیا 250 هەزار بەرمیلەکەی خۆی بە تەواوی دەداتە سۆمۆ، بەهۆی گرفتی تەکنیکی تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە 300 هەزار بەرمیل نەوتەکەی کەرکووک بگوازێتەوە.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک نەگەیشتووەتە 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا".

بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ (ڕووداو)، ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل هەناردە دەکات بەبێ نەوتی کەرکووک. لەو نەوتەی هەناردەی دەکات داهاتی 250 هەزار بەرمیلی بۆ حکومەتی عێراق دەبێت و داهاتی 150 هەزار بەرمیلەکەی دیکەش بۆ خۆی دەبێت.

## کوردستان مافی فرۆشتنی 150 هەزار بەرمیلەکەی هەیە؟

دوای ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، پرسێک کە تاوەکو ئێستا بە هەڵوسراوی ماوەتەوە و لێدوانی دژبەیەکی لەبارەوە دەدرێت، مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستانە بەو بڕە نەوتەی دوای هەناردەکردنی 250 هەزار بەرمیلەکە دەمێنێتەوە کە ئێستا لە ڕۆژێکدا 150 هەزار بەرمیل نەوتی زیاتر لەو بڕە هەیە.

هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتریدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "هەرێمی کوردستان لەو 250 هەزار بەرمیل نەوتە ناتوانێت زیاتر بفرۆشێت، ئەگەرنا ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێرو بەغدا هەڵدەوەشێتەوە".

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی عێراقیش لەوبارەیەوە دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەو ڕێژە نەوتە زیاتر بفرۆشێت کە ڕێککەوتنی لەسەر کردووە، بەڵام دەتوانێت بۆ پێداویستییەکانی ناوخۆ نەوت بەرهەمبێنێت".

بەڵام دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە کردەوە هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر ئەو بڕە نەوتە زیادەی کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی دێنێت نەکراوە، ئەوەش گرفتێکی نێوان هەولێر و بەغدایە".

سەبارەت بە بێدەنگیی حکومەتی عێراق بەرامبەر فرۆشتنی ئەو 150 هەزار بەرمیلەی نەوتی کوردستان، دڵشاد شەعبان گوتی "پێدەچێت عێراق چاوپۆشی لەوە بکات، تاوەکو ئەو کاتەی ڕێککەوتنێک لەسەر ئەو پرسە دەکرێت لە نێوان هەردوولادا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە عێراق 16 ترلیۆن دینار لە بودجەی 2014 قەرزاری هەرێمی کوردستانە و هەروەها 11 ترلیۆن دیناری هێزەکانی پێشمەرگەش قەرزدارە، لەلایەکی دیکەوە نزیکەی 2 ملیۆن ئاوارە لە کوردستان دەژین کە بەشی زۆریان عەرەبی ناوچەکانی دیکەی عێراقن".

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت حکومەتی عێراق مانگانە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا بودجەی ئەو مانگەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، لە کاتێکدا مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بۆ ئەم مانگە دابەشکراوە. دڵشاد شەعبان هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە عێراق گرفتی کەمیی پارەی هەیە و ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی ئابووری بووەتەوە.

**دابەزینی نرخی نەوت، داهاتی هەرێمی کوردستانی لە نەوتدا ئەوەندە کەم کردووەتەوە کە شایەنی باسکردنیش نەبێت.**

دەربارەی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، دڵشاد شەعبان گوتی "ئێستا نەوتی کوردستان بە 38 تا 40 دۆلار لە بازاڕەکان دەفرۆشرێت، دابەزینی نرخی نەوتیش کاریگەری نەرێنی گەورەی کردووەتە سەر ئابووریی کوردستان بەهۆی ئەوەی فرۆشتنی نەوت گەورەترین سەرچاوەی داهاتە، هەروەها کاریگەری هەبووە لەسەر دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران".

ناوبراو گوتیشی "ئەگەر ئەو دابەزینەی نرخی نەوت بەردەوام بێت کاریگەری لەسەر کۆمپانیاکانی نەوت دروستدەکات بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستان بەدوای نەوتدا دەگەڕێن".

تێچووی هەر بەرمیلێک نەوت لە باشووری کوردستان نزیکەی 20 دۆلارە بە پارەی کۆمپانیاکانی نەوتیشەوە، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردنی هەر بەرمیلێک نەوت، نزیکەی 20 دۆلاری دەستکەوێت کە لە مانگێکدا دەکاتە 90 ملیۆن دۆلار.

حکومەتی عێراق بە گوێرەی بودجەی 2015 نزیکەی 85%ی داهاتەکانی لە فرۆشتنی نەوتەوە دەستدەکەوێت. ئەو بڕە داهاتەی کە دەمێنێتەوە لە وەرگرتنی باج و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان و چەند سەرچاوەیەکی ناوخۆیی دەستی دەکەوێت.

چارەنووسی بۆری نەوتی کوردستان- ئێران

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بڕی نەوتی هەناردەکراوی بەرز بکاتەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بۆڕییەکی دیکەی نەوت بەرەو ئێران ڕابکێشێ.

سەبارەت بەو پرۆژەیە، دڵشاد شەعبان گوتی "چەند جارێک کۆبوونەوە کراوە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران بۆ ئەوەی بۆڕییەکی نەوت لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئێران ڕابکێشرێ و لەوێشەوە بۆ بەندەر عەباس لە باشووری ئێران بڕوات، تاوەکو نەوتی باشووری کوردستان لە ڕێگای ئەو بەندەرەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت".

دڵشاد شەعبان گوتیشی "نازانم کارەکان بە کوێ گەیشتوون، بەڵام گرفتی گەورەی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو سزا ئابوورییانەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر ئێرانیدا سەپاندوون".

# نرخی نەوت دادەبەزێ بۆ 20 دۆلار؟

**عومەر ئەحمەد**



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، پاش ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە بەنیازە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خۆی لە مانگی داهاتوودا لە 2.9 ملیۆن بەرمیلەوە بۆ 3.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە، دەستبەجێ کاردانەوەی لەسەر بازاڕی جیهانیی نەوت پێشاندا و نرخی نەوتی برێنت زیاتر لە دۆلار و نیوێک دابەزی بۆ 47.4 دۆلار بۆ بەرمیلێک. دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی نیگەران کردووە، تەنانەت هەندێ لەو وڵاتانە تووشی هیستیریا بوون و دەڵێن دابەزینی نرخی نەوت پیلانی ئەمریکا و سعودیەیە دژی نەیارانیان.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: دابەزینی نرخی نەوت هەتا کەی بەردەوام دەبێت و لە چ ئاستێکدا ڕادەوەستێ؟

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، دەکرێت ئەم دوو گریمانانە بخرێنەڕوو: نرخی نەوت بەردەوام دەبێت لە دابەزین لەبەر دوو هۆکار

- **یەکەم:** ئەگەر سعودیە لە بڕیاری خۆی پاشگەز نەبێتەوە و درێژە بدات بە بەرهەمهێنانی نەوت و ئامادە نەبێت وەک هەوڵێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت ئاستی بەرهەمهێنانی دابەزێنێ.
- **دووەم:** ئەگەر بازاڕی نەوت لەژێر ڕکێفی تاک دەسەڵاتی ئۆپێک یان سعودیە دەرچێت و ئاراستەکەی بە ئاراستەی ڕکابەری بازاڕدا بگۆڕدرێت و ڕێگە بدات نرخی نەوت تەنیا بەند بێ بە تێچووی دەرهێنانی و ئەو قازانجەی کە دەخرێتە سەری.

ڕوودانی ئەو دوو ئەگەرە چانسی یەکسانیان هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی هیچ هێمایەک بەدی ناکرێت کە سعودیە لە بڕیاری خۆی پاشگەزببێتەوە و لە کۆبوونەوەی ئۆپێکیش لە مانگی 12ی ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ناکۆکیی زۆری نێوان ئەندامانی، ڕێکخراوی ئۆپێک پێشانی دا کە ئەو ڕێکخراوە زەبەلاحەی جاران نییە بتوانێ ڕاستەوخۆ کاربکاتە سەر نرخی نەوت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ هۆکاری دیکە هەن بۆ ئەوەی نرخی نەوت تەنانەت لە 50 دۆلاری ئێستا ڕانەوەستێ و تا 20 دۆلاریش دابەزێت. ئەوەش لایەنی تەکنۆلۆجیا و ژینگەیە کە هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو دەتوانێت خواست بۆ سەر نەوتی خاو لە درێژخایەندا کەمبکاتەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی وزەی نوێ لە جیهاندا و هاتنەئارای تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ دەستەبەرکردنی وزەی خاوێن و هەرزانتر دەتوانێت لە داهاتوودا چارەنووسی نەوت بە دەردی بەردی خەڵووز بەرێت. سەردەمانێک بەردی خەڵووز سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی وزە بوو، ئەوە لە کاتێکدایە ئێستا ئەو ژمارە زۆرە لە کانی خەڵووز کە لەسەر ئاستی جیهاندا بە فراوانی ماوەتەوە، چیدی کڕیاری نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرقاڵی درێژەپێدانی دانوستاندنەکانیانن لەسەر پرسی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە و لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنەدا، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئێران دەتوانێت دەستبەجێ 30% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێ. ئەوەش وەک بەرزبوونەوەکەی ئاستی هەناردەکاری نەوتی عێراق دەتوانێت نرخی نەوت بەتەواوەتی دابەزێنێ.

بەڵام ئەگەر نرخی نەوت تا ئەو ئاستە دابەزی چ کاریگەرییەک لەسەر ئابووریی ئەمریکا و جیهان دادەنێت؟ لەڕاستیدا جێگیربوونی نرخی نەوت لە قازانجی هەموو ئابووریی جیهانە، تەنانەت هەردوو وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و بەکارهێنەری نەوت. هەرچەندە پێشبینیکراوە نرخی هەرزان بە گشتی بۆ ئابووریی ئەمریکا لە درێژخایەندا بەسوودە، بەڵام لە کورتەخایەندا، ڕەنگە لە یەک دوو ساڵی داهاتوودا کێشە و گرفتی زۆریشی بۆ ئابووری ئەمریکا و پاشان ئابووریی جیهان بەدواوە بێت.

تا ئەوکاتەی نرخی نەوت جێگیردەبێت و دوائاستی خۆی دەدۆزێتەوە، پیشەسازیی نەوت لە ئەمریکا کە بە سەدان ملیار دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە، زیانی زۆری بەردەکەوێ. بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆش دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر بانکە هەرێمییەکان و ئەو پیشەسازییانەی کە ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە نەوتەوە.

بەڵام نیگەرانیی سەرەکی لە دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت، ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەیە کە دەتوانێت لەسەر بازاڕەکانی بۆرسەی دابنێت. پشکێکی زۆر لە بازاڕەکانی بۆرسەی ئەمریکا کڕدراوە و مامەڵەی پێوەکراوە، ئەگەر نرخی نەوت بەوجۆرە دابەزێت، بەهۆی نیگەرانی لەسەر سەرهەڵدانەوەی سستی و قەیرانی ئابووری بازاڕەکانی بۆرسە لەبەردەم مەترسی جددیدا دەبن، ئەوەش نرخی نەوت زیاتر دابەزێنێ، ڕەنگ ئەوەی کە لە 2008 ڕوویدا دووپات ببێتەوە، دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ئاسیا لە ساڵی 2008، نرخی نەوت لە 140 دۆلارەوە دابەزی بۆ نزیکەی 40 دۆلار.

بەڵام ئەم سەرلێشێواویە کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە دروستبووە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ لە ڕاستیدا هەندێ کاتی دەوێت، ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە دابەزینی لەمە زیاتری نرخی نەوت پرۆژەکانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا بە توندی بێ قازانج بکات و لەبەر ئەوەش چیدی ئەو بڕە زۆرەی نەوت لە بازاڕدا نەمێنێت، بەڵام ڕەنگە ئەم سیناریۆیە ساڵێک بخایەنێت.

سیناریۆی دووەم ئەوەیە کە لەگەڵ بەردەوامبوونی دابەزینی نرخی نەوت، ئۆپێک بەخۆی بکەوێت و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی نرخەکان بگرێتەبەر، هەرچەندە ئەم سیناریۆیە تا ئێستا لەلایەن سعودیەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر کۆدەنگییەک لە نێو ئۆپێک دروستبوو بۆ دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەگەری هەیە نرخی نەوت دیسان بەرزبێتەوە. لە ڕەوشێکی وەهادا نرخی نەوت دەتوانێت دیسان بگەڕێتەوە بۆ نێوان 50 تا 120 دۆلار. خۆ ئەگەر ئەم ڕەوشەی ئێستاش بەردەوام بوو، وەک چۆن لەسەرەوە باسکرا، چاوەڕوان دەکرێت نرخی نەوت زیاتر دابەزێت و لە نێوان 20 تا 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بمێنێتەوە.




سەمەد زەنگەنە
عارف قوربانی

# ئەو بەهایانەی رەوتی یەکێتی دەگۆڕن

لە ماوەی رابردوودا لە رۆژنامە و پۆرتاڵی رووداو، رۆژنامەنووس (رێبوار کەریم وەلی) بابەتێکی لەژێر ناونیشانی ) پارتی بەهەڵەدا چووە ( بڵاوکردەوە و لەوێدا وێڕای خستنەڕووی سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر هەڵسەنگاندنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر بە کێشە و ململانێکانی ناو یەکێتی، یەکێتیی خستووەتە بەردەم پرسیاری گەورەوە، لە بەشێک لە وتارەکەیدا چەند هەڵوێست و بڕیار و سیاسەتێکی یەکێتی بەجۆرێک وێنا دەکات کە دەچنە چوارچێوەی خیانەتی نیشتمانییەوە.

ئەوەی سەیرە، ئەوەیە کە دوای نزیکەی دوو هەفتە و لە وەڵامێکی درەنگوەختدا، بەڕێز (بارزان عوسمان) سکرتێری رۆژنامەوانی سەرۆک کۆماری عێراق، وەڵامێکی بەناونیشانی (چەند سەرنجێک دەربارەی بابەتی پارتی بەهەڵەدا چووە) لە پۆرتاڵی رووداو بڵاوکردەوە، بەڵام ناوەڕۆکی وتارەکە دوور و نزیک خۆی لەقەرەی وەڵامی ئەو پرسیارانە نەدا کە رۆژنامەنووس رێبوار کەریم وەلی وروژاندوونی و هیچ بەرگرییەکی لە سیاسەتی یەکێتی تێدا نییە لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

خوێنەر لە خوێندنەوەی جۆرە وتارێکی وەهادا چاوەڕوانی ئەوە دەکات نووسەر بە فاکت بیسەلمێنێ (ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی ناو یەکێتی) کە رێبوار کەریم پەنجەی نانیشتمانییان بۆ درێژ دەکات، لەسەر هێڵ و ستراتیجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکەی یەکێتی بەردەوامن. دەبوو وەڵامی لۆژیکی و تەبریری مەنتیقی بۆ ئەو هەڵوێست و سیاسەتانە بدۆزیایەتەوە کە رێبوار کەریم وەلی باڵێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێ تۆمەتبار دەکات و بە لادان لە خەتی نیشتمانی ناوزەدی کردوون.

لەڕاستیدا یەکێتییەکان لە تایتڵی ئەو وتارەی بارزان چاوەڕێی ئەوە بوون کە وەڵامی لۆژیکیانەی هەڤاڵێکی خۆیان بخوێننەوە سەبارەت بە نووسینەکەی بەڕێز رێبوار وەلی، کەچی تەواو پێچەوانەی چاوەڕوانیی یەکێتییەکانەوە هاتووە دوور لە هەر پرەنسیپێکی یەکێتیانە کەوتووەتە دژایەتیکردنێکی نایەکێتیانەی بێ ویژدانانەی هەڤاڵێکی بەرپرسی خۆی، هەڤاڵێک کە بژاردەی مام جەلال بووە بۆ شوێنگرتنەوەی خۆی لەناو یەکێتی و لە دەرەوەی یەکێتی. هەڤاڵێک کە بەڕێز رێبوار کەریم بە جورئەت و ئینسافەوە چاوەڕوانی گۆڕینی رەوتی مێژووی لێدەکات و هەڤاڵێکی خۆشمان بە بیستنی روئیایەکی ئاوا لەبری شانازیکردن بەیەکێتییەوە کە حیزبێکە سەرکردەی ئاوای تێدا هەڵکەوتووە، کەچی هیستریا دەیگرێت.

بەرلەوەی قسە لەسەر ناوەڕۆکی وتارەکەش بکەین، سەرسامیی خۆمان لەوە دەردەبڕین کە ئەو زمانی نووسینە، ئەو دەستەواژانە و ئەو شێوازە لە دەربڕین، بەهیچ جۆرێک لە ئەدەب و ئەخلاقی ئەو مامۆستا بارزانە ناچێت کە ئێمە ناسیومانە. بۆیە باوەڕمان وایە یان پێی نووسراوە، یان بۆی نووسراوە. بەتایبەتیش لەکاتێکدا هەموو یەکێتیەکان بە گەشبینییەوە چاوەڕێی دەستبەکاربوون و دەرکەوتنی سەرئەنجامی لیژنەکانیان دەکرد، ئەو لیژنانەی کە بەهۆی ناردنی پرۆژەی بەرنامەی کاری هەڤاڵان جێگرانی سکرتێری گشتی بۆ هەڤاڵانی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر پێکهێنانیان درابوو، کەچی بەداخەوە لەکاتێکی ئاوادا بەرپرسی رۆژنامەوانی سەرۆک کۆمار بە هەنجەتی وەڵامدانەوەی رێبوار کەریم وەلی چاوەڕوانیی پڕ لە هیوای یەکێتییەکان تیرباران دەکات.

وێڕای ئەوەی کە نووسینەکە لەگەڵ عەقڵ و بەها جوانەکانی ناو یەکێتیدا یەکناگرێتەوە و خاڵییە لە هەموو گیان و مۆراڵێکی هەڤاڵانە، ناوەڕۆکەکەشی لە جیاتی رۆحی ئیتیفاق پڕیەتی لە نیەتی نیفاق و لەبری سازان پڕیەتی لە ویستی لێکترازان، لەباتی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن پڕیەتی لە رۆحی رقەبەرایەتی و پاشقولگرتن لە هەڤاڵەکانی خۆی. لە هەمان کاتیشدا لەپەیامی پاکانەی گرووپێک دەچێت بۆ پارتی و بارزانی، پەیامێک کە هاوبیرەکانی بارزان تیایدا بە پارتی دەڵێن ئەوەی تائێستا کراوە بۆ دژایەتی بەڕێزتان ئەوە خەڵکی دیکە پێی کردووین و ئێستا پەشیمانین.

– پەشیمان لەوەی کە داوایان کردووە دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان، پەشیمان لە لیستی جیاوازی یەکێتی هەرچەندە خواستی جەماوەری یەکێتیش بوو.

لە پەرەگرافێکدا وێڕای ئەوەی پڕە لە دیماگۆجیەت، بەڵام عاجباتیەکەی لەوەدایە کادرێک جورئەت بکات راپۆرت لەسەر جێگری سکرتێری گشتی حیزبەکەی بنووسێت بۆ سەرۆکی حیزبێکی دیکەی رکابەر. کە بەدەر لە ناوەڕۆکە ناڕاستەکەی دەکرێت وەکوو راپۆرتی یەکەمین سیخوڕی ئاشکرا لەمێژووی یەکێتی و حیزبی کوردیدا سەیر بکرێت. روو لە بارزانی دەنووسێت (ئەوانەی لە فەیسبووک و رۆژنامەکانی سێبەر قسەی ناشرین و چەقۆ لەسەر پارتی و بەڕێزتان دەسوون ئەوە یەکێتییە بەئاگاکان نین، ئەوانە نین کە هەمیشە وتەکانی مام جەلال پەیڕەو دەکەن) لەوە زیاتر دەڕوات کە گوایە هەموو ئەوانە بەهاندان و پارەو دەعوەتی دکتۆر بەرهەم دەکرێن. سەردەمی گەوجاندن بەسەرچوو، جاران دەیانگوت دکتۆر بەرهەم تەسلیمی پارتی بووە و لە بارزانی نزیکترە تا یەکێتی، ئێستاش دەڵێن هەمیشە دژی پارتی بووەو خەڵکی لەدژیان هانداوە. لەکاتێکدا ئەو پیاوە نە هەرگیز کوێرانە دژی پارتی بووەو نە هەرگیز تەسلیمیش بووە، بەڵکوو هەمیشە لایەنگری یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد بووە. لایەنگری تەبایی نێوان یەکێتی و پارتی بووە. سازشکردن و پاشکۆیەتی هێزێکی وەک یەکێتی بۆ کەس بەڕەوا نەبینیوە.

مێژوو شاهێدە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو ئەوە جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بوون کە هەوڵی راگرتنی هاوسەنگییان داوە لەگەڵ هێزە سیاسیەکاندا و پێیانوابووە ئاسایش و ئارامی و بووژانەوە گرێدراون بە پەیوەندیی هاوسەنگی هێزە سیاسییەکانەوە. واتا نە لەگەڵ پاشکۆبووندا بوون و نە لەگەڵ دژایەتیکردنی کوێرانە و هەڕەمەکیانەی هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیش بوون. خۆ روونیش بوو لە ماوەکانی رابردوودا سەرۆکایەتی هەرێم و رۆژنامەکانی هەولێر و خەبات وەڵامی کێیان دەدایەوە. (کەسانێک کە دەتوانن رێڕەوی مێژوو بگۆڕن) ئەمە ئەو پەرەگرافەیە کە پێدەچێت نووسەری بابەتەکە و هەندێکی تریشی تووشی شۆک کردبێت، لەکاتێکدا شانازییە بۆ یەکێتی و سەروەرییە لەناو یەکێتیدا کەسانێکی ئاوا دروستبووبن کە توانای گۆڕینی رەوتی مێژوویان هەبێت. ئاخر ئەوانە کەسانێکن کە لەسەردەستی مام جەلال لە رابردوودا کۆمەڵێک ئەزموون و بەرپرسیارێتی گەورەیان تاقیکردووەتەوە و بەسەرکەوتنێکی کەموێنەوە وازییان کرد. کەسانێکن چۆن لە کۆنگرەکانی یەک و دوو سکرتێری گشتی و دەستەی دامەزرێنەر بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ هەڵبژێردران، ئاوا لە کۆنگرەی سێیەمیش سکرتێری گشتی و جێگرانی بە زۆرینەی رەهای کۆنگرە و بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ هەڵبژێردرانەوە، جگە لە چەند دەنگێکی نەشاز کە بەپەنجەکانی یەک دەست دەژمێردران، دەنگی هەموو یەکێتیەکانیان پێدرا، ئەوانە رێبەرانێکن کە لەزۆر پێگەی مێژوییدا یەکێتییەکان قەرزاردای تێکۆشان و قوربانیدان و دەوڵەتدارییانن.

ئەرێ بەڕاست کێ دژی مام جەلالە؟ کێ دژی نەهج و بیرکردنەوەو روئیا و دونیابینی و رێبازی مام جەلالە؟ کێ بوون لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی وەک یەکەمین دەرکەوتەی ئاشکرای ئاراستەیەک دژی خواست و ویستی مام جەلال بەکارتی سوور وەستانەوە؟ کێیە دەسەڵاتە شەرعیەکان بەڕەوای جێگرانی سکرتێری گشتی حیزبەکە نازانێت؟ کێیە ئەو دەسەڵاتانە بەناڕەوا بۆخۆی بەکار دەبات کە مام جەلال و کۆنگرەو پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی بە کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەمیان بەخشیوە؟

بەرنامەی کار ئاماژە بە زەرورەتی تێپەڕاندنی قەیرانی رێبەرایەتی و قەیرانی بەڕێوەبردنی یەکێتی دەکات، نەک هەڵپە بێت بۆ شوێنگرتنەوەی مام جەلال. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو پاشاگەردانیەی تێیکەوتووین پەیوەست نییە بە نەبوونی ناوەندێکی بڕیار؟ ناوەندێک کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی دەبێت لەئێستادا هەڤاڵانی جێگرانی سکرتێری گشتی بن نەک گرووپ و دەستەیەکی نادەستووری. ئاخر لە راستیدا ئەوانە هەڵپەیانە بۆ شوێنگرتنەوەی مام کە بەدەر لە ئیرادەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پۆستەکانی یەکێتییان لە سەفقەی گوماناویدا یەکلایی کردەوە، نەک خەڵکی دیکە.

بۆ یەکێتییە رەسەن و راستەقینەکان رێزگرتن لە مام جەلال رۆیشتنە لەسەر رێبازەکەی، جێبەجێکردنی پەیام و راسپاردەکانێتی، رێزگرتنە لەو تێزەی کە دەڵێت یەکێتی موڵکی هەموو تێکۆشەرەکانێتی. رۆیشتنە لەسەر چەمکی چەپکە گوڵەکە لەناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی. دەستگرتنە بەو بەها جوانانەی یەکێتییان لەپێناودا دامەزراوە، هەوڵدانە بۆ ئەو ئامانجانەی یەکێتی بەڵێنی سەرکردایەتیکردنیانی داوە. لە راستیدا ئەوە دەنگی کەسێک نییە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بەڵکوو سەرەتای رەوتێکە کە یەکێتییە رەسەن و راستەقینەکان سەرکردایەتی دەکەن و دەخوازن بەهۆیەوە یەکێتی راست بکەنەوە. کۆمەڵە تێکۆشەرێکی ئازادیخواز و هاوچەرخن کە ئیدی شێلگیرانە هەوڵدەدەن لە رێگەی پاراستن و گەشەپێدانی بەها بڵند و باڵاکانی ناویەوە رەوتی یەکێتی بە ئاراستەی نوێبوونەوە و بەها دیموکراسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بگۆڕن.



ئاسۆ محەممەد

# بە دامەزراوەکردنی جەنگ یان خەیاڵی پووچی ئاشتی

لە سەرەتای پەیدابوونی داعشەوە تەواوی رەخنەی دیپلۆماتکار، میدیا و ئەکادیمییەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بە دەرکەوتنی داعشەوە هەوڵ دەدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: ئایا گەورەبوونی داعش بەتەنیا شکستی دەزگای هەواڵگرییە یاخود شکستی دامەزراوە سیاسییەکانە. پێموایە هەمان پرسیار بۆ ئێمەش دروستە. دەتوانین پرسیارەکە بەمشێوەیە بکەین: هەڵەکە چی بوو کاتێک کە داعش خەریک بوو هەولێر کۆنترۆڵ بکات؟ زۆر هەڵە هەبوون، بەڵام گرنگترینیان تێنەگەیشتن بوو لە جەنگ و نەبوونی ئیرادە بوو بۆ جەنگ.

جەنگ دامەزراوەیەکی گرنگە بۆ مانەوەی هەر کیانێک. هیچ کیانێک لە مێژوودا نەبووە کە بەبێ دامەزراوکردنی جەنگ توانیبێتی بمێنێتەوە و گەشە بکات. مەبەستم لە دامەزراوکردنی جەنگ، ئەو ئیرادە و کۆششە سیاسییەیە کە یارمەتی دامەزراندنی حکومەتێک دەدات بتوانێت بەرگری لە دامەزراوەکانی خۆی بکات. دواتر لێپێچینەوە لەو کەسانە بکات کە لە جەنگدا کەمتەرخەمن، یاخود ناپاکن. دەوڵەت دەبێت وەکو بژارەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ جەنگ بکات. لە مێژووی گەلاندا دامەزراوکردنی جەنگ هەنگاوێکی سەرەکی نیشتیمانسازی و بنیاتنانی دەوڵەت بووە.

لە یۆنانی کۆندا سویسیداس لەبارەی مێژووی جەنگی فینیقییەکان دەنووسێت: "جەنگ باوکی هەموو دامەزراوەکانە" چونکە ئەرکی جەنگ پاراستنی هەموو دامەزراوەکانی دیکەی نیشتیمانە.

خاڵێک کە بەلای منەوە جێی سەرنجە، چەمکی جەنگ لەلای نوخبەی سیاسی و کۆمەڵگای کوردی چەمکێکی نێگەتیڤە. واتا لای کورد جەنگ وەکو چالاکییەکی عەقڵانی نابینرێت. جەنگ بابەتی بیرکردنەوەی زانستی نەبووە، لە دامەزراوە ئەکادیمی و سیاسییەکانی کوردستاندا کەمترین گفتوگۆی زانستی لەسەر جەنگ کراوە. بەشی زۆری کورد ئەوەی دەربارەی جەنگ پێیانگەیشتووە، لە نێو ئەدەب و خەیاڵدانی شاعیر و رۆماننووسەکانەوە هاتووە. جگە لە شێواندنی مانای زانستیی چەمکی جەنگ، لە تێڕوانینێکی عاتیفی سادە تێنەپەڕیوە. لە کاتێکدا جەنگ حیساباتی سیاسییە. ژیرانەیە.

ئەم دەردو بەڵایە رەگی لە مێژوودایە، بە درێژایی مێژوو ئەوانیتر کوردیان پەلکێش کردووە بۆ جەنگ. واتا دوژمنەکانی کورد کات و شوێن و چۆنیەتی جەنگیان هەڵبژاردووە، هەرکاتێکیش داوای دانوستاندنیان کردبێت کورد بێ دوودڵی ئامادەی گفتوگۆ بووە. بە دەربڕینێکی دیکە کورد ئیرادەی بڕیاردانی جەنگی نەبووە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی جەنگ. هەمیشە وەکو بژارەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو وەکو شتێکی خراپ خوێندراوەتەوە لەکاتێکدا دەشێ جەنگ ئاکامی سیاسی باشی هەبێت.

لەدوای 2003وە هەرێمی کوردستان هەلی ئەوەی هەبوو جەنگ بە دامەزراوەیی بکات. هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کە نەیکرد. گەشەی ئابووریی هەرێم ئەم هەڵە ستراتیژییەی داپۆشیبوو، واتا نوخبەی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵگای ئێمە خەیاڵپڵاوانە سەیری رەوشی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و پێیانوابوو کە چیتر جەنگ هەڕەشەمان لێناکات، تا ئەوکاتەی داعش گەیشتە دەروازەی هەولێر. گەیشتنی دوژمن بە سنوورەکانی پایتەخت پێموایە هۆکارەکەی ئەوەیە لە دەیەی رابردوودا گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان هاوتەریب نەبووە لەگەڵ گەشەی سیاسی. واتا سیاسەت لە شوێنی خۆی چەقیوە و دابەشکردنی نالۆجیکی و نادادپەروانەی داهاتی نەوت هەڵە ستراتیژییەکانی داپۆشیبوو. تا هاتنی داعش و کۆنترۆڵکردنی نزیکەی 30%ی خاکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە 72 کاژێردا، پەردەی لەسەر ئەوە هەڵماڵی کە ستراتیژیەتێک نییە بۆ جەنگ. رەنگە کۆمەڵگای کوردی ئامادەی قوربانی بێت، بەڵام ئامادەی جەنگ نییە، گیانفیدایی بۆ نیشتیمان یەکسان نییە بە ئامادەیی بۆ جەنگ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکات گیانفیدایییە نەک جەنگ.

ئامادەنەبوون بۆ جەنگ، تێنەگەیشتن لە جەنگ و گرنگی و کاریگەرییەکانی جەنگ، تێنەگەیشتنە لە سیاسەت. لە 2003وە، وەهمێکی بێمانا و نالۆجیکی لە ناوەندەکانی بڕیاردا دروستبووە کە ئیدی سەردەمی جەنگ کۆتایی هاتووە. ئەم تێڕوانینە نەخوێندنەوەیە بۆ سادەترین پرەنسیپی پراگماتیکی لە سیاسەتدا. خەیاڵێکی پووچە بەرمەبنای ئارگویمێنتێکی لیبراڵەکان کە پێیانوایە پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی رێگا لەجەنگ دەگرێت.

ئامادەنەبوون بۆ جەنگ هەڵەیەکی سیاسی و ستراتیژیی گەورەیە، باجەکەی زۆر گەورەترە لە باجی هەر شکستێکی ئابووری و دارایی. یەکێک لە تێڕوانینە هەڵەکانی ئێمە ئەوەیە پێمانوایە جەنگ تەنیا ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن. لە راستیدا جەنگ رێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی بە سیاسەت و گفتوگۆ بەدەستناهێنرێن، واتا بژارەیەکی سیاسییە و دەبێت لەکاتی گونجاودا پەنای بۆ ببردرێت، هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆ ئامادە بێت.

پیاوی دەوڵەت کە متمانەی بە خۆی و بە توانای گەلەکەی هەبێت، هەمیشە بە ئەوانیتر دەڵێت: "دانوستاندنتان دەوێت با دابنیشین و گفتوگۆ بکەین، جەنگتان دەوێت با بجەنگین"، چونکە دەزانێت بۆچی بڕیاری جەنگ دەدات. ئەوە تەنیا لاوازەکانن باس لە ئاشتی دەکەن بێ ئامادەکاری بۆ جەنگ.

کێشەی ئێمە لەم جەنگەدا لەگەڵ داعش تەنیا بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە چارەسەر نابێت، چونکە چەند جەنگێکی دیکە بەڕێوەیە و جەنگ کۆتایی نایەت. لەڕووی ستراتیژییەوە سنووری دوور و درێژی هەرێمی کوردستان لەگەڵ داعش و عێراق و تورکیا و سووریا بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زۆرە. هەر وڵاتێک بەرەی جەنگی لەگەڵ دوژمنی بەم ئەندازەیە بێت، ژمارەی دانیشتووانی پێنج ملیۆن بێت ناتوانێت ژمارەی پێویستی سەربازی هەبێت، تەنانەت ئەگەر چەکی پێشکەوتووشی هەبێت کەلێنی پێویستییە مرۆییەکانی پڕناکاتەوە. بۆ نموونە ئیسرائیل وێڕای پێشکەوتوویی لەڕووی تەکنەلۆژیای سەربازی و بەهۆی ئەو سنوورە زۆرەی کە لەگەڵ دوژمنەکانی هەیەتی، پەنا بۆ خزمەتی سەربازیی بە زۆر دەبات. ئەمە جگە لەوەی کە ئیسرائیل هاوپەیمانی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا. هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە رەنگە نەتوانێت خزمەتی سەربازی بەزۆر پەیڕەو بکات. بەڵام من لێرەدا پێشنیازێک دەکەم: ساڵانە لە هەرێمی کوردستان پتر لە 10 هەزار خوێندکاری کوڕ و کچ پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو دەکەن و لە زانکۆ وەرناگیرێن. دەتوانرێت هەلیان بۆ دروستبکرێت کە دوو ساڵ خزمەتی سەربازی بکەن بە مووچەیەک و دواتر ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ خوێندن لە زانکۆکان، بەشێکیش لەم ئەرکە بکەوێتە ئەستۆی زانکۆ ئەهلییەکان. ئەم هەنگاوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکرێت، گرنگیی ئەم هەنگاوە لەوەدایە، یەکەم: هەرێمی کوردستان دەرباز دەبێت لە کێشەی تەجنیدی ئیلزامی. دووەم، ئەو کوڕ و کچانەی دەچنە ریزی سوپاوە پەروەردەیەکی نیشتیمانی و دواتریش لە زانکۆ پەروەردەیەکی مەدەنی وەردەگرن. سێیەم، دابەشکردنی رۆڵ و ئەرکەکانە هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی مەدەنیانەیە لە نێوان دامەزراوە سەربازییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان کە پێموایە دابڕانێکی ترسناک لەنێوان ئەم دامەزراوانە هەیە. چوارەم، زانکۆ ئەهلییەکان دەتوانن بەشداربن لە سووککردنی باری حکومەت و کۆمەڵگا.

بەکورتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت جەنگ وەکو بڕیارێکی عەقڵانی سەیربکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کۆمەڵگا و دامەزراوەکان ئامادەیی جەنگیان هەبێت. جەنگ لە عەقڵی تاکی کوردیدا پەروەردە بکرێت، بە تایبەتی نەوەی نوێ، بەم پرۆسەیەش دەگوترێ بە دامەزراوەکردنی جەنگ، ئەو پێشنیازەی سەرەوە هەنگاوێکی ئاسایی بە دامەزراوەکردنی جەنگە.



بەدر ئیسماعیل شێرۆکی

# دوانەی سیاسەت و راگەیاندن

لە جیهانی سیاسەت و راگەیاندندا زۆر راستی نەرێنی و زۆر شتی نەرێنیی راستیش هەن. گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەم دوو چەمکە لەناو سیحری راگەیاندن و سیاسەت بە دیوە راستەکەیەوە بناسینەوە. گەرچی نابێ واتێبگەین کە هەرچی لە دنیای سیاسەت دەکرێ و روودەدات ناڕاستە و هەرچییەکیش لە راگەیاندن بڵاودەکرێتەوە و دەرخواردمان دەدرێ هەمووی نەرێنی و ژاری مارە. ئەوەی ئێمە زۆر بەباشی بیری لێناکەینەوە ئەوەیە کە راهاتووین هەموو ژاری ماری راگەیاندن بە نۆشدار بزانین و هەموو پلان و بەرنامەی سیاسەتیش کە پێش هەموو شتێک رێگاچارەی گرفتەکانی دەسەڵات و کەسێتی خۆیانن، بە بەرژەوەندیی گشتی و بابەتێکی ئەرێنی بزانین. لەڕاستیدا ئەگەر بەچاوی گومان و شارەزایی لە پلان و بەرنامەکانی سیاسەت بڕوانین، هەندێک جار پلانی بێ پلانی و بەرنامەی بێ بەرنامەیی دادەڕێژرێ و تەنیا مەبەستیش ئەوە دەبێ کە بە ئێمە بڵێن بەردەوام لە کار و کۆششداین و کاتەکانمان بەکاری رواڵەتی و پرۆتۆکۆل و قاوە خواردنەوە و دیدارە تەشریفاتیەکان تێناپەڕێ. بۆئەوەی گوێیەکانیشمان دەمێک لە زرینگانەوە و زایەڵەی دەنگی سیاسەت بەتاڵ نەبن، دەنگێکی دیکەی جیاواز لە دەنگی راگەیاندن کە خۆی سیستەم و مەکینەی فەرهەنگسازی باڵادەستە نەبیستن، قاوەخواردنەوەی سیاسییەکان و پێڵاوێکی بریقەداری مارکە و ورتە ورتی بن لێوی تازە پێگەیشتوویەکی گیرفان پڕ، وەکو ئەستێرەیەکی جیهانی دەکاتە رۆژەڤی هەواڵەکان. گرنگ ئەوەیە ئێمە بێجگە لەدەنگی ئەوان هیچ نەبیستین، بێجگە لە وێنەی ئەوان هیچ نەبینین، تاکو مرخی گوێگریمان و چاوی بینینمان بەرەو دیمەن و خۆراکێکی دیکە نەڕوا، چش کە لەوانە راستتر و ئۆرژینالتریش بێت.

ئەگەر کۆمەڵگە نە بەچاوی (تیڤی) بەڵکو بەچاوی سروشتی خۆی لە تێکەڵی و پرسی سیاسەت و راگەیاندن بڕوانێ، هەست بە پەیوەندییەکی زۆر گوماناوی لە نێوان ئەو دوو لایەنە دەکات. هەر دەزگایەکی راگەیاندن یان میدیاکارێک زیاتر بانگەشەی سەربەخۆیی بکات، هەر بەو ئەندازەیە پەیوەندییەکانی گوماناویتر و لێڵتر دەبێت.

لە جیهانی سێیەمدا بە گشتی و لێرە لە کوردستان بەتایبەتتر و خەستتر، راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی دوو دەستە بران کە هەرگیز لەیەک جیانابنەوە، وەک بڵێی سوێندیان خواردبێ کە تەنیا دەمێکیش روخسەت نەدەن تاکەکان لە قەڵەمڕەوی رەسەنایەتی خۆیان بیربکەنەوە. دەبێ هەمیشە لە هەوای راگەیاندن هەناسە بدەن و لە جوگرافیا و سەرزەمینی سیاسەت هەنگاو بنێن و بمێننەوە. راستە کە بەگوێرەی رێکەوتن و تێگەیشتننامەیەکی نێوانیان راگەیاندن خاوەن دەسەڵات و سیاسەتمەداران بەناوی بچووکیانەوە ناودێنی، بەڵام لە نامە و دیدار و پەیوەندییە نهێنییەکانیان دەنووسن و دەڵێن، خزمەتکاری هەمیشەیی دەرگاتان، دڵسۆز و گوێڕایەڵتان. سیاسییەکان باش لەوە تێگەیشتوون کە دەبێ خەسڵەتێکی دیموکراسیانە ببەخشرێتە فەرهەنگ و مەدەنیەت و مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە لەوەی کە لە رێگای راگەیاندنەوە بەیەکسانی بەسەر هەموو کۆمەڵگە دابەش بکرێت. بەڵام ئێمە قەت بیر لەو نهێنییە ناکەینەوە و لێی تێنەگەیشتووین کە ئەو هەرایەی وەکو مافێکی دیموکراتیک بەسەر گوێیەکانمان دابەش دەکرێ، خۆی کاڵا و برەند و جۆری بیرکردنەوەی ئەوانە لەرێگای راگەیاندنەوە مکیاج کراوە و بە یەکسانی بەسەرماندا دەبارێنرێتەوە. کاری راگەیاندن لە وڵاتی ئێمە تەنیا راییکردنی ئەرکە راسپێردراوەکانە و گرنگترینی ئەم ئەرکانەش بەرهەمهێنانەوە و بازاڕ گەرمکردنی ئیدۆلۆژی و هزر و سیاسەتەکانی دەسەڵاتە بە مارکە و برەندی ساختەی دیموکراسی و ئازادیی رادەربڕین. گەر سەرنجتان دابێت زۆر جار رۆژنامەنووس یان میدیاکارێک بیرو بۆچوون و نووسینەکانی لەبرەو دەکەون و ئیفلاس دەکات، لەو کاتە دەسەڵات دەستبەجێ میتۆد و تاکتیک و رێگاچارەکانی دەخاتە گەڕ، رۆژنامەنووس یان میدیاکارەکە بۆ ماوەیەک رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی پێ دەسپێردرێت ، وتار و لێدوانی ئاگرین بڵاودەکاتەوە و دەبێتە جەنگاوەری راستینەی رێگای ئازادیی کۆمەڵگە و مافی مرۆڤ و دادوەری و یەکسانی، تا دووبارە کاڵاو قسەکانی بەهاو کڕیار پەیدا دەکەنەوە و ناوی دەکەوێتەوە ناو (بۆرسە)، ئەوکاتە دەسەڵات بە بزاڤ و پرستیژێکی دیموکراتیانە و خێرخوازانە خێرا راگەیاندنکار یان رۆژنامەڤانەکە دەگرێتەوە باوەشی و رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن یان دەزگایەکی بۆ دادەمەزرێنێ و دووبارە و لەژێر ناو و فۆرمێکی دیکە خزمەتی سیاسەت و دەسەڵاتی پێدەکاتەوە.

راگەیاندن لەم وڵاتانەدا هەموو شتێکی بۆ فرۆشتنە، پیشە، راستی، ویژدان، هەمووی بەزیرەکی و مەعلانی بۆ فرۆشتن داناوە، تەنیا ئەو لایەن و کەسانە دەتوانن ئەو کاڵا نادیارە ببینن و کەڵکی لێوەربگرن کە پارەیەکی باشیان هەبێ، لەو بازاڕەدا گرنگ نییە ماف و راستی لای تۆ بێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پارە لای تۆ دەستبکەوێ تا لە تۆزی بانانەوە ببیە خانی خانان، لەسەرووی ناسراوەکانی کۆمەڵگە ناوت بهێنرێ و بکەویە رۆژەڤی هەواڵ و ببیە ئەستێرەی ئاسمانی سیاسەت، هونەر، یان بلیمەت و پیتۆل و فەیلەسوف یان عەلامەی دەوران. دەکرێ لە ماوەیەکی کەمدا ببیە ئەفسانەیەکی مەزنیش، بەو مەرجەی دراوت هەبێ و گیرفانەکانیشت بۆ راگەیاندن کراوە و شل بن .

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

رووداو
ژمارە (343) دووشەممە 2015/1/19



گۆران محەممەد

# هەر لۆ فشەی


لەوانەیە تەنیا لە (هەر)ێمی کوردستاندا، هاوزەمان زۆرترین پارە، تازەترین تەکنەلۆژیا و خەراپترین خزمەتگوزاری یەکیان گرتبێت. ئاخر ئەو وڵاتانەی خزمەتگوزاریی بۆ هاووڵاتی تێیدا فەراهەم نییە، زۆربەیان وڵاتەیلی هەژار یان دواکەوتوو یانیش هەردووکیانن، ئەوەی وڵاتەکە هەم دەوڵەمەند هەم کراوە بەسەر دونیا، بەڵام دواکەوتوو بێت، ئەمە رچەشکێنییە قوربان.

تەنیا حکومەتی (هەر)ێم بوو، پتری پازدە ساڵان (هەر) ساوا مایەوە. کە باڵقیش بوو ئەم حکومەتی (هەر)ێمە، ئاشکرا بوو کە (هەر) فریشی بەسەر دونیاوە نییە. ئاخر بە بیست و ئەوەندە ساڵی حکومەتی (هەر) ێم، (هەر) وە (هەڕ)ەمەکی بەڕێوە چووە. ئێستاکێ گوایە حکومەت لە (هەڕ)ەتی لاوێتییە و چیدی نەماوە (هەر)زەکار، کەچی هەموو حکومەتی (هەر) ێم، چاوی لە (هەر)یشەی* دەستی ئاشتی هەورامییە، میللەتی کلۆڵیش، شینەکەی بۆ (هەر)یسەکەی (هەر)ێمە.

لە هەندێ دەڤەری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی (هەر) ێم، خەڵکەکە (هەر) لە بەیانی تا ئێوارە دوعا دەکەن ئەم حکومەتە نەکا (هەر) ڤاندن** ئاخر (هەر)چی زەوی کشتوکاڵ بوو، (هەڕ)اجیان کرد و بابای موفلیسیان پێکردە مەڵتی ملیۆنێر، ئەی ئەوە نییە (هەر) پرۆژەیە و (هەر)ەس دێنێت، (هەر) هەژارە هەژارتر، (هەر) پارەدارە، پارەدارتر دەبێت؟ ئەمە حکومەتی (هەر)ێمە یان هی (هەر) بێنە؟ کە پۆلێک خەڵک خۆشگوزەران و (هەر) هەمووی دیکە (هەر)اسان بن، ئەمە حکومەتی (هەر)ێمە یان رژێمی (هەر) بۆ خۆم؟ لە مووشێندا قەیناکە (هەر) ئەوەم یاری، نەک لە حوکمڕانیدا، ئاخر ئەوە چەند ساڵە ئەم (هەر)ێمە (هەر) لە جێی خۆی چەقیوە؟ حکومەتی بنکە فراوان، دەبوو کارێک بکات (هەر)ەوەز، نەک تەشکیلی حکومەت و دانانی پارێزگاری سلێمانی، پێکەوە پتری ساڵێک بخایەنێ (هەڕ)ە هەڕ*** ئاخر ئەمە حکومەتی (هەر)ێمە یان (هەر) لۆ فشە؟

ساڵانی ساڵە حکومەتین، تازە بە تازە (هەڕ)ەی لە بڕەی جودا ناکەینەوە، تازەکێ لەبەر قاپی (هەر)چی و پەرچییەکەی بەغدا، بۆ مووچە دەیکەین تکا و نزا، (هەر) ماوە دەستان ماچ بکەین، (هەر) نەبێ پوولێ وەدەستخەین، ئەمە حکومەتی (هەر)ێمە، یان دەستەی (هەر) بەهەوەس؟

هەریشە:
(کەشکەک)ە بە هەورامی
هەرڤاندن:
وێرانکردن، خەراپکردن
هەرەهەڕ:
زەڕەزەڕ، ژاوەژاو



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چی لە پشت بەکانتۆنکردنی شنگالەوەیە؟

پەکەکە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لە هەوڵێکی بێوچاندایە بۆ دۆزینەوەی جێپێیەک لە کوردستانی باشوور (نەک باشووری کوردستان) و داهێنانی چەمکەکانی یەکپارچەیی کوردستان وەکو (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا) بە کردەیی مافی ئەوە بە پەکەکە دەدات لە هەر چوار پارچە بە کەیفی خۆی تەراتێن بکات. ئەگەر یەکێکیش پرسیار بکات کە بۆ وا دەکەی؟ وەڵام ئەوەیە کە ئەدی ئێرە کوردستان نییە! دیارە پەرەدان بە چەمکە یەکپارچەییەکان، نکۆڵیکردن و خۆفریودان لەهەمبەر ئەوەی کە کوردستان نەک هەر یەکپارچە نییە و بگرە پترە لە چوارپارچەش، هێندەی دیکە ئاوی لە ئاشی پەکەکە کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە پەکەکە لەو شوێنانەی خۆی تێیاندا باڵادەستە، نەک جگە لەخۆی کەسی دیکە بۆی نییە کاری سیاسی بکات، بگرە ئەوەی رکابەریشی بکات، خائینە!

لەم چەند رۆژەدا زۆر باسی کانتۆنی شنگال کرا و کۆمەڵێک بەیاننامە و بەرپەرچدانەوە راگەیەندران. زۆر باسی ئەوە کرا کە کانتۆن چییە و لە چییەوە پەیدا بووە و دەبێ چۆن بێ، بەڵام کەس ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئەوە یەکەم کانتۆنی پەکەکە نییە لە کوردستانی باشووردا، ئەی ئەوە نییە ناوچەی قەندیل بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی "بەڕێوەبەرایەتیی گەل"ەکەی پەکەکەدایە! بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەیە؟ بۆ حکومەتی هەرێم هیچ دەسەڵاتێکی لە ناوچەی زاب هەیە کە رووبەرێکی فراوانی کوردستانی باشوورە و دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەبێ مۆڵەتی پەکەکە ناتوانن سەردانی گوندەکانی خۆشیان بکەن؟ هەق بوو بەرلەوەی هەڵوێست لە کانتۆنی شنگال وەربگیردرێت، باسی ئەو دوو مانتۆنەش! بکرێ کە پەکەکە بە شێنەیی دایمەزراندوون و چەندین ساڵە حوکمیان تێدا دەکات و تەنانەت داهات و سەرانەشی پێ پەیدا دەکات.

بۆ کەسانێک کە پەکەکە بناسن و شارەزای مێژوو و سیاسەتەکانی بن، بە کانتۆنکردنی شنگال نەک هەر موفاجەئە نەبوو، بگرە شتێکی ئاساییش بوو. تەنانەت ئیتر ئەو دەستەواژەیەش سنووری کۆمیدیای بەزاندووە کە پەکەکە باسی هەڵبژاردن و خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک دەکات.

چونکە پەکەکە خۆی بە خاوەنی راستەقینەی هەموو خاکی کوردستان دەزانێ و لە روانگای ئەوەوە، دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو حوکم بکات و ئەو حیزبانەی ئێستا حوکمی کوردستانی باشوور دەکەن، داگیرکەرن و دەبێ زوو یان درەنگ هەموو کڕنۆش بۆ ئەو و ئەوانە بەرن کە خۆی باوەڕی پێیانە.

دابەشبوونی سیاسی و جوگرافیی کوردستانی باشوور، کوردستانی رۆژهەڵات و تەنانەت رۆژئاواش باشترین دەرفەتی نەشونمای بە پەکەکە داوە لەو شوێنانە و ئەوەش لەکاتێکدایە کە پەکەکە هیچ دروشمێکی نەتەوەیی و ئایندەیی بۆ کوردستان نەماوە و کار لەسەر پارچە پارچەکردنی زیاتری جەستەی سیاسی و جوگرافیی کوردستان دەکات.

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتیش یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چ لەسەردەمی شەڕی ناوخۆی نەوەتەکان و چ ئێستا، لە بەرامبەر نەبوونی پێگەیان لە بادینان و ناوچەکانی مووسڵ بەردەوام دەستیان لەپشتی پەکەکە داوە و بەگژ پارتییاندا کردووە. لەدژی پارتی هاوپەیمانیی سەربازییان لەگەڵ بەستووە و بەپارەش هاوکارییان کردووە.

پێویست بەوە ناکات باس لە رۆڵی میدیای یەکێتی بکرێت کە لەو ماوەیەدا چی کردووە بۆ شکاندنی پێشمەرگەکانی پارتی، بەڵام ئەوەی ئێستا پەکەکە دەیکات، لە روانگای ستراتیژییەوە (کە ستراتیژییەتی ئێرانە نەک یەکێتی) کارێکی باشە.

ئەگەر ئەوە سەربگرێت، نوقڵانەی کانتۆنەکانی کەرکووک و سلێمانی دەبن و دەوڵەتەکەی بارزانی لە داهاتوودا بریتی دەبێ لە بەشێکی هەولێر و بادینان و ئینجا دیار نییە چارەنووسی ئەو دەوڵەتەش چی لێ بەسەردێت.

چونکە دوور نییە ئەو کاتەی پەکەکە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا رێکدەکەوێت، پێکەوە هەوڵ بدەن ئەو بەشەش بخەنەوە سەر خاکی کۆماری تورکیا و کۆتایی بە داگیرکاری و دیکتاتۆریەتی بارزانی بێنن!

هەوڵەکانی ئێران تا ئێستا لە تێوەگلاندنی کوردستانی باشوور لە شەڕی داعش، پارچە پارچەکردنی کوردستانی باشوور، گواستنەوەی تەرکیزی دنیا لەسەر پاراستنی هەرێمێکی دیموکراتیک بۆ شارۆچکەیەکی کەم بایەختر (کۆبانێ)، لەسەر دەستی یەکێتی و پەکەکە بەباشی بەڕێوەدەچن و دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووە تاڵەیە کە سەدان ساڵە کورد تێیدا دەخولێتەوە.

رۆژێک ژێردەستەیی، رۆژێک ئەمارەت و رۆژێکیش کانتۆن...هەر رۆژە بە ناوێک داگیرکەرانی کوردستان لەرێگەی دەستوپێوەندەکانیانەوە نەیانهێشتووە ئەو میللەتە هەناسەیەکی راحەت هەڵبکێشێ و تا هەتایە هەر شەڕی یەکتری بکەن.



د.هیوا حاجی

# رێز و تیرۆر

لە پاش هێرشی 11ی سێپتێمبەری 2001 بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمجارەیان بەهۆی دەستدرێژی حەوتی ئەم مانگە بۆ سەر گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لە پاریس، مەسەلەی پەیوەندی نێوان جیهانی رۆژئاوا و جیهانی موسڵمانان دیسان کەوتەوە ژێر پرسیار. هەردوو هێرشەکە بە پاساوی دینی ئەنجامدران. هێرشەکەی 11/9 هانی هەندێ خەڵکی دا لە رۆژئاوا بۆ دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو بەرەدا. بەرەی رۆژئاوا کە هەڵگری بەهاکانی "دێمۆکراسی و مرۆڤدۆستی و ئازادییە"، لەگەڵ بەرەی ئیسلامی رادیکاڵ کە بەهاکانی "سڕینەوە و مەرگدۆستی و سەرکوتکردن" لە باوەش دەگرێت. راستە لەو نێوەندەدا خەڵکانێکیش هەبوون کە پێیانوابوو تێرۆر نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات و داوایان دەکرد کە دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان گرووپە رادیکاڵەکانی ئیسلامی و ئیسلام خۆی، بەڵام هێرشەکەی ئەمریکا ئەوەندە شۆکهێنەر و وێرانکەر بوو کە وایانکرد بۆ هەموو کەس ئاسان نەبێت دان بەو جیاوازییەدا بنێت. پێشتر لە وتارێکمدا ئاماژەم بەوەدابوو کە وەک کاردانەوەیەک بۆ هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر لە رۆژئاوا، خەڵکانێک داوای پێداچوونەوەیان دەکرد بە سیاسەتەکانی کۆچبەری، بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بزاوتی کۆچ و پەنابەریی موسڵمانان لە وڵاتانی رۆژئاوا. هەرچۆنێک بێت، لە ئێستادا جڤاکی موسڵمانان لە رۆژئاوا وەک سەرچاوەی مەترسییەکی راستەقینە بۆ سەر ئەو وڵاتانە سەیردەکرێت.

کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا لە سەردەمی ئێستادا بوونەتە سەبەتەیەک بۆ کۆکردنەوەی مرۆڤە جیاوازەکان. ئەگەر سەیری شارە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بکەی، بە روونی بۆت دیار دەبێت کە ئەم شارانە شاری یەک ئایین یان یەک نەتەوە یان تاکە رەنگێکی پێست و قژ نین. بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی "جیهانی سێیەم" کە شارەکانی لێکچووترن لەڕووی باوەڕی دینی و ئینتیمای نەتەوەیی و خەسڵەتی جەستەیی دانیشتووانەکانیانەوە. مەسەلەی رێزگرتن لەوانی دیکە تەنها لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەبێتە پرسیار. بۆ وێنە ئەگەر لە وڵاتێکدا زیاتر لە ئایینێک نەبێت، چۆن دەتوانی باسی رێزگرتنی ئایینی بکەیت. یان بە هەمان شێوە ئەگەر لە وڵاتێکدا زیاتر لە نەتەوەیەک نەبێت چۆن دەکرێ باس لە رێزی نێوان نەتەوەکان بکرێت. بۆیە تەنها لە چوارچێوەیەکی جیاوازدایە کە خەڵک دەتوانن باس لە رێز بکەن. خۆ ئەگەر خەڵک هەمووی هەمان ئایین و نەتەوە و زمان و رەنگیان هەبێ ئەوا شوێنێک بۆ تاقیکردنەوەی رێز نامێنێ.

کێشەکە لە پێناسەی رێزەوە دەستپێدەکات. کێ پێناسەی رێز دەکات؟ کێ سنوورەکانی رێز دەستنیشان دەکات؟ چ رەفتارێک بێ رێزییە بەوانی دیکە؟ ئایا دەوڵەت دەتوانێ پێناسەی رێز بکا و بەرگری لێبکات؟ ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پاساوەی کە دەستدرێژیکەرانی سەر گۆڤاری چارلی ئیبدۆ ئەنجامیاندابوو، دەبینین کە ئەوان پێیانوایە وێنە و کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری موسڵمانان (د.خ) بریتییە لە بێڕێزی بە ئایینی ئیسلام و پیرۆزییەکانی. هەمان ئەو کارە بە نیسبەت کاریکاتێریستەکانی گۆڤارەکەوە نەک هەر بێڕێزی نەبوو سەبارەت بە ئیسلام، بەڵکو وەک بەشێک لە ئازادیە رۆژنامەنووسییەکان سەیر دەکرا. ئەوجا لێرەدایە کە دەڵێی دەبێ جیاوازییەکان رێزیان لێ بگیرێت. هەمیشە پرسیارەکە ئەوەیە رێزگرتن لە دیدی کێ؟ ئەم مەسەلەیە هێشتا ئاڵۆزترە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە لەناو پەیڕەوانی هەمان ئاینیشدا، هەمیشە هەمان تێڕوانین نییە سەبارەت بە رێز و سنوورەکانی. بۆ وێنە رێز رەنگە لە پێناسەی موسڵمانێکی توندڕەو و میانڕەودا جیاوازی زۆری تێدابێت. ئینجا بۆیە کە دێیتە سەر باسی رێزگرتن لە پیرۆزییەکان، تەنانەت لە ناو هەمان ئایینیشدا هەمان پێناسە بەدیناکرێت. لەوەش زیاتر، تێڕوانینەکان سەبارەت بە کاردانەوە بۆ بێڕێزیش جیاوازە. تەنانەت ئەگەر هەموو موسڵمانانیش کۆکبن لەسەر ئەوەی کاریکاتۆرەکان بێڕێزی بوونە لە ئاست پیرۆزییەکانی موسڵمانان، ئەوا هەموو موسڵمانان پاڵپشتی شێوەکاردانەوەی دەستدرێژیکارەکانی پاریس ناکەن. بەشداربوونی نوێنەری بەشێک لە وڵاتانی موسڵمان لە خۆپێشاندانەکەی پاریس و شەرمەزارکردنی هێرشەکە ئەوە نیشاندەدات کە موسڵمانان هەموویان بەم کردەوەیە رازی نین.

لەرۆژگاری ئێستادا گرووپە توندڕەوەکان تێڕوانینی گەلێک مەترسیدار بۆ رەوابوون یان ناڕەوابوونی شتەکان بەرهەمدێنن. گۆشەنیگای بەرتەسک دەخەنەڕوو بۆ رێز لە خود و لەوانی دیکە و لە زۆربەی بارەکانیشدا، هەڵگری کاردانەوەی خوێناوین لەئاست ئەو شتانەی بە بێڕێزیی دەزانن. لە رۆژئاوادا، ئەو توندڕەوانەی ئێستا، ئامادە نین کەڵک لە رێکار و یاسا مەدەنیەکانی ئەو وڵاتانە وەربگرن بۆ بەرگریکردن لەوەی خۆیان بە بێڕێزیی دەزانن لە پیرۆزییەکان. لەبری پەنابردن بۆ دادگا و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و سازدانی رای گشتی و داکۆکیکار، دەستبەجێ پەنا بۆ چەک و پەلاماردان و خوێنڕشتن دەبەن. ئەمە وێنەیەکی زۆر تاریک نەک هەر لەسەر موسڵمانان بەڵکو لەسەر ئیسلامیش بەرهەمدێنێت کە رەنگە دواتر ببێتە سەرچاوەیەک بۆ زنجیرەیەکی ناکۆتای بێڕێزیکردن.

رەنگە هەرگیز ئەو رۆژە نەبینین کە هەموو ئایینەکان، تێکڕای مەزهەبەکان، یان هەموو حیزب و بزووتنەوە دینییەکان هەمان تێگەیشتنیان هەبێت بۆ پیرۆزییەکان و شێوازی بەرگریکردن لێیان. جیاوازییەکان هەر دەمێنن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە جیاوازییەکان بتوانن لەگەڵ یەک هەڵبکەن. بەشێکی گرنگی تێرۆری دینی هۆکارەکەی پێناسەکردنی جیاوازە بۆ مەسەلەی رێز. لە رۆژئاوادا کە جیاوازییە ئایینی و کەلتورییەکان زۆر زیاترن، پێناسەی رێز و سنوورەکانی گەلێک زەحمەتتر دەبن. چ شتێک دەبێ رێزی لێبگیرێت؟ کاریکاتۆرکێشان لەسەر سیمبولە ئایینیەکان نیشانەی بێڕێزیە؟ ئەگەر بێڕێزییە چۆن دەتوانین رێز بگەڕێنینەوە؟



محەممەد حاجی کەریم

# میدیای بێ متمانە

مامەڵەکردنی میدیا لە بارودۆخی شەڕو ئاڵۆزیی ناوخۆییدا، بە بەراورد لەگەڵ هەر دۆخێکی دیکەی ئاساییدا جیاوازە و پێویستی بە هەستیارییەکی زۆر هەیە. جاری وا هەیە بێ ئەوەی رۆژنامەنووس، یان دەزگای میدیایی پێی بزانێ، هەواڵ یان راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی، نەک تەنها خزمەتی گوتاری میدیایی و بەرژەوەندیی نیشتمانی ناکات، بەڵکو دەکەوێتە خانەی خزمەتکردن بە دوژمنانی وڵاتەکە.

رەنگە ئەم جۆرە مامەڵەیە وایکردبێ کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەسەر داواکاری دەستەی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە، دەرگای کارکردن و رووماڵی میدیایی بە رووی دوازدە کەناڵی ئاسمانیی عێراقی و غەیرە عێراقی لە بەغدا و تەواوی پارێزگاکانی دیکە دابخات، ئەمەش بە بیانووی بڵاوکردنەوەی تۆوی فیتنەگێڕی و پشتیوانیکردن لە تیرۆر.

ئەو بڕیارە رەوابێ یان ناڕەوا، بێ هۆکار نییە. هەموو لایەک دەزانن کەش و هەوای میدیایی لە عێراق لەوپەڕی پاشاگەردانی و شێواویدایە.

نابێ میدیا ئەوەی بیر بچێ، ئەو بۆ ئەوانە کار دەکات کە بە خزمەتگوزاریەکانییەوە گرێدراون، بۆیە ئەوەی زۆر گرنگە بەدەستهێنان و دەستپێوەگرتنی متمانەی جەماوەرەکەیەتی.

دامەزراوەیەکی وەک ئەلجەزیرە، (ناوی لەنێو لیستی ئەو کەناڵانەدایە کە عێراق بە پاڵپشتی تیرۆر تۆمەتباریان دەکات)، ئەگەرچی زۆر شتی لە دونیای میدیای عەرەبیدا گۆڕی و کاریگەریەکەشی لەسەر شانۆی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە رەنگیدایەوە، لێ بەهۆی لاگیریی بۆ هەندێک پرس و رووداو و زاڵبوونی ئەجێندای سیاسیی پشت ئەو دامەزراوەیە، هێدی هێدی کێرڤی متمانەی جەماوەری لە دابەزینە، تا ئەو ئاستەی بەهۆی ئەو پاشەکشێیە، قەتەر کە پاڵپشتی دارایی دەکات، ئێستا کار بۆ کردنەوەی تۆڕی تەلەڤزیۆنی ئەلعەرەبی دەکات، بۆ ئەوەی جەماوەری تۆراو، لە گەڵ میدیای وڵاتەکەی ئاشت بکاتەوە.

کاتێک میدیا متمانەی جەماوەری دۆڕاند، وەک ئەوە وایە هەموو شتێکی دۆڕاندبێ. بیرمدێتەوە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کە ئەوکات منداڵ بووم، خەڵکێکی زۆر بیسەری هەردوو رادیۆی نێودەوڵەتی لەندەن"BBC" و مۆنتیکارلۆ بوون، ئەوانەی هیچ شتێکیان لە بارەی میدیا نەدەزانی، دەیانگوت رادیۆی لەندەن راستی دەڵێ و جێی باوەڕە، بەڵام رادیۆی مۆنتیکارلۆ درۆی زۆر دەکاو جێی متمانە نییە.

زۆر لەمێژە میدیای میسری بەهۆی سیاسیبوون و زاڵبوونی گوتاری توندی ناسیۆنالیستیی عەرەبی، متمانەی لە دەستداوە. هەنووکە ئەگەرچی ئەو وڵاتە بە قۆناخێکی نوێی سیاسیدا تێدەپەڕێ، لێ میدیاکەی بەو هەموو فراوانی و هەمەڕەنگییەوە، توانای ئەوەی نییە ئەو متمانەیە بەدەستبهێنێتەوە.

راستگۆیی، یان رێزگرتن لە هەست و نەستی جەماوەر و پاراستنی بەرژەوەندیی هاونیشتمانیان، تاکە گەرەنتی مانەوەی ئەو متمانەیەیە کە لە نێوان کەناڵێکی میدیایی و جەماوەرەکەیدا هەیە. لە دۆخی هەنووکەیشدا، هیچ شتێک بەقەد رازیکردنی جەماوەر، بەتایبەت لە رێگەی پارێزگاریکردن لە سەقامگیریی دەروونی و رۆحی مەعنەویی هاونیشتمانیان گرنگ نییە.

زۆر دەمێکە گوتراوە، راگەیاندن پرۆسەیەکی دووسەرە، ئەگەر بە وریایی و لێزانییەوە مامەڵەی پیشەییانە لەگەڵ رووداوەکان نەکات، بە دڵنیاییەوە لە پەنای گوتاری میدیاوە ئەجێندای دیکە سەردەردێنێ، بەمەش لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرهاوێشتەی نەرێنی لەگەڵ خۆی دێنێ.

ئەرکی میدیا سیاسەتکردن نییە لێ کەم نین ئەو کەناڵانەی لە جیاتی کارکردن لەسەر فاکت و زانیارییەکان، نەک هەر سیاسەت دەکەن، بەڵکو شەڕی سیاسیش دەکەن. ئەمە جیا لەوەی زۆر جار میدیا لە دەرەوەی بنەما و پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەڤانی، بەشداردەبێ لە بەرهەمهێنانی رق و توندوتیژی.

لە نێو میدیای کوردیشدا زۆرن ئەو کەناڵانەی خۆیان بە پیشەیی و پرۆفیشناڵ وێنادەکەن، بەڵام کەمترین ترسیان لە گوتنی ناڕاستی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناتەواو نییە، یاخود تەنها یەک دیو دەبینن و کێموکاسییەکانی دیوەکەی دیکە فەرامۆش دەکەن.

ئایا پیشەییبوون و بێلایەنی ئەوەیە، تۆ بچووکترین هەڵە و کەموکورتی بەرەیەک وەک رووداو و کارەساتی گەورە لێکبدەیتەوە، بەڵام لە ئاست نەنگی و خەوشەکانی بەرەی بەرامبەر کەمترین قسەو پرسیارت نەبێ؟ ئەوانەی بەو لۆژیکە کاردەکەن باش دەزانن ئەو شێوە مامەڵەیەیان تا سەر ئێسقان ناکۆکە بە بنەماکانی کاری رۆژنامەڤانی، لێ بەهۆی ئەوەی تەواو لاگیر و گرێدراوی ئەجێندایەکی دیاریکراوی سیاسین، ناتوانن راستگۆ و بێلایەن بن، بەمەش تەواوی متمانەی جەماوەرەکەیان لەدەستدەدەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کانتۆنچی

ناوی کانتۆن و دەنگی دەهۆڵ وەکو یەکن، هەردووکیان لە دوورەوە خۆشە بیانبیستی. ئەگەر خەڵکی شنگال سەردانی کانتۆنێک بکەن و ژیانی نێو ئەو کانتۆنە ببینن، ڕەنگە نەهێڵن هەرکەسێک باسی کانتۆنیان لەگەڵ دەکات لە ناوچەکەشیان بمێنێ.

هەفتەی ڕابردوو چوومە کانتۆنی جزیرێ. سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە و خۆبەڕێوەبردنی کوردیم بە مۆدێلی پەکەکە دیت. زۆر شت دڵخۆشیکردم، زۆر شتیش دڵگران. بۆنموونە ئەوەی کە گەنجان بەو جۆش و خرۆشەوە چەک هەڵدەگرن و دەیانەوێ داکۆکی لە کانتۆنەکەیان بکەن جوانە، بەڵام ئەوەی کە گەنجێکی دیکە لەترسی بەزۆر سەربازگیریکردن دەیەوێ هەڵێت و وڵاتەکەی بۆ گەنجێکی عەرەبی حەڵەبی چۆڵ بکات دڵتەزێنە.

سێ ساڵە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن هەیە، بەڵام هەستدەکەیت سێ ڕۆژە ئەو ئەزموونە دەستپێکردووە. ئەوەی دەیبینی ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕینی باشووری کوردستانت بیردەهێنێتەوە. کۆمەڵێک گەنجی شۆڕشگێڕ چەکیان لەشان کردووە و بە خوێندەواری و شارەزاییەکی زۆر کەمەوە ئیدارەی وڵاتێکی پڕ کێشە دەکەن. هەمان ئەو هەڵانەش کە لە باشووری کوردستان بیست ساڵ پێش ئێستا کران، لەوێ دووبارە دەبنەوە. گرنگترینیشیان ئەوەیە کە بڕیارە ستراتیژییەکانی کانتۆن لەلایەن کەسانێکەوە دەردەچن ئەزموون و شارەزاییان لە حوکمڕانی نییە.

لە باشووری کوردستان سەرکردەکانی شۆڕش هاتنەوە و بوونە سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت. ئەوانیش ئەزموونی حوکمڕانییان نەبوو، بەڵام پێشینەی شۆڕشگێڕییان هەبوو. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە کاتێک شەڕی نێوخۆ هەڵگیرسا، سەرۆکی حکومەت کە یەکێتی بوو، فەرماندەی بەرەیەکی شەڕ بوو، جێگرەکەی کە پارتی بوو، فەرماندەی بەرەیەکی بەرامبەر بوو. ئەوان گەڕابوونەوە بۆ سەر ئەو کارەی باشتر لە حکومەتداری تێیدا شارەزا بوون!

ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەمان ڕەوش و ڕەنگە خراپتریش دروستبووە. سیاسەتی کانتۆن لە قەندیلەوە دادەڕێژرێت و دەبێ جێبەجێ بکرێت. سەرکردەکانی قەندیلیش پێشینەی شۆڕشگێڕییان هەیە، بەڵام هیچ ئەزموونێکی حوکمڕانییان نییە. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە شار بە عەقڵییەتی شاخ بەڕێوەدەبەن.

لە قامشلۆ ئەندامێکی پەیەدە پێیگوتم هێشتنەوەی سوپای سووریا لەنێو ئەو شارە "تاکتیکی شۆڕشگێڕی"یە. کاتێک لێمپرسی: ئەو تاکتیکە چییە؟ وەڵامیدامەوە: "ئەگەر دەریانبکەین، سووریا بە فڕۆکە لێماندەدات". بەڵام ئەو گەنجە لەخۆی نەپرسیبوو بۆچی سوپای سووریا لە دێرک و ڕومێلان و تربەسپی و ناوچەکانی دیکە نادات کە سوپای تێدا نەماوە؟ بۆچی لە ئامووده نادات کە کراوەتە پایتەختی کانتۆنی جزیرێ؟ هەروەها بۆچی لەو بەشەی قامشلۆ نادات کە بەدەست سوپاوە نییە؟ قسەی ئەو گەنجە لێدوانێکی ئاڵدار خەلیلی بیرهێنامەوە کە بە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیی چاپی لەندەنی گوتبوو: "لە سەرێ کانی ڕێککەوتنی تاکتیکیمان لەگەڵ گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان هەبوو". مەبەست لە گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکانیش گرووپی وەکو داعش و نووسرە و ئەوانی دیکەیە. ئایا ڕێککەوتنی پەیەدە لەگەڵ سووریاش بە هەمانشێوە تاکتیکییە؟

ئەوەی پەکەکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کانتۆنی شنگال کردی، لە زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان (پی ئاڕ) دا پێیدەگوترێت "باڵۆنی میدیایی". واتاکەشی ئەوەیە کە سەرەتا بیرۆکەیەک دەخرێتە سەرزاری خەڵک، ئەگەر کاردانەوەی باشی بەدوادا هات، جێبەجێ دەکرێت، ئەگەریش نا، وازی لێدەهێنرێت. کاردانەوەکانی دوای هەڵدانی باڵۆنەکە پێشانیدا کە پەکەکە دەبێ بژاردەی دووەم هەڵبژێرێت و واشیکرد. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە باشیکرد وایکرد، چونکە کاتێک ئەو حیزبە ئەزموونێکی سەرکەوتووی کانتۆنداریی لە ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەش نەکردبێت، چ پێویست دەکات لە باشووری کوردستان دیسان ببێتەوە کانتۆنچی؟






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئەردۆغان ئەمجارە دەدۆڕێ؟

کورتترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە "نەخێر"ە. بەڵام بۆچی ئەردۆغان لەم هەڵبژاردنە نوێیەشدا نادۆڕێت؟

ئەگەر پەرلەمانی تورکیا بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت نەدات (کە ئەگەرێکی کەمی هەیە)، ڕۆژی 7/6/2015 دانیشتووانی تورکیا بۆ هەڵبژاردنی 550 پەرلەمانتار دەچنەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

کاتێک لە دەرەوە سەیری دەکەیت، ئەمجارە دەیان تەحەدای گەورە لەبەردەم پارتی داد و گەشەپێداندایە. پێش هەموو شتێک ئەردۆغان چیدی بە فەرمی سەرۆکی ئەو پارتە نییە. کاریگەریی تورکیا لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەرەو کەمبوونەوە چووە و نەیارەکانی ئەردۆغان ئەمە بە "شکست"ی سیاسەتی دەرەوە ناودەبەن.

بەدەر لەمانە، لە ناوخۆی تورکیادا بە ملیۆنان کەس هەن کە ناڕازین لە شێوەی حوکمڕانی و سیاسەتی ئەردۆغان و دەنگێکی بەرز هەیە لە نێو وڵاتەکە کە دەڵێت ئەردۆغان بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات.

بەڵام هەموو ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگەکانی AK PARTI دابەزینێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێ. هۆکاری سەرەکی ئەمەش غیابی پارتێکی ڕاستڕەوی موحافزکارە کە بتوانێت بەشێک لە دەنگەکانی بەرێت.

لە تورکیا نزیکەی 60 بۆ 65%ی دەنگدەران، پارتە ناوەند و ڕاستڕەوەکان هەڵدەبژێرن. 35 بۆ 40%یش دەنگ دەدەن بە پارتە چەپڕەوەکان. ئەمە وەک عورفێکی لێهاتووە، لە یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی تورکیاوە لە ساڵی 1946 تاوەکو ئەمڕۆ کە 17 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کراوە، دابەشبوونی دەنگەکان هەر بەم شێوەیە بووە.

لە تورکیا دەتوانی دەنگدەرێکی ڕاستڕەو قایل بکەیت دەنگ نەدات بەو پارتە ڕاستڕەوەی خۆی و بیدات بە پارتێکی ڕاستڕەوی دیکە. بەڵام قەت ناتوانی قەناعەتی پێ بهێنی کە دەنگ بداتە پارتێکی چەپڕەو. بە هەمان شێوە، دەنگدەری چەپڕەو دەنگ دەدات بە پارتێکی چەپڕەو لە بری پارتێکی دیکەی چەپڕەو، بەڵام قەت دەنگ نادات بە پارتێکی ڕاستڕەو یان ناوەند.

دابەشبوونێکی دیکە لە نێوان دەنگدەرانی ڕاستڕەو، لەسەر بنەمای نەژادپەرستییە. ئەوانەیش کە فراکشنی ڕاستڕەوی نەژادپەرست پێکدەهێنن، هیچ کاتێک 15% یان تێنەپەڕاندووە. کەواتە بە لایەنی کەمەوە 50%ی دانیشتووانی تورکیا دەمێننەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەنگ دەدەن بە پارتە ڕاستڕەوە میانڕەوە موحافزکارە ناوەندەکانی تورکیا.

پێش ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان دابمەزرێت، ئەم 50%ی دەنگدەرانە کە دەکاتە نیوەی کۆمەڵگەی تورکیا، دابەشی سەر چەند پارتێک بووبوو. پارتەکانی ڕێگای ڕاست (DYP)، نیشتیمانی دایک (ANAP) و ڕەفا (RP) ئەم ڕێژەی دەنگەیان لەنێوان خۆیاندا بەشدەکرد. لە ساڵانی پێشریش پارتی دیموکرات (DP) و پارتی داد (AP) و پارتی سەلامەتی میللی (MSP) ئەو دەنگانەیان بۆ خۆیان دەبرد.

گەورەترین سەرکەوتنی ئەردۆغان بریتی بوو لە یەکخستنی دەنگی ئەم بەشە گەورەیەی کۆمەڵگای تورکیا. گەورەترین دەرفەتیش کە توانی بیقۆزێتەوە، لاوازی و تێکشکانی ئیماژی ئەو پارتانە بوو لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکەی 2002 کە بۆ یەکەم جار بە پارتی یەکەم لە تورکیا هەڵبژێردرا.

لەو کاتەدا DYP بە سەرۆکایەتی تانسو چیلەر،ANAP بە سەرۆکایەتی مەسعود یەڵماز و FP بە سەرۆکایەتی ڕەجایی کوتان نوێنەرایەتی بەرەی ڕاستڕەوی ناوەندیان دەکرد.

ئەردۆغان لەگەڵ هاتنەدەرەوەی لە پارتی فەزیلەت (FPی میراتگرەوەی ڕەفا) زۆربەی زۆری دەنگەکانی ئەو پارتەی لەگەڵ خۆی دەرهێنا. مایەوە DYP و ANAP کە هەردووکیان لە ساڵانی نەوەتەکاندا بەشداری حکومەت بووبوون و شکستیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکە ژمارەی دەنگەکانی زۆر کەمکردبوونەوە.

لە ناوەندی ئەم بارەدا کە دەنگدەری ڕاستڕەوی تورکیا نەیدەزانی دەنگ بە کێ بدات، پارتی دادوگەشەپێدان دەرکەوت کە لە هەڵبژاردنەکەی 2002 دا زۆرینەی دەنگی ئەو 3 پارتەی بۆ خۆی برد. لە ئەنجامی ئەمەدا یەکەم هاوپەیمانی ڕاستڕەوەکانی تورکیا دەستپێکرد.

دواتر ئەم هاوپەیمانییە گەورەتر بوو، بەهێزتر بوو. ئەردۆغان کەسایەتییە ناسراوەکانی نێو ئەو پارتانەی گواستەوە ناو پارتەکەی خۆی و کۆی ڕێژەی 50%ی دەنگدەری ڕاستڕەوی بۆ خۆی قۆرخکرد.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، پارتە ڕاستڕەوەکانی دیکە ڕۆژ بە ڕۆژ بێهێزتر و بێدەنگتر دەبوون. بەو شێوەیە پارتەکەی ئەردۆغان بووە تەنیا پارتی ڕاستڕەوی ناوەند لە تورکیا کە دەنگدەرانی موحافزکار و ڕاستڕەو بتوانن دەنگی پێبدەن. ئێستا ئەگەر دەنگدەرێکی ڕاستڕەو بێزاریش بێت لەو پارتە و بیەوێت دەنگ بدات بە پارتێکی دیکە، هیچ پارتێکی ڕاستڕەو نییە دەنگی پێبدات.

بەو پێیەش کە دەنگدەری ڕاستڕەو دەنگ بە هیچ پارتێکی چەپ نادات، هەر کەسێک خەیاڵی ئەوە لێبدات لەم بارەی ئەمڕۆدا پارتی داد و گەشەپێدان بڕووخێنێ تەنیا ئاسنی سارد دەکوتێ. تەنیا ڕێگەیەک بۆ بێهێزکردنی AK PARTI دەرکەوتنی پارتێکی ڕاستڕەوەی ناوەندە کە بتوانێت ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو پارتە و دەنگدەرانی بۆ خۆی ڕابکێشێت. شتێکی لەم شێوەیەش هەتا ئێستا لە ئاسۆدا دیار نییە.

من چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی گەورە ناکەم لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ. AKP نزیکەی 45 بۆ 50%ی دەنگەکان دەهێنێتەوە، CHP 25 — 26% زیاتر ناهێنێ وMHP یش ناگاتە 14%.

گەورەترین سورپرایز لە پارتی دیموکراسی گەلان HDP چاوەڕێ دەکەم، پێموایە ئەگەری زۆرە ئەو پارتە بەشێک لە دەنگی هەموو پارتەکان بەرێت و بگاتە سەرووی 10%. ئەمەش لەلایەک پێشهاتێکی ئومێدبەخش دەبێت بۆ کورد لە تورکیا، لەلایەکی دیکەش ئاماژەیەک دەبێت بۆ ئەو پارتە کە ئەگەر لە چوارچێوەی چەپڕەوی دەرچێت و خۆی بگەیەنێتە ناوەند، دوور نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تورکیا ببنە بەشێک لە دەسەڵات.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# چارلی و چارلیی زیاتر

لەپاش هێرشەکانی 7ی ئەم مانگەی سەر گۆڤاری چارلی ئێبدۆ و مارکێتی کۆشێر لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، میدیای جیهانی بەردەوام ئەم بابەتەی کردووەتە سەردێڕی هەواڵەکانی لە هەفتەی ڕابردوودا. هەندێک لە هاوڕێ کوردەکانم سەرسامیی خۆیان لەو هەموو تەرکیزە لەسەر ئەو ڕووداوە دەردەبڕن، ئەگەرچی هێرشێکی تیرۆریستیش بووبێت کە 17 قوربانی لێکەوتەوە. ئەوان پرسیاری ئەوە دەکەن، گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش تا ئێستا چەند کەسی لە عێراق و سووریا کوشتووە؟ یان ئەو کوشتارە گەورەیەی لەسەر دەستی گرووپی بۆکۆ حەرامی سەر بە ئەلقاعیدە لە نەیجیریا لە هەمان ڕۆژدا کرا؟ هەندێکی دیکە بێزاربوون لە بیستنی بابەتی "تیرۆر لە دژی ئازادیی ڕادەربڕین"، ئەوان دەڵێن کاریکاتێرەکانی ئەو گۆڤارە فەرەنسیە سنوورەکانی پێکەوەژیان و شارستانیەتی بەزاندووە. توانج و ئیهانەکانی ئەو کاریکاتێرانە نوێنەرایەتی ئازادیی تاک ناکات و شارستانیەتی ڕۆژئاوا کۆتایی نایەت ئەگەر هەندێک کەس وازبهێنن لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووتی کەسایەتییە ئاینییەکان و بێڕێزی بە خەڵک.

یەکەم، پێویستە لەوە بگەین کە میدیا زیاتر تەرکیز دەخاتە سەر ئەو بابەتانەی خوێنەران و بینەرانیان پێی ئاشنان، ئەوەش بابەت و نێوەڕۆکی سادە لەخۆدەگرێت کە ئاسانن بۆ بڵاوکردنەوە. کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل نموونەیەکی پڕاوپڕە بۆ ئەم بابەتە. شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام دەکەونە ناوچەکانی ئیسرائیل و فەلەستینەوە، لەم جەنگەدا ئیسرائیل وەک ئەکتەرێکی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەردەکەوێت و فەلەستینیش وەک ئەکتەرێکی ڕۆژهەڵاتی و تیرۆریستێکی بەربەری. وەک شوێنێکی ئاسان بۆ میدیا، لە پاش واشنتن دی.سی، ئۆرشەلیم زۆرترین ژمارەی پەیامنێرە نێودەوڵەتیەکانی تێدایە. بۆیە کێشەی فەلەستین ئیسرائیل بەردەوام هەواڵی میدیاکانە. سەرکەوتنەکانی داعش لە عێراق و سووریا ئەوکاتە بووە جێی سەرنجی میدیاکان کە ئەو گرووپە دەستیان دایە سەربڕینی بارمتە ڕۆژئاواییەکان و بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەوانەش بابەتی ئاشنان و بەئاسانی خۆیان دەگەیەننە ڕووماڵەکانی میدیا.

بەپێچەوانەوە، ئەو جەنگانەی کە ئاڵۆز دەردەکەون و لە ناوچە دووردەستەکانن و زۆر ئاشنا نین بە خەڵک و میدیاکان ناتوانن بە ئاسانی دەستیان بگاتە ئەو ناوچانە، لە لاپەڕەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا زۆر بەکەمی دەبینرێن. لەساڵی 1998 وە زیاتر لە پێنج ملیۆن خەڵک لە کۆنگۆ کوژراون؟ کێ شەڕ لەگەڵ کێ دەکات و ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە و چ ڕۆژنامەنووسێک ژیانی دەخاتە مەترسییەوە تا هەندێک لە وێنە و بابەتی ئەو جەنگەمان بۆ بڵاوبکاتەوە؟ مافیاکانی مەکسیک کە بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، بە هەزاران لە یەکتری دەکوژن؟ کێ لایەنە باشەکەیە و کێ لایەنە خراپەکەیە و بۆچی دەبێت خوێنەرێک لە لەندەن یان ئیستانبوڵ گرنگی بەم بابەتە بدات و بیخوێنێتەوە؟ هەتا ئەو کاتەی نەکەوتنە شەڕ لەدژی داعشی بکوژی بارمتە ڕۆژئاواییەکان، هەروەک ئەو ڕووداوانەی دیکە، کوردیش بایەخی پێنەدرا لە بەشەکانی دیکەی جیهان. ڕەنگە ئەو جیاوازییە گەورەیە ناعادلانە بێت، بەڵام ئەوە واقیعێکە تێیدا دەژین.

هێرشەکەی سەر گۆڤاری چارلی ئێبدۆ هەموو ئەو خاڵانە دەپێکێت: شەڕی ڕۆژهەڵات لە دژی ڕۆژئاوا، تیرۆر لە ناوەڕاستی پاریس، ناسنامەی سیاسی، بێڕێزیی سەردەمی مۆدێرنیتە، عەلمانیەت لە دژی باوەڕ و تەقالید. بۆیە سەرئەنجام ئەم ڕووداوە دەبێتە سەنتەری گفتوگۆی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کەلتووری و ئەخلاقی و زانیاریدا. یەکێک لە لایەنەکانی ئەو ڕووداوە، ئەو سیاسی و بەرپرسانەن کە جەخت دەکەنەوە لەوەی هێرشبەرەکان سەربەخۆ ئەو کارەیان کردووە و نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن و تەنانەت ڕەتیانکردەوە بە ئیسلامیش ناویان بەرن. لایەنێکی دیکەی ئەو گفتوگۆیە، ئەو کەسانە بوون کە دەڵێن بەها ڕۆژئاواییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری لەژێر هەڕەشەی جیهادیەکاندایە، ئەمە جگە لەوەی هەندێک کەس وەک سەلمان ڕوشدی خۆیان شاردەوە.

وەک هەمیشە، ڕەنگە ڕاستیەکە لەنێوان ئەم دوو بیروڕایەدا بێت. ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە نەبوونایە کە خۆیان بە ئیسلامی ناودەبەن و بە ئەنقەست هاووڵاتیان دەکەنە ئامانج لە ڕۆژئاوا و شوێنەکانی وەک عێراق و سووریا، ئەوکات سیاسیەکان هەستیان بەو پێویستیە نەدەکرد کە دەبێت ئاماژە بەوە بکەن ئەم خەڵکانە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن. بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەموو کەسێک کە نوێنەرایەتی گرووپێک بکات یان نەیکات، دەتوانێ بانگەشەی ئەندامبوونی تێدا بکات. هەتا زیاتر خەڵک جۆرە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو ببینن زیاتر دەڕواننە ئەو کەسانە وەک نوێنەری ئەو گرووپە. ئەگەر ئەمڕۆ عەلمانیەکان و کەمینەکانی وڵاتە ئیسلامیەکان ڕووبەڕووی کێشەی لەوجۆرە نەبوونایەتەوە، ئەوا خەڵکانێکی کەم ئەو هەستەیان لادروست دەبوو کە هێرشبەرانی سەر گۆڤاری چارلی ئێبدۆ نوێنەری کۆمەڵگاکەیان دەکەن. بۆیە دەبێت دەسەڵاتدارانی وڵاتە ئیسلامییەکان پێداچوونەوە بە هەڵسوکەوتەکانیان بکەن لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمینەکانی وەک جولەکە و ئێزیدی و بەهایی و مەسیحی و بێ باوەڕەکان دەکەن. ئەگەر وا دەرنەکەوتایە کە موسڵمانان زۆر بەئاسانی هەڵدەچن و دەوروژێنرێن، ئەوکات خەڵک دەیانتوانی ئیسلام وەک ئاینێکی ئاشتیخواز و قبوڵکەر ببینن.

لەهەمانکاتدا، زۆرینەی موسڵمانانی جیهان بەتایبەت ئەوانەی لە ڕۆژئاوا دەژین، ئەو هێرشەی پاریس ئیدانە دەکەن. سەردەمی ڕۆشنگەری کاتێک دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر ئەوروپا بێدەنگ بێت لە ئاست شەیتانەکانی خۆی وەک ئەو شەیتانانەی کە لە شوێنەکانی وەک درێسدن هانی ئەوروپیەکان دەدەن بۆ جیاکاری لە دژی ئەو موسڵمانانەی بە ئاشتی لە ئەوروپا دەژین. ئەو بەرپرسە فەرەنسیانەی بەردەوام بوون لە ناوبردنی بکوژەکانی هەفتەی ڕابردوو بە (تیرۆریستی فەرەنسی) لەبری تیرۆریستی ئیسلامی، هەست و نیازیان لە جێگەی ڕاستدایە. هەروەها داواکاری بەرپرسانی ئەزهەر بۆ موسڵمانانی جیهان لە پشتگوێخستنی کاریکاتێرێکی دیکەی ئەم هەفتەیەی چارلی ئێبدۆ هەنگاوێکی گرنگە. بە هیوای ئەوەی ئەم هەنگاوانە ببنە هۆی ئەوەی میدیای جیهانی ڕووماڵی کەمتر بکات لەسەر ڕووداوی لەم جۆرە.



ناسر باباخانی

# دێموکراتیزەی دێموکرات

ڕەنگە گەرمترین باسی سیاسی ئەمڕۆکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی حیزبی دیموکرات بێ. پرسێک کە دەمێک ساڵە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا هەنووکە بەرۆکی گرتووە و وەک مۆتەکە سینگی لەسەر داکوتاوە و لەم ماوە زەمەنییەدا بەشێکی زۆری وزە و هێزی ئەم حیزبەی بەفیڕۆ داوە و بەردەوام لە بری خەباتی سیاسی سەرقاڵی لێکدابڕان و یەکگرتنەوە بووە! خۆ ئەگەر جودابوونەوەی ساڵانی 1980 و 1988 وەک (ئینشیعاب) واتە جودابوونەوەی بەشێک لە حیزبی دیموکرات نێودێر کرا و ئەو باڵانەی لەم دوو جودابوونەوەیە پەیدابوون بە "پەیڕەوی کۆنگرەی چوار" یان "لادەر" ناسێنران، ئەوا ساڵی 2006 داستانێکی تری هەبوو، لەبری "ئینشعاب"، "ئینشقاق" بە واتای لەتبوون ڕوویدا.

ڕەنگە لە دوو جودابوونەوەی ساڵانی 1980 و 1988دا زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەناعەتێک گەیشتبوون کە ئەوانەی لە حیزب جودابوونەوە لەڕاستیدا لە ڕێبازی حیزب لایانداوە، بەڵام لە دوایین دابڕاندا خەڵک ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە. هەربۆیە خەڵک تا ڕادەیەک ڕووی لە حیزب وەرگەڕاند و لە دیموکراتەکان تۆران. ئەگەر لە دوو جودابوونەوەکەی پێشوودا بەهۆی بوونی ڕێبەرێکی کاریزمایی وەک دکتۆر قاسملوو لەگەڵ باڵی سەرەکی، کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ خۆی هێشتەوە، ئەوا جاری سێیەم بۆشایی کاریزمایەک بە سانایی هەستی پێدەکرا. هەر بۆیە هیچ لایەک نەیتوانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی لەگەڵ بێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە دابڕانی ساڵانی 1980 و 1988 سەردەمێک بوو کە حیزبی دیموکرات وەک سەرەکیترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵات کوانووی شۆڕش بوو، حزووری لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرچاو بوو، هێزی پێشمەرگە لە شار دانەبڕابوو، جیلەکانی ئەوان سەردەمان بە تەواوی گۆشکراوی بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی بوون، بەڵام ئێستا ئەم فاکتۆرانە هەر نەماون، یان زۆر کاڵ بوونەتەوە، هەر بۆیە ناکرێ بە پێوەری ئەو کات بڕوانینە ئەمڕۆ. خۆ ئەگەر یەکەم دابڕان سێبەری خەستی ئایدیۆلۆژیکی پێوە دیار بوو و لە دووەم دابڕاندا سێبەری ئەم جیاوازییانە کاڵتر بووەوە، بەڵام لە لێکترازانی سێیەمدا هیچ گرفتێکی سیاسی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو! دەکرێ بڵێین ئەوەی کە بوو بە هۆکاری دابڕانی دوایی بەر لەهەموو شتێک کەڵک وەرنەگرتن بوو لە میکانیزمە دیموکراتیکییەکان بۆ چارەسەری گرفتە سەلیقەییەکان!

حەوجێ بە گوتن ناکا کە خەسارەکانی ئەم دابڕانە تا چەند زەرەری لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ڕیزەکانی خەبات لەناو شار و شاخدا هاوتەریب بکات. ئێستا کە شەپۆلێکی گەورە ساز بووە لە کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی هەردوو باڵی حیزب و بەتایبەتی سیما ناسراوەکانی گۆڕەپانی سیاسەت کە خوازیاری یەکگرتنەوەن، بۆ ئەوەی بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ، دەبێ ئیزنی ڕەخنەگرتن و تەنانەت دەربڕینی ڕای دژوازیش هەبێ لە هەرسێ قۆناغی بەر لە یەکگرتنەوە، لە کاتی دانوستاندنەکان بۆ یەکگرتنەوە و لەمانەش گرینگتر و چارەنووسسازتر قۆناغی پاش یەکگرتنەوە تا ئەم مژارە بە تەواوی خەسارناسی و تاوتوێ بکرێ. بەدەر لەمانەش کۆنترۆڵی ڕەوانی پرسەکە دەتوانێ لەبەرەو پێشبردنی ئیجابی بارودۆخەکە دەوری سەرەکی بگێڕێ. لە سەرجەم ئەم قۆناغانەی باسم لێوەکردن دەبێ دیموکراتەکان، دیموکرات بن بە مانای ڕاستەقینەی وشە.

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# ماهیر پێناکەنێت

« 17


**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو

**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





KOREK Telecom

## لەگەڵ EXTRA G لە کورەك...
## ڕێگەمەدە هیچ شتێك کۆتت بکات

### جیهانەکەت گەورە بکە،
### ئاسۆکانت فراوان بکە و تواناکانت دووهێند بکە


ئینتەرنێتی ئێجگار خێرا لەڕێگەی مۆبایلەکەت، پەیوەندی ڤیدیۆیی و داونلۆدکردنی داتاکان لەڕێگەی تەکنەلۆژیای Extra G لە کورەك.

| پاکێجەکان | ماوەی خزمەتگوزاری | نرخ | قەبارە |
|---|---|---|---|
| ئێکسترا پلەس | 30 ڕۆژ | 90,000 د.ع | 40 گیگابایت |
| ئێکسترا VIP | 30 ڕۆژ | 60,000 د.ع | 20 گیگابایت |
| ئێکسترا | 30 ڕۆژ | 40,000 د.ع | 10 گیگابایت |
| لاو | 30 ڕۆژ | 30,000 د.ع | 1 گیگابایت + شەوان بەخۆرایی (11ی شەو - 6ی بەیانی) |
| مانگانە | 30 ڕۆژ | 20,000 د.ع | 2 گیگابایت |
| هەفتانە - 1000 | 7 ڕۆژ | 10,000 د.ع | 1,000میگابایت |
| هەفتانە - 500 | 7 ڕۆژ | 5,000 د.ع | 500 میگابایت |
| بەکیلوبایت | 30 ڕۆژ | 0.60 د.ع/ کیلوبایت - لەکاتی تلەپو<br>0.24 د.ع/ کیلوبایت - بەدەر لەکاتی تلەپو | |

بۆ کاراکردنی یەکێك لە پاکێجەکان:
- پەیوەندی بکە بە #250* و ڕێنماییەکان پەیڕەو بکە.
- یاخود سەردانی "بژاردەکانم" بکە لەم لینکەی خوارەوە:
http://selfcare.korektel.com/

**بوێربە خەون ببینە**

korektel.com
411



SIDAR AGENCY
for advertisement and media production

RÛDAW

بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی رووداو
پەیوەندی بکە بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

